# کەشتی مەرگ

## ئەنتۆلۆژیای شیعری نوێی ژاپۆنی

و:عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

# کەشتی مەرگ

## پێشەکی و گفتوگۆ

سازدانی

**محەمەد عوزێمە**

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

**لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکی بۆ نوسیووە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**زەوارەتی رۆشنبیری و لاوان**
**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**
**xanecontact@yahoo.com**

ناوی کتێب: کەشتی مەرگ
بابەت: ئەنتۆلۆژیای شیعری ژاپۆنی (پێشەکی و گفتوگۆ)
هەڤپەیڤینی: محەمەد عوزێمە
وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: عەبدولوتەلێب عەبدوڵڵا
پیتچنین: نووسەر
هەڵەبڕی: خەندە عەلی عەباس
دیزاینی ناوەوە: تزار نوری
بەرگ: ئارام عەلی
چاپ: چاپی یەکەم
چاپخانە: روون
تیراژ: 500
ژمارەی سپاردن: (1080) ساڵی (2012)

یەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان
(سلێمانی- بەختیاری- نزیك یارگەی بەختیاری) تەلەفۆن:3190570

**ناوەڕۆك:**


- **پێشەکی وەرگێڕی کوردی**
- **پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی**
- **کۆرا – ڕۆمیکۆ**
- **گۆزۆ – یوشیماس**
- **تانیکاوە – شونتارۆ**
- **ریوسیە – هاسیگاوە**
- **تاجیرۆ – ئامساوە**
- **ئاکیا – یۆتاکا**
- **لە شیعری نوێی ژاپۆنی (چەند نموونەیەکی هەڵبژاردراو)**
- **هایکۆ (هەڵبژاردە)**
- **دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامادەکاری کەشتی مەرگ**

# بۆشایی و بۆشایی بوون
# تێڕوانینی ژاپۆنیەکان بۆ ژیان

ئەو کەسەی لەتەك دەمکردنەوەدا شتەکان دەدرکێنێ، مرۆۋ نییە، هەنارە.
"پەندێکی ژاپۆنی"

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا**

مرۆڤی ژاپۆنی خوازیاری سادەییە، بۆیە کاتێك قسە لە سروشت دەکات، بەو زمانە نادوێ کە لە ململانێی مرۆۋ و سروشتەوە هەڵقولاوە، بەڵکو بە زمانی هونەرمەندێکی عاشق هەتا مردن دێتە گۆ، بە زمانێك کە بوونی خۆی لە بۆشاییدا هەڵدەگرێتەوە. بەمجۆرە مرۆڤی ژاپۆنی دەست لە نەرمی و زبری سروشت دەدات، وەك ئەوەی لە پرسەکانی بوونی خۆی رابمێنێ، بەمجۆرە چاو لە سروشت دەبڕێ، وەك ئەوەی شەیدایی تا ترۆپکی هەست درێژبکاتەوە. ژاپۆنییەکان سروشت بە پەرستراوی خۆیان دەزانن، بۆیە بەرانبەر زەمزەمەی با، جولەی قامیشەلان، تاڤگە زیوینەکان و نهێنیە سەرسوڕهێنەرەکانی سروشت سەرسام وەستاون. سروشت لای ژاپۆنییەکان تیشکۆی ژیانێکی هەتا هەتایە و کرانەوەیەکی بێ سنورە بەرانبەر بۆشایی و نادیار.

(داریوش شایگان) دەڵێ: مرۆڤی ژاپۆنی هەمیشە سەرقاڵی بابەتی تایبەت و بەرهەست و روخساری کۆنکریتی پرسەکان بووە، چێژێکی لە رادەبەدەری شاعیرانەیان هەیە، چێژێك کە تێکەڵ بە تێڕوانینی وێنەییانە دەبێ... بەو مانایەش بیرکردنەوەی

ژاپۆنی لەگەڵ چێژی هونەری ئاوێتەی یەکترین و ناکرێ ئەو دووانە لە یەکتر جیابکرێنەوە.*

هەر لە کۆنەوە ئاییني فەرمی نەتەوەی ژاپۆن، ئاییني (شینتۆ- واتە ڕێگەی خودایان)ە، بنچینەی ئەو ئایینەش پاکژییە.. نغرۆبوونە لەتەك سروشت، بەڵام لە تەك ڕۆح و خودایان جگە لە پاکژی جەستە، پاکژی دڵیش گرنگە. خوداکان (واتە کامی) وەك ڕۆح، بە غەیب و نەزانراو سەیر دەکرێ. ئەفسانەی ئەو خودایانە بە زانستی ڕەچەلەك و ڕێگای پێشینیانەوە بەندە (لەبەر هەندێ هەموو ژاپۆنییەکان خۆیان بە خانەدانێك دەزانن و پێشینانیشیان هەر یەکێکن، لەسەر ئەو بنەمایەش لە ژاپۆن دەوڵەت بریتییە لە کۆبوونەوەی خێزانەکان). ئاییني شینتۆیی لە سەرەتادا جۆرە ئاینێکی سروشتی بووە، واتە ڕۆحی با، بروسکە، ئاگر، مانگ، ڕووبار، دەرخت، کێو... هەموو ئەوانە لای ژاپۆنییەکان بە خواوەند ناوبراون. بە گوێرەی ئەو ئایینە هەموو بوونەوەریکی سروشتی هیمای ڕۆحێکی نادیارە، واتە خواوەندەکان لە ژمارە نایەن، ئەوەش بە ڕۆحی باوباپیرانیانەوە گرێ دەدەن، بۆیە خواوەند لە ئاییني شینتۆیی دیاریکراو و بەرجەستە نییە. ئەو ئایینە پێچەوانەی هەموو ئایینەکانی دیکە نە دامەزرێنەری هەیە و نە بیروباوەڕێك کە پەیڕەوی بکرێ. ئەو ئایینە هەر لە ڕێگەی

---

* داریوش شایگان، ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شۆڕش جوانڕۆیی و مامەند ڕۆژە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چ1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی. ل236، 237.

کۆمەڵێك دابونەریتی باوانەوە ممارەسە دەکرێت. دواتر لە سەدەی هەشتەم ئەو ئایینە لە ئایینی (بودا–ی ئایینی چینیەکان) نزیك دەبێتەوە و لە سەدەی هەڤدە ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئەو دووانە بە فەرمی بە ئایینی (ریۆبۆشینتۆ) دەناسرێت. ئایینی بودای کاریگەری لەسەر تێکڕایی کاروباری ژیانی ژاپۆنییەکان داناوە، زەمینەیەکی هاوبەش کە هەموو هونەرەکان تەنانەت هونەرە جەنگیەکانیشی تێدا پەروەردە کراون، ئەو ئایینە بە تایبەتی تیرەی (زن–zn) هێندە لە تەك رۆحی خۆڕاگری ژاپۆنیان تێکەڵ بوو، کە وەك بەشێکی جیانەکراوە سەیر دەکرێ. لێرەدا ئەو چێژەی شایگان ناوی دەبات راستەوخۆ بە جوانییەوە بەندە، دەرککردنی جوانیش بە لێوردبوونەوەوە دەلکێ، لێوردبوونەوەش مانای وشەی (زن) دەگەیەنێت، وشەی زن وەك چەمك لەسەر چاودێریکردنی خود بە شێوەیەکی زۆر تووند وەستاوە. حەکیمی زن دەڵێ: خۆت بەبێ هیچ ناوەندیارێك بناسە، تاکو لەوێوە لە سروشتی خۆت بگەیت.

زن تیرەیەکی بوزیین، ئەوانەی پەیڕەوی ئەو فیکرەیە دەکەن بە دانیشتن ممارەسەی لێوردبوونەوە دەکەن، یان بە مانایەکی دیکە لە بۆشایی شتەکان ورد دەبنەوە. ئامانجی ئایینی زن پرەنسیبی ئیشراق و بێداری بوو کە دۆخی "بێزەیینی" ئامانجی راستەوخۆیەتی، واتە هاوئاهەنگی و پێکەوەگونجاندنی تەواو لە تەك جیهان، یان رزگارکردنی مرۆڤ لەو ناکۆکیانەی کە لە دیاردەکانی ژیانەوە واتە مەرگ و زیندەگی، خێر و شەڕ، بوون و

نەبوون.. سەرچاوەی گرتووە. لە زندا فیکرەی بۆشایی کە دەشێ بە دۆخی بێزیینی دابنێین، دەکەوێتە بەرانبەر فیکرەی پەشیمانی لە مەسیحییەتدا، بەلاّم لە بوزییەت هیچ شتێ بە وشە دەرنابڕدرێت، بە لێخوردبوونەوە نەبێ.

کردەی (دیتن) یان خەونبینی کردەیەکە، جەوهەری بوزییەت پێکدەهێنێ. ئەو کردەیە واتە ئەزموونی هاوژیانی و لەگەڵ ژیان، بەلاّم بەبێ ئەویدیکە، ئەوەش بەرانبەر کردەی نوێژکردنی مەسیحیانەیە و بە چوونە نێو بۆشایی شتەکانەوە بەندە. (لێرەدا هاوژیانی بەبێ ئەویدیکە، واتە چوونە نێو بۆشایی بوونی شتەکان. ع) لەوێشەوە بە نوێژەوە دەلکێ هەتا لە رێگەی پەشیمانبوونەوە، خوا زاڵ بێت. (هیدیو کۆبایاشی) دەڵێ: خەونبینی یان کردەی دیتن چەمکێکە پێویستی بە سەلماندن نییە و نابێ لە ئەزموونی هاوژیانی دوور بێ یان کردەی دیتن و نوێژکردن.[1] ئەو فیکرەیەش لەوێوە پێویستی بە سەلماندن نییە، چونکە بە نابەردەوامیەتی شتەکان و بۆشاییەکانەوە بەندە. یان بە مانایەکی دیکە بە دۆخی بێزەیینیەوە پەیوەستە.

لەبارەی فیکرەی بۆشایی (شاکامۆنی) دەڵێ: بۆشایی ئەو کاتە دێتە دیتن کە بە یاسای نەبوونی خود دەگەین، (هەڵبەتە لەو حاڵەتە دۆخی بێزەیینی بە تەواوی دەردەکەوێ. ع) ئەوسا لە شتەکان ورد دەبینەوە. لەبارەی فیکرەی نابەردەوامیش

---

[1] هیدیو کۆبایاشی، طريقة نظري الى الحياة، ترجمة و تقديم، محمد عضيمة، ديمشق، ط1 2009، ص 32

نابەردەوامی بە ئازاری نیشتەجێی نێو هەموو شتەکان ناوزەد دەکات، لای ئەو نابەردەوامی و ئازار هەمان شتن، واتە یەك شتن. هەڵبەتە ئەو مەسەلەیە دەکەوێتە نێوان دوو ڕێکخستنەوە، یەکەم: ڕێکخستنی سروشتی. دووەم: ڕێکخستنی بەهایی. کاتێك هاوپێویستیەك دەکەوێتە نێوانیانەوە ئەوە هەست بە بەختەوەری دەکەین، بەڵام بە پێچەوانەوە هەست بە ئازار دەکەین.[‡] ئەو فیکرەیە لە قەسیدەی شاعیراندا ڕەنگیداوەتەوە. بەدیوەکەی دیکەش وەك دەزانین فیکرەی بێزەیینی لە شیعری هەڤدە بڕگەیی (هایکۆ)ییدا زۆر بە جوانی دیارە. هایکۆ کورتبوونەوەیەکی لە ڕادەبەدەرە و قاڵبە باوەکانی زەین تێکدەشکێنێ.. هایکۆ بە ئیشراقی بروسکەئاسا لێکدەدرێتەوە..

زۆربەی شاعیران پشت بە پرەنسیبی ئیشراقی بروسکەئاسا- بێزەیینی (یان بۆشایی بوونی شتەکان) و ئاوازی مەعنەوی (واتە هەستی خۆڕاگری) دەبەستن. ئاوازی مەعنەوی، ئاوازێکە لە ڕۆحی ژاپۆنیاندایە. بەڵام کاتێك هەر دەبێ ئەو بۆشییە ببینرێ، ئەوە دەبێ خۆمان بخەینە بۆشاییەوە، دەبێ بۆشاییەکی تایبەت بە خۆمان، بۆشاییەکی دەستلێدراو درووست بکەین. ئەو بۆشاییە، یان هەبوونی کەشی بەتاڵ زۆر بە جوانی لە هونەری تەلارسازی و بێدەنگبوون لە گفتوگۆی ژاپۆنیدا بەرچاو دەکەوێت.. وەك چۆن لەبارەی بۆشاییەوە (سایگیۆ)ی شاعیر دەڵێ: گوڵەکان لە خەونمدا، لە بای بەهار پەرت و بڵاو دەبنەوە و

‡ ه.س.پ. ل41.

دەفڕن، کاتێ وەئاگا دێمەوە، دڵم هەر شپرزەیە. ئەو شیعرە دەلالەت لەوە دەکات کە شتەکان لە بۆشاییەوە لەدایك دەبن.[*]

لە فیکری ژاپۆنیدا "بۆشایی/بێزەیینی" ڕێڕەوێك نییە بۆ چارەسەکردنی شتەکان، بەڵکو دەبێ دوای بۆشایی بکەوین، هەتا دەرك بە حەقیقەتی بوونی شتەکان بکەین.[**] هەڵبەتە لە پاڵ دەستەواژەی بۆشایی بۆش، بۆشایی بۆشاییەکان، بۆشایی مەزن، بۆشایی بەرز... هتد (هانیا–کیوو) بڕوای بە بۆشایی حەقیقی هەیە، ئەو بۆشاییەش پڕبوونێکە، هەوەس لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەو پێیوایە دەبێ ئەو بۆشاییە لەسەر تۆڕی دڵمان، کە بۆخۆی بۆشایی هەستە جیاواز و راگوزارەکانە لەوپەڕی خۆشیدا بنووسینەوە.

وەك دەردەکەوێ ژاپۆنییەکان لە مەیلی بچووککردنەوەی شتەکاندان، دەیانەوێ هەموو شتێ جوان و وردیلە بنەخشێنن. هەموو ئەوانەش لە نیگار و میناتۆر و شیعری ژاپۆنیدا بە جوانی دەردەکەوێ.. دەشێ بڵێین لە پشت ئەو جۆرە لە تەماشاکردن، ئیشراقی بروسکەئاسا و ئاوازی مەعنەویی وەستاوە. ئەگەر ئیشراقی بروسکەئاسا راستەوخۆ پەیوەندی بە بێزەنییەوە هەبێ، ئەوە ئاوازی مەعنەوی پەیوەندی بە هەستی خۆڕاگری مرۆڤی ژاپۆنییەوە هەیە. یەکەمیان پەیوەندی بە سروشتی کەم ئاخاوتنی ژاپۆنییەکان و بێدەنگبوون و کورتبڕی و کەشی بەتاڵەوە هەیە.

---

[*] هـ.س.پ.ل 43.

[**] هـ.س.پ. ل46.

دووەم بـــە ســـادەیی پەیوەندییـــە کۆمەڵایـــەتی و نەتـــەوەیی و هاوخوێنییەوە.
لـە یەکەمیانـدا زەیـن لـە جیهـان دادەبـڕێ، بێزەییـنـی دێتـە ئاراوە، ئـەوەش چـەمکی (سوارچـاکی-سـامۆڕایی)مـان بـیر دەخاتـەوە. سامۆڕایی واتە ئامادەیی بۆ مـەرگێکی جوامێرانـە، واتـە پـالاوتنی زەیـن و پاکبوونـەوەی دەروون. بـە مانایـەکی دیکـە سـامۆڕایی بـە رۆحێکـی خۆڕاگرەوە پێشـوازی لـە بۆشـایی و بێزەییـنـی دەکـات. سـامۆڕایی پێشـوازیکردنە لـە پووچـی و بـە مـەرگی بـێ خەفـەت ناسـراوە، واتـە نێرڤانـا.. مـەرگێك لـە زەبونییـەوە نەیـەت، بـەڵکو میوەی گەیشتووی ژیان بێت.[††]
کەواتە وەك (ل.هیکیین) دەڵێ: هەر تـەنها لـەخۆباییبوو نابـەردەوام نییـە، بەڵکو لەخۆباییـنـەبووش هـەرگیز نـاتوانێ تـا زەمـەنێکی زۆر بـەردەوام بـێ. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەش شـاکامۆنی دوور لـە هەڵچوونی سۆزئامێز، فیکرەی پووچـی ژیـانی مرۆیـی دەوروژێنـێ و پێیوایە هەموو کارە مرۆییـەکان، هـەموو هەسـتە مرۆییـەکان هـەر لـە بـەختیاری و دڵخۆشـی و تـووڕەیی و خـەم و چێـژ، هـەموو ئـەو داوەرییانـەی بـە بەڵگـەی تایبەتییـەوە مـرۆڤ لـە بـارەی هەنووکـە و گـوزەراو دایدەمـەزرێنێ، هـەموویان لـە نێـوان هـۆ و ئـەنجام بـەرەو پەیوەسـتبوونێکی نامرۆییانـەمان دەبـەن، پێمانـدەڵێن و لەسـەرمان فەرز دەکەن کە بوونی ئەم رەگەزە، ئاماژەیە بۆ بـوونی ئـەو رەگـەزی دیکە، دیار نەبوونی ئەم رەگەزە هۆکەی دیارنـەبوونی ئەویدیکەیە.

[††] ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوادا، ه.س.پ. ل248.

خـودی ئـەو بیرکردنەوەیـەی کـە پێیوایـە یاسـای هـۆ و ئـەنجام حەقیقییـە، جگـە لـە ساتەوەختی پەیوەستبوون بـە هـۆ و ئـەنجام شـتێکی دیکـە نییـە و بوونـەوەریش لـە خـودی خۆیـدا هـیچ جەوهـەرێکی نییـە. هـەموو شـتێ بۆشـە، ژیـانی مرۆیـی جگـە لـە خەونێکی بەهاری چیدی نییە، یاسای هۆ و ئامانج کە شانەی ئەو خەونە پێکدەهێنن جگە لە خەونێکی دیکە هیچی دی نییە. لەسەر ئەو نیگا تیژەوە شاکامۆنی ئازادی لە جولەدا دابین دەکات. واتـە لـە رۆحـی رەتکردنـەوەدا، چـونکە جێگیربـوون داوای رەتکردنـەوە دەکات و رەتکردنـەوەش جێگیربـوون، ئـەو جولەیـەش بـێ کۆتـایی فیکر دەنوێنێ.[1]

---

[1] طريقة نظري الى الحياة، ص36.

# شیعری ژاپۆنی
# واقیع و بەرەنگاربوونەوە

محەمەد عوزێمە[§§]

## 4516 قەسیدەی ماکۆتۆ-ئۆکا

شیعری (ژاپۆنی-یابانی) تۆمارکراو خاوەن مێژوویییەکی دوورودرێژی زێتر لە سێنزە سەدەیە، کارە شیعرییەکانی یەکەمین شاعیری ژاپۆنی (کاکی نۆمۆتۆ هیتۆمارۆ) بۆ دوایین دوو دەیەی سەدەی حەڤدەی زایینی دەگەڕێتەوە.
دەتوانین کاری ئەو شاعیرەو کاری شاعیرانی دیکەی ناسراو و نەناسراو لە کتێبی (مانیۆشۆ) واتە (دیوانی هەزار لاپەڕە)دا بدۆزینەوە، ئەو دیوانە لە کۆمەڵێك هەڵبژاردە پێکهاتووە، کە (4516) قەسیدە لەخۆ دەگرێت و هەتا ئێستاش دەخوێندرێتەوەو دراسەی لەبارەوە دەکرێت. هەموو ساڵێك نزیکەی دوانزدە کتێبی گرنگ وەك راڤەکردن و لێکدانەوەو بەدواداچوون لەو بارەوە دەخرێتەڕوو و هەندێك لەو کتێبانەش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر فرۆشیان هەیە. ئایا چەند وڵاتی دیکە دەدۆزیتەوە کە بەر لە هەزار ساڵ دارشتنی شیعری تێدا پێگەییوو بێت و هەتا ئێستاش بابەتی لێکۆڵینەوەی زۆر تایبەتیان لەبارەوە بکرێت و هەتا هەنووکەش خەڵك لە هەموو

[§§] شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی بە توانای سوری و شارەزا لە ئەدەبی ژاپۆنی..

ناوەندەکانـدا بـە سـۆز و خرۆشـەوە بیخوێننـەوە؟ بێگومـان ئـەو دیاردەیە فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی ڕۆشنبیریی ژاپۆنی.

ئەمڕۆ ژاپۆن لە هـەموو جۆر و فۆڕمـەکانی نێوان کۆن و نویٚ، جا چ لـە هونـەر و سیاسـەت بـیٚ، یـان لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایـەتی، کۆمەڵێك بەرژەوەندی مەزنی بۆخۆی وەدیهێناوە. بەڵام بۆ نموونە کاتێـك کۆمپانیایـەکی ئـەلکترۆنی گـەورە لەوپـەڕی پێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیدا بڕیار لەسەر درووسـتکردنی کارگەیەکی نویٚ دەدات، ئەوە کەشیشێکی شنتۆی (واتە سەر بەئاییـنی شـنتۆ کـە کـۆنترین ئاییـنی ژاپۆنییەکانـە و خانـەوادەی ئیمپراتـۆری ژاپـۆنی سـەر بـەو ئایینـەن) بـۆ تـەدارەکی دانـانی بـەردی بناغـەی ئـەو کارگەیـە و بـیٚ خەوشـــکردنی ئـــەو شـــوێنە ســـروود و دەســـتەواژەی ســـیحری بەسـەردادەڵیٚ. ئـەو تەجاوزکردنـە هاوشـێوە کـۆن و نوێیـە، لـەزۆر بواری ژیانی باوی ژاپۆنییەکاندا دەبینرێت، نەك هەر هێنـدە بـەڵکو ئەوەنـدە زۆرە ژاپۆنیـەکان بـۆ خۆیـان هێنـدە خوازیـاری نـین. بـەڵام خانـــەوادەی ئیمپراتـــۆر بۆخـــۆی لەپشـــت چـــینی کەشیشـــە هوشـیارەکانەوەیە، ئەوانـــەی کـــە ســـەر بـــە پایەیـــەکی بـــەرزن و سـەرۆکایەتی بۆنـە نیشـتمانیەکان دەکـەن. کەواتـە ئەگەرچـی ئـەو جـۆرە تەقسـانە بەشـێوەیەکی بەرچـاو دووبـارە دەکرێنـەوە کەچـی هـەتا ئێســتاش دەربــاری ئیمپراتــۆر زۆر بەباشــی دەیپــارێزن و بەردەوامیش چاوی پێداخشێننەوە.

لەراسـتیدا مێـژووی وەرکـا (کـۆنترین شـیعری ژاپـۆنی) لـەمیانی سەدەکاندا بە فۆڕمی بنەڕەتی شیعری دەربار ناسراوە و ناشیٚ لـە

مێـژووی زنجـیرە هەڵبـژاردە جوانـەکانی دەربـار جیـای بکەینـەوە: هەڵبــژاردەی جــۆراو جۆریــان هەیــە و هــەر یەکــەیان ماوەیــەکی دیـاریکراو بـە نـاوی ئیمپراتۆرێـك نـاونراوە: هەڵبـژاردەی یەکـەمی ئیمپراتـۆری، ناونیشـانی کۆکینشـۆ (واتـە: دیـوانی کـۆن و نـویێ)ی هەڵگرتووە و هـەتا سـاڵی (905) ی زایینـی لـەخۆدا کۆکردۆتـەوە. لە پێنج سەدەکانی دواتردا بیسـت هەڵبـژاردەی دیکـە دەردەکـەون، هـەموو ئەوانـەش _چ هەڵبـژاردەکانی یەکـەم و ئەوانیدیکـەی سـاڵی 1206 بە ناونیشانی: شینکۆ کینشۆ، واتـە دیـوانی نـوێی کـۆن و تـازە_ بـە پلەیـەکی بـەرزی روونـی و چـێژ گەیشـتوون، وەك چـۆن هەمووشــیان هــەتا ئێســتا کاریگــەرییان بەســەر رۆشــنبیریی ژاپۆنییەوە هەیە.

بەڵام ئیتر تەقلیدی دەربار وەکو هەموو تەقلیـدەکانی دیکـە کۆتـایی پێهــات و پتــەوی و رەســەنی خــۆی ونکــرد، کــاتێکیش ژاپــۆن لەرێگەی خۆرئاوەوە هەنگاوی بەپەلەی خۆی دەستپێکرد، واتـە لـە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست ئەوە "واکا" کە بەشێوەیەکی گشـتی پێیـدەڵێن "تانکـا" یـان قەسـیدەی کـورت، ئـەویش بۆخـۆی دووچاری گۆڕانکاری خێرا و ریشەیی بۆوە: ئیتر دنیای دەربـار بـۆ هەتا هەتا کۆتایی پێهات، و خەڵکی ئاسایی لـەدووتوێی فـۆڕمێکی تـەواو نـوێ، فیکـر و هەسـتە نوێیـەکانی خۆیـان خسـتەگەڕ. راسـتە فۆڕمی تانکا شوێنی خۆی جێنەهێشـت، نـوێ کرایـەوە، بـەڵام هـەر لەو قەیرانەشەوە رینسانس سەری هەڵدا.

## ملیۆنێك شاعیر

بەڕاستی وا جوانە دارشتەیەك لە تانكا پێشكەش بكەم، كە ژمارەیەك لە گەورەترین شاعیرانی نوێگەری ژاپۆنی بەشێوەیەكی زیاد لەپێویست جوان و دەوڵەمەند لە تەعبیركردن نووسیوویانە. شەعبیەتی ئەو فۆڕمە شیعرییە رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندایە. ئەمڕۆ بەلای كەمی نزیكەی ملیۆنێك ژاپۆنی ممارەسەی ئەو فۆڕمە شیعرییە دەكەن. كورتی تانكا وای كردووە بەشێوەیەكی تایبەت لەگەڵ بار و هەڵچوونە كتوپڕ و خێراكان و هەڵچوونەكانی ژیانی رۆژانە بگونجێ. زیندوویێتی و نوێیی تانكا بەردەوامی خوێنەران و شاعیرانی ژاپۆنی و شەیدایی و خۆشەویستی ئەوان بۆ هەڵبژاردە كۆنەكان دەخاتە روو.

## عاشقانی بێدەنگی

شیعری تانكای كلاسیكی تەنها لە (31) پارچەی دەنگی پێكدێ و لەسەر پێنج یەكەی ریتمی یان كۆمەڵە بەیت (5-7-5-7-7) رێكدەخرێت. هەروەها تانكا شێوەیەكی دیكەی كورتتریش هەیە و ناوی "هایكا"یەو ئەمڕۆكە بە "هایكۆ" ناوی دەبرێت. لەسەدەی ناوەڕاستدا سێ بەیتەكانی یەكەم لە تانكا شێوەیەكی سەربەخۆی هەبوو، لە 17 پارچەی دەنگی بەسەر (5-7-5) دابەش دەكران. قەسیدەكانی هایكۆ لەبنەڕەتدا لەنێوەوە بەیەكەوە لكاون و بەدوای یەكدا دێن، بەڵام لە كۆتایی سەدەی نۆزدە وەك تانكای لێهات و بووە بابەتی تاقیكردنەوە و كۆمەڵێك گۆڕانی بەسەر هات و بووە

شـــوێنگەی ئیلـــهامی خۆرئـــاوایی و دواتـــر وەك قەســـیدەگەلی سەربەخۆ و خێرائامێز کەوتەوە. ئەوە هەڵسانەوەی شیعری هـایکۆ بـوو، وای کـرد ئەمڕۆکـە ئـەو فۆڕمـە شـیعرییە وەك تانکـای نـویٚ شـــەعبی بکەوێتـــەوە، وەك چـــۆن بـــەهۆی کورتییـــەوە ســـەرنجی زۆرانێـك بـەلای خۆیـدا کـێش دەکـات، ئـەوەش وای کـردووە زێـتر بەلای ئامارژەدا بڕوا، نەك تەعبیرکردن.

## خوازیارانی هایکۆ خوازیارانی بێدەنگی

بـۆ ئـەوەی خوێنـەرانی بێگانـە فیکرەیـەکیان لـەبارەی ئـەو فۆڕمـە تەقلیدییەوە هەبیٚ، دەمەویٚ ئامارژە بە قەسیدەی تانکا و قەسـیدەی هـایکۆی شـاعیر (ماسـا ئۆکـا-شـیکی 1867-1902) بکـەم، کـە ئەگەرچـی لەتەمـەنی 53 سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووە، بـەڵام رۆڵێکـی یەکلاکـەرەوەی لەتازەکردنـەوەی هـەردوو جـۆر لەشـیعر گێـڕاوە، بۆچـوونەکانی سروشبەخشـن و خـودی قەسیدەکانیشـی بەشدارییەکی فەردی گرنگیان لە گۆڕینی شـیعری ژاپۆنیـدا هەیـە. ئەگەرچـی دوای دووچـاربوونی بـە نەخۆشـی (سـیلی دڕکـە پـەت) شەش ساڵ بەر لەمردنی لەسـەر جێگـە کـەوت، بەڵام بەشێوەیەکی درووسـت پارێزگـاری لـە وزەی ئیبـداعی خـۆی دەکـرد و جگـە لـە تانکـا و هـایکۆ سەرگوزشـتەی دوا سـاڵەکانی ژیـانی خۆیشـی نووسـییەوە، کـە بەیـەکێك لـە کـارە گرنگـەکانی پەخشـانی نـوێی ژاپۆنی دەناسرێت.

ڕۆژێکی زستان، کە "شیکی" گوێی لە خەڵك بوو هاوارییان دەکرد بەفر دەبارێ و ئاسمان دیمەنێکی دەگمەنی هەیە، کاتێ نەیتووانی لەسەر جێگەکەی ڕاست بێتەوە و بێتە دەرەوەو خۆشی لەو دیمەنە وەرگرێ، ئەو هایکۆیەی نووسی:

دووبارە و بۆ هەمیشە

دەپرسم

بەفر چەند بارییووە

بەگشتی لە قەسیدەی هایکۆدا هەستی کەسی شاعیر ئەوەندە قابیلی تەعبیرکردن نییە. بەڵکو ئەوەی هەیە حاڵەتی شاعیرەکەیە، بۆیە خوێنەری ژاپۆنی لە ناخی ئەو قەسیدە چڕوپڕ و خۆتێهەڵقوڵتێنە و لە قوڵایی نائومێدی و ئارەزووە زۆر بەهێزەکەی شاعیر دەگات، کە دەبینێ بەفر دەبارێ، هەروەها خوێنەر لەو بەفرە چێژ وەردەگرێ کە دڵی شیکی شەیدا و داگیر کردووە.

لە ڕۆژێکی دیکەدا شیکی لەسەر جێگەوە لە باخچە بچووکەکەیەوە دەرکەوتنی گوڵەکانی هاوین دەبینێ: ئەگەرچی مەرگی لێوە نزیکە کەچی دە قەسیدەی تانکا لەپێناو ئەو گوڵانەوە دەنووسێ وەك ئەوەی رووخسەت لە هەریەکەیان وەرگرێ. ئەوەش قەسیدەیەکەیەتی:

گوڵی سوسەن

دەم دەکاتەوە

دواین بەهاری ژیانیشم

لە کۆتایی

**نزیك دەبێتەوە**

**قەسیدەی تانکا بەهۆی شێوەکەی کە تۆزێ لە شێوەی قەسیدەی هایکۆ بەرفرەوانترە رێگە بەشاعیر دەدا کە تەعبیر لە هەستێك، یان وەسفی هەستێك لە هەستەکانی خۆی بکات. قەسیدەی تانکا بەپلەی یەکەم لیریکییە.... لەو قەسیدەیەی شیکی: دەمکردنەوەی گوڵێکی بچووك لە باخچەی شاعیر لەگەڵ هەستکردن بەوەی مەرگ نزیك بۆتەوە ئایرۆنییەتێك درووست دەکات. خۆشەویستی بۆ گوڵ وا دەکات ژیان لەدیدی ئەودا بەنرختر بکەوێتەوە.**

**دەرکەوتنی شیعری ئازاد**

**لە کۆتایی سەدەی نۆزدە کۆمەڵێك تیۆر خۆی بە ژاپۆندا کرد، لەوانەش دەرکەوتنی فۆڕمی نوێی شیعریی کە هیچ پەیوەندییەکی بە تانکا و هایکۆوە نەبوو، بەڵکو وەك زمان بەتەواوی شیعری ئازاد بوو. ئەو کات ژمارەیەك لە شاعیران ئەوانەی کە بایەخی خۆیان هەبوو قسەیان لە کۆمەڵێك شت و بابەتگەلێك دەکرد، کە لە فۆڕمە تەقلیدییە کورتەکەدا (واتە لەنێو هایکاو هایکۆدا) شوێنیان نەدەبۆوە. یەکەم کاری سیستەمی نوێ – سیستەمی میجی– دوای ئەوەی خەنەوادەی حاکم –شوکون تۆکۆ گاوا– کە بۆ ماوەی دوو سەدە فەرمانیان گێڕا و لەساڵی 1868 فەرمانڕەواییان لەدەست دا، دانانی سنوری کۆتایی بوو، بۆ ئەو دەرگا داخستنەی ژاپۆن، کە هەر لەساڵی 1635 بەڕووی دەرەوە داخراو بووە، بەڵام فەرمانڕوایانی تازە نیگەران بوون لەوەی وڵاتە ئەوروپی و نەتەوە**

یەکگرتووەکان و رووسیا بۆ بەرفرەوانبوونی خۆیان بەرنامەیەکی بەپەلە بۆ بەخۆرئاوابوونی ژاپۆن بەجێبهێنن (واتە ژاپۆن بکەنە خۆرئاوایی)... ژاپۆن بێتە یەکێك لە ژێر چەپۆکەکانی هێزی خۆرئاوا. کەچی چارەنووس، ژاپۆنی بەرەو ئەوە برد کە بۆخۆی هەوڵبدا بگاتە خۆرئاوا، بگاتە سیستەمێکی بێگاری وەك هەر سیستەمێکی دیکەی ئەوسای ئەوروپا. بەمجۆرە ژاپۆن لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست تێکەڵەیەکی بەگڕ بوو لە لاسایکردنەوەی بەپەلەی فۆڕمەکانی خۆرئاوا و نیشتمانپەروەری کۆنەپەرست (کە گەیشتە ئاستی داگیرکەری هەرێمەکانی دەوروبەری ئاسیا).

شیعریش هەروەها لەنێوان شەپۆلی جۆراوجۆر خۆی دەنواند، بەڵام شیعری ئازاد بەرگری لە هەموو ئەوانە دەکرد: چەندە تەرجەمەکردنی شاعیرانی خۆرئاوایی وەك چەندایەتی و چۆنایەتی لە زیادبووندابوو، ئەوەندەش شیعری گەنجەکان زیاد دەبوو و شیعری ئازاد بونیاد دەنرا، هەروەها جەماوەری ئەو دواییەی شیعری ئازادیش بەرە بەرە زیادی دەکرد، چونکە هایکۆ و تانکا نەیاندەتوانی پێویستیەکانیان پڕ بکەنەوە. بەمجۆرە نەوەی یەکەم رێگەیەکی لە بەرانبەر نەوەی نوێی شیعری کۆتایی شەستەکان فەراهەم کرد، بەڵام دەبێ جیاوازی لەنێوان داڕشتنی شیعری ئازادی پێش جەنگی 1945 و دوای ئەو جەنگە بکەین.

هەرەسی لەشکری ژاپۆن لە شەڕی 1945 رەنگدانەوەیەکی بەرفرەوانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییدا

هەبوو. شیعری ژاپۆنی پێش جەنگ، بەشێوەیەکی ریشەیی لەگەڵ دوای جەنگ جیاواز بوو. شیعری ئازاد لەنێوان ساڵانی 1945 و 1960 بە "شیعری دوای جەنگ" ناودەبرا، بەڵام ئەگەر سەیری شیعری ئازاد بکەین بە بەراورد لەگەڵ تانکا و هایکۆ، دەبینین کە شیعری ساڵانی 1945 و ئەمڕۆ، بەشێوەیەکی گشتی بە شیعری تازە ناودەبرێت.

هەر لەسەرەتاوە شیعری ئازاد دوا کەوت- ژاپۆن بەر لە سەدەیەك- و بە شێوەی جیاواز چووە نێو بزاڤی ئەوسای رۆمانسی و رەمزیەتی سەدەی نۆزدە تا دادائیەکان و سوریالیەکانی سەدەی بیستەم رۆیشت. هەروەها بە نسبەت رەخنەش کە ملکەچی هەمان کاریگەری بوو هەروابوو: نەدەکرا قسە لە رەخنە بکەین، بێ ئەوەی ئاماژە بە تیۆری رەمزی فەرەنسی نەدەین، هەروەها پەیوەستبوونی شیعری ژاپۆنی بە رەمزییەت زۆر بەهێز بوو.

## کاریگەرییەکان

بەڵام زۆر لەو کاریگەرییانە بێ کەمێك لە تەمومژ تێنەپەڕین. چونکە کاتێك دەچینە نێو رۆشنبیرییەکی پێشکەوتوو، وەك چۆن هەمیشە وا روودەدا، لەسەر رۆشنبیریی ئەوەی ئاستی لە رووی فیکری و رۆحییەوە نزمترە لەو بەیەکگەیشتنەدا دووچاری شێوانی جۆری و شێوەیی دەبێتەوە، بۆیە لەسەر رۆشنبیریی کەمتر گەشە کردوو، پێویستە بە هەموو تەقالید و ئاسۆی

ئایندەی تایبەت بە خۆی تێکەڵ بە کاریگەرییەکانی بێگانە بێت. بۆ نموونە شاعیر و توێژەرانی ژاپۆنی کۆن ژیاری چینییان بەپیرۆز سەیر دەکرد و هەوڵیان دەدا تێیبگەن و جیای بکەنەوە. بەلاّم بەپارێزێکی زۆرەوە ئەوەی وەریاندەگرت هەڵیاندەبژارد. وەك ئەوەی ئەگەر بیکەنە ماڵی خۆیان و بەکاریان بهێنن تاوانبار بکەونەوە. شاعیرانی گەورەی "تانگە"ی چینی (لیبۆ، تۆفۆ) لە ژاپۆن زۆر ناسراو بوون، چونکە زۆربەی جار تەعبیریان لە ناڕەزایی باری سیاسی و باری تایبەت بە خۆیان دەکرد، وەك چۆن هێرشیان بۆ سەر هەموو کەسایەتییە سیاسییە بەرزەکان و ئەو بابەتانەش دەبرد، کە لەسەدەی بیست و بیست و یەك لەلایەن دەرباری ژاپۆنییەوە پەسەند نەبوون.

ئەگەرچی (بۆتشۆی) شاعیری چینی ئەوەند توونند نەبوو، بەلاّم ناوبانگێکی بەرفرەوانی لە ژاپۆن بەدەست هێنابوو، لایەنی سۆزداری و لێوردبوونەوەی لە جوانی سروشتی شتەکان، شەعبی کەوتبوونەوە. قەسیدە سیاسییەکانی ئەوانەی کە پڕبوون لە ناڕەزایی و ئەو قەسیدەیەی رووبەرووی وەزیری دادی کردبۆوە، لە چاپە ژاپۆنییەکەی شوێنگەیەکی بەرزی پێبەخشرابوو. بەلاّم هەردوو شاعیر لیبۆ و تۆفۆ قوڕس دەکەوتنەوە و دواتر هیچ کاریگەرییەکی قوڵیان نەبوو، هەتا دەگاتە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو کات شاعیر "ماتسۆ باشۆ" کە شیعری هایکۆی دەنووسی، ئەو شاعیرە نەك هەر دەبا گرنگی بە ژیان و کارەکانی بدا، بەڵکو پێویست بوو گرنگی بەو لایەنەش بدات کە بۆ

ماوەیەکی زۆر لەشیعری چینیدا پشتگۆخرابوون. کاتێ شیعری ژاپۆنی لەگەڵ شیعری خۆرئاوایی بەریەککەوتن، ئیتر ژاپۆن چووە نێو کردەی بە خۆرئاوابوون، حاڵەتێکی لەو جۆرە (واتە بە خۆرئاوابوونی شیعری ژاپۆنی) روویدا.

## 1945

ساڵی 1945 بە نسبەت ژاپۆنیەکان ساڵی کەشفکردنی زۆر شت بوو، یەکەم: ساڵی یەکەمین هەرەسی ژاپۆن، وەك نەتەوە بوو، دووەم: هێرۆشیما و ناکازاکی، سێیەم: ساڵی تێکشکانی عەسکەرتاری و مەیلی دەمارگرژی نەتەوەیی، کە هەر لە سەرەتایی سییەکانەوە فەرمانڕەوایی ژاپۆنیان بەدەستەوە بوو، وەك چۆن ساڵی ئایدیۆلۆژی لەڕادەبەدەر بوو، کە پشتگیری لە سیستەمی سەربازی دەکرد، چوارەم: ساڵی داگیرکردنی ژاپۆن لەلایەن هاوپەیمانەکان و سەپاندنی سیستەمی دیموکراسی نموونە ئەمریکییەکە بوو، کە گۆڕانکاری قوڵی لە سیستەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی درووست کرد و ئەو فۆڕمە دیموکراسیە ئەمریکییەش بە روونی لە دەستوری نوێی ژاپۆن بەرجەستە بوو.

دووبارە رێکخستنەوەی سیستەمی پەروەردەیی ژاپۆنی لەژێر چەپۆکی ئەمریکی نموونەی هاواری سەرەوژێر کردنی یاسای کۆمەڵگەی ژاپۆنی تەقلیدی بوو... ساڵی وێرانبوونی شار و ساڵی برسێتی و بازاڕی رەش، ساڵی ونبوونی منداڵانی بێ لانە و ساڵی زامدارانی جەنگ و ساڵی ئازار بوو بە هەموو جۆرەکانییەوە.

هەڵبەتە بارودۆخ باش نەبوو، بەلاّم لە میانی جەنگی کۆریە، ئیتر باری ئابووری ژاپۆن بەرەو باشی هەنگاوی نا و باش بۆوە. بەمجۆرە "وێرانە خاك" ی ل.ت.س. ئیلیوت و "زەمەنی نیگەرانی" ل. ئۆدن... بە نسبەت زۆرێك لە ژاپۆنییەکان کۆمەڵێك ناونیشان بوون کە بارودۆخی ئەو کاتی ولاّتەکەیانی دەردەبڕی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شەڕەکان لە چین و کۆریا و جەزائر و هەنگاریا و کوبا گەرم بوون....

لەساڵی 1945 تەمەنم چواردە ساڵان بوو (یەکێك لە شاعیران). هەتا ئێستاش بەبیرم دێ لەمیانی ئەو ساڵانەدا –ئێمەی نەوەی دڵەڕاوکێ– زۆر هەستمان بەوە دەکرد، کە لە قۆناغی دوای جەنگ ناژین، بەڵکو لە قۆناغی پێش جەنگی جیهانی سێیەم دەژین. هەموو ئەو قەسیدانەی لە تەمەنی بیست ساڵی نووسیوومن و هەتا قەسیدەکانی خۆشەویستیش پەیوەست بوون بەو ئازارەوە، ئازاری "بەر لە شەڕ" لەوەشدا هەر من تاکە کەس نەبووم.

دوای جەنگ چەند رەگەزێك هەبوو، کە شیعری ژاپۆنی پابەندی بوو. ژانوژواری جەنگ و برسێتی و بۆمبی ئەتۆمی و کۆمەڵێك شتی دیکە کە لە یادەوەری شاعیراندا هەڵکەندراون و وای کردووە وێنەی مردن ئامادەیی هەمیشەیی هەبێت. شاعیرانی ژاپۆن، دوای جەنگ و دوای وێرانکاری ئەتۆمی بەتەواوی لە رەهەندی بەرفرەوانی تراژیدی تاك گەیشتن، گەیشتنە ئەوەی کە شاعیرانی بەر لە جەنگی دووەمی جیهان ناتوانن پێیبگەن.

پێویستە لەسەریان –حەز بکەن یان نا– ئاوڕ لە چارەنووسی فەردی خۆیان بدەنەوە، چونکە چارەنووسی ئەوانە چارەنووسی سەدەی بیستەم بەتەواوی کەشف دەکات. شیعری ژاپۆنی تەنها دوای ئەو جەنگە، توانی قەناعەت بهێنێ و خۆی لە بزاڤە ئەوروپییەکان: دادایی، سوریالی، ئینتباعی، وجودی.. تێر بکات. دوای جەنگی گەردوونی یەکەم و لە سالآنی بیستەکان و سییەکان ئەو بزاڤانە زۆربەیان هاتنە نێو ژاپۆنەوە، بەلآم ژاپۆنییەکان هەتا لەگەلّ جەنگی ئەتۆمی و پاشماوەی جەنگ و برسێتی نەژیان، وزەی شاراوەی ئەو بزاڤانەیان نەقۆزتەوە.

ئەو کۆتایی هێنانە لە کۆتایی هێنانی قەسیدەکەی لیبۆ، تۆفۆ، بۆتشۆ دەکات، بەلآم بە جیاوازی لە زەمەندا، ئەو جارەیان تەنها کورتتر، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە ژاپۆن توانیمان بە باشی لە هەلّوێست و چەمکگەلێك بگەین، کە ڤالێری تەعبیری لێدەکرد، هەروەها هەست بکەین باش لە بریتۆن و سۆبۆ و ئیلوار و هەموو کارە هاوچەشنەکانی دیکە دەگەین.

## گەڕانەوەی گشتی

لەپشت ئەو تێگەیشتن و سۆزدارییە لەگەلّ ئەو هەموو کارانە یەقینێکی نویّ درووست دەبیّ بەوەی، کە شیعر زێتر لە زانست و ئایین، توانای خۆڕاگری لەبەرانبەر نائومێدی و وێرانی و کوشتنی بەکۆمەلّ هەیە، کە بەختی ئەو دنیایە تازەیەیە. هەتا ئەگەر ئەو یەقینە ئێستا شێوە گەشبینییەکەش لەخۆ بگریّ، بەلآم ئیتر

شـیعری ژاپـۆنی دوای جـەنگ، لـە توانـای دانییـە بـەبێ جـەنگ هـەڵبکات، چـونکە ژاپۆنییـەکان دوای ئـەو دوو تەقینـەوە ئەتۆمییـە بەشـێوەیەکی رەمـزی گەیشـتوونەتە ئـەوەی کـە ئامادەگیـەکی خواوەندانـە بـوونی نییـە. لەبـەر هەنـدێ لـە دوای جـەنگ هـەموو شەپۆل و گروپـەکانی شیعری ژاپـۆنی هـەتا حـەفتاکانیش لەسـەر ئەوە رێکن کە "هەموو لەرێگە شیعرەوە دەگەڕێنەوە".

شیعری دوای جـەنگ لـەرووی تـەکنیکی هـەڵگری هوشـیارییەکی خودی بوو، هەستەکانی تا ئاستی فیکر بـەرز دەکردەوە و وای لـە فیکر دەکرد بەرجەستە بێت. لەسـەر ئاستی هەست شاعیر زێتر ئاگای لـە خـوازەو کینایـە هـەبوو. بەڵام ئەو گرنگیدانـە بە تـەکنیك لەپێش هەموو شتێك دیاردەیەك بـوو لـە دیاردەکـان و بەگشـتی بۆ ناوەنـــدیاری شـــیعری دەگەڕایـــەوە. ســـەرەڕای بیرەوەرییـــە ســـەختەکانی جـــەنگ و کارەســـاتەکانی- چ لـــە کیشـــوەرەکانی ئاسـیایی یـان لـە (باسـفیك)ی خـواروو یـان لـە خـودی ژاپـۆن- شـاعیران لـە ژیـانی رۆژانەیانـدا لەسـەریان بـوو، بـۆ لـەناوبردنی هـەژاری و برسـێتی تێبکۆشـن. ئـەو مەسـەلەیەش خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە پێیوایـە شـیعر جۆرێـك لـە رزگـاربوونی رۆحـی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەوەی کە شیعر بەگشتی ئەرکی تـەعبیرکردنی خەونەکانی لەکۆڵناوە. لێرەوە ئەو تێکەڵکردنە بەپیتـە لـە رەخنـەی کۆمەڵایـەتی توونـد و هـەروەها ئـەو وێنـە سورياليیە لای باشترین شـاعیرانی دوای جـەنگ دەبینـرێ. ئـیتر لێـرەوە لـەنێوان مـەیلی

لیریکی و رەخنەی رۆشنبیریی هاوشانییەك هەیە. بە مانایەکی دیکە لەسەر شاعیران پێویستە رەخنەگری لێهاتووش بن.

لەمێژووی شیعری ژاپۆنیدا هەر لە کۆنەوە و هەتا دەگاتە سەدەی نۆزدە هەموو شاعیرە گەورەکان رەخنەگری گەورەش بوون. بۆیە واپێدەچێ کە پێویست بێ لەسەرمان چاوەڕوانی سالآنی بیست (1920) بکەین، بۆ ئەوەی لەو ماوە کورتەدا شیعر و رەخنە لێکدوور بکەونەوەو بە دوژمنی یەکتریان دابنێین.

بەلآم دوای ئەوەی شیعر شوێنی زانست و ئایینی گرتەوە، ئیتر وەك دوو بنەمای گشتی دەبایە تەنیا بۆ فیکر و کارەکانی خەڵك بگەڕێنەوە و ئەو دوو ئەرکە لەئەستۆ بگرن. ئەو گەڕانەوەیە بوو، کە شیعری ژاپۆنی دوای جەنگ ئارەزووی دەکرد. بەلآم بە نسبەت شیعری سەردەمی تازە چی؟ ئایا بە نسبەت سەردەمی ئێمە شیعر مانای چی بوو؟ بە دڵنیاییەوە وەلآمی ئەو دوو پرسیارە زۆر گران دەکەوێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی توونـد و سەیر ئەو دوو پرسیارە چوونەتە نێو یەکترییەوە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا دوو پرسیارن هەر دەبێ شاعیران لەهەموو ساتەکانی ژیانیاندا لەخۆیانی بکەن.

ئەو پێشکەوتنە سامناکەی زانستی نوێ، کۆمەڵێك گۆڕانکاری کۆمەلآیەتی سەختی لێکەوتۆتەوەو بووە هۆی ئەوەی کە کار بکاتە سەر بچووکترین وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەمان و وایان لێبکات وەلآمەکان زۆر ئەستەمتر بن. زانست، چەکێکی ناوازەیە بۆ بەگژداچوونەوەی هەژاری، نەزانی، ئازارو بیروباوەڕی پووچ..

ئـەوە زانســتە وەك پێشـەنگیَ بـەرووی بێگــاری و چەوســانەوەو ستەمکاری بلاْوبۆتەوەو درێژبۆتەوە. ئەوە زانستە، کە ئەمڕۆ نەك هـەر تـەنها لەسـەر ئاسـتی دوولـەتبوون و بەیەکـەوەلکانی ئـەتۆمی، بـەڵکو بـە بوێرییـەوە لەسـەر ئاسـتی بـەکارهێنانی وەدیهێنـان و گۆڕینی شانەکانی دەماغ بەشێوەی دەستکرد، رادەبێتـەوە. بـەلاْم زۆرێـك لــەو تاقیکردنەوانــە رەنگــە بــەدژی بنچـینەکانی ژیــانی مرۆڤایـەتی وەربگـەڕێن و تـەواوی ژیـان لـەناو بـەرن. خـۆ گـۆڕینی زانســت و ناکۆکییــەکانی نــاوەوەی دەلالــەت لــە ئاســتەنگێکی بنەڕەتی دەکات، کە رۆژێك تەواوی مرۆڤایـەتی لـەناو دەبات. بـەلاْم لەگـەڵ ئەوەشـدا مەحاڵـە بـەبیَ زانسـت رەچاوی هـیچ داهاتوویيـەك بکرێت، هەر دەبیَ زانست بە هەند هەڵبگیریَ.

## خەڵك وشەکانن

لەمیانی سالاْنی حـەفتاکان 1970 زانسـت لـەرووی تـەکنۆلۆژیا و ئەلکترۆنیاتەوە ژاپۆن و ولاْتانی دیکەی لەخۆگرت، هـەر لـە ئـامێری چـنین و ڤیـدیۆ و تـا دەگاتـە ئـامێری پەخشـکردن و خواردەمـەنی خێـرا... هــەروەها لــەرووی تــەکنۆلۆژیاوە کاتێـك بەرهــەمهێنانی راستەوخۆ و پەخشـکردنی بـەرفرەوانی شـتێك کـە بـۆ کـاتێکی زۆر کورت "رەسەن" دەکەوێتـەوە... ئـیتر شـیعر نەیـدەتوانی خـۆی لـەو کاریگـەرییانە و ئـەو پێشـکەوتنە مێژوویانـە بـەدوور بگـریَ، ئـەوەی لـە ژاپـۆن بـە "شارسـتانیەتی چـنین" نـاو دەبرا، یـان "کۆمەڵگـەی دووبـارە بەرهەمهێنانــەوە" تــا رادەیــەکی زۆر هــەموو بوارەکــانی

گرتەوە و بەشێوەیەکی هاوکاتیش لە بواری تاقیکردنەوەی نا بەرهەمهێندا قەسیدەی نووسراوی شاعیرانی لەخۆ دەگرت و ئەو قەسیدانەش بەشێوەیەك دابەش دەکران کە هیچ روونیەکی تێدا نەبێ. بێ پەرواش ئەو رووتی و هەژارییەیان بەرهەم دەهێنایەوە. هەروەها چەمکی رەسەنیش بۆخۆی کە سەرچاوەی زۆرێك لە ئەفسانەی شیعری بوو، بەزووترین کات پێویستی بە سەر لەنوێ چاوی پێداگێرانەوە دەکرد.

بەلاَم لێرە بە نسبەت شیعری نوێ چونکە سەردەمەکەمان ئاوێتە و ئالۆز بوو، ئیتر بۆیە هیوایەك مابۆوە، وەك چۆن خەڵك زمانیان هەبوو و بەهۆی وشەکانەوە و بۆ وشەکان مابوونەوە، هەروەها زۆربەشیان هەر بۆخۆیان وشە بوون. جا ئەگەر وشە بۆخۆی ئەو پەیوەست بوونە قوڵە بێت و بشێ رۆڵ لە یەکگرتنی مێژووی کۆمەڵگەدا بگێرِێ، کەواتە بوونی شیعر دەبێتە بنەمایەك بۆ بەدواداچوونی کارفرماکان و بەکارهێنانە قوڵەکانی وشە، بۆ ئەوەی بەدیاریکراوی دوورتر و دوورتر برِۆین، بۆ ئەوەی بەشێوەیەك بژین کە پێشتر بەو شێوەیە نەژیاوین، دەبێ هۆکاری گرنگ و سەرەکی ئەو قەیرانانە بدۆزینەوە.

"پێشەکی وەرگێرِ و ئامادەکاری عەرەبی"

# گفتوگۆ لەگەڵ ژنە شاعیر

## کۆرا – رۆمیکۆ:

## ئەوەی بە ژیانی واقیع وەك چۆن هەیە رازی بێ، پێویستی بەشیعر نییە

کورا–رۆمیکوا هەر تەنها ژنە شاعیرێك نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم رەخنەگرێکی ئەدەبییە و ماوەیەکی زۆرە بایەخ بە ئەدەبی ئاسیا و ئەفریقا دەدات. وەك چۆن هەڵبژاردەیەکی لە شیعری نوێی عەرەبی بۆ زمانی ژاپۆنی تەرجەمە کردووە، بۆیە بە بڕواوە قسە لە نازك مەلایکەو سەیاب و سەلاح عەبدولسەبور و ئەدۆنیس و مەحمود دەروێش و شاعیرانی تازەگەری دیکەی عەرەبی دەکات. لەوانەیە لەنێو شاعیرانی ژاپۆنی لەو بارەوە تاکە شاعیر بێت... شاعیرانی ژاپۆنی هیچ لەبارەی عەرەبەوە نازانن، جگە لە نەوت. کورا–رۆمیکوا بە زەردەخەنەوە داخی خۆی بۆ ئەو مەسەلەیە دەربڕی، بەهەمان شێوەش شاعیرانی عەرەبیش شتێکی ئەوتۆ لەبارەی شاعیرانی ژاپۆن و ژاپۆن نازانن.

کورا–رۆمیکوای ژنە شاعیر لەساڵی 1932 لەدایکبووە. کۆمەڵێك خەڵاتی ئەدەبی لەنێو ژاپۆن و دەرەوەی ژاپۆن بەدەست هێناوە، کۆمەڵێك کاری گرنگی هەیە وەك: "ئەو شوێنەی لەسەر زەوی نابینرێت"، "دەنگی دەمامکی خۆشەویستان".... لەبەرانبەر رۆمیکوای شاعیر و پێنج لە شاعیرانی دیکەی ژاپۆنی پرسیاری لێکچووم خستە روو، پرسیارەکانیش لەبارەی گرنگترین کێشەکانی شیعری ژاپۆنی هاوچەرخ و ناسنامە و کاریگەری دەرەوەو خەسڵەتەکان و تایبەتمەندییەکان و لەبارەی ئەوەی کە بە تازەگەری شیعری جیهانی ناو دەبرێت (ئەگەر ئەو تەعبیرە بشێ)... وەك نزیکبوونەوە لە حەساسیەتی شیعری ژاپۆنی و دەستپێکێك بۆ چوونە ژوورەوە پرسیارێکم خستە روو، ئەویش ئەوە بوو:

**پ/ چۆن سەیری ناسنامەی شیعری ژاپۆنی دەکەیت؟**

و/ شیعری نوێی ژاپۆنی بەتەواوی لە پێداویستییەکانی فۆرم ئازادە و بە شێوەیەك دەکەوێتە دەرەوەی مۆزیك و لە پەخشانەوە نزیکترە. هەندێ لە شاعیران بە تاقیکردنەوەی گەیشتن بە مۆزیك، هەڵساون. بەڵام هەر زوو تەماشایان کرد شیعری ئێمە زۆر ریتمئامێز ناکەوێتەوە چونکە لە زمانی ژاپۆنی بێژەکان زۆربەیان لە دەربڕیندا هاوشێوەن، رەنگە ئەوە ناسنامەیەك بێ، بەڵام من لەو بڕوایەدام ئەو خەسڵەتەی وەك تایبەتمەندی شیعری ژاپۆنی جیا دەکاتەوە، بوونی نییە. دەتوانین بڵێین شیعری ئێمە لەدوای

جەنگی جیهانی دووەم زێتر فیکری کەوتۆتەوە، بە بەراورد بە پێش جەنگ، کەمتر ریتمئامێز و لیریکیانەیە.

**پ/ گرنگترین کێشەکانی ئەو شیعرە چییە؟**

و/ ئەوە مەسەلەیەکی قورسە... شیعری نوێی ئێمە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەپاش جەنگ لەدایکبووە و لێرەدا کۆمەڵێك بزاڤی جۆراو جۆری وەك "ئارتەشی" (وێرانە خاك) هەیە، کە زۆر بە قەسیدەی "وێرانە خاك"ی ت.س. ئیلیوت کاریگەرن. هەروەها زیادبوونی ژمارەی ژنە شاعیرەکانیشی دەخەمە سەر. کێشەکە ئەوەیە کە لەدوای نەوەی دوای جەنگ، نەوەیەکی دیکەی شیعری درووست نەبووە، نەوەیەکی شیعری جیدی... رەنگە هۆیەکە ئەوە بێ، کە خەڵك زۆربەیان وازیان لەو جۆرە شیعرە هێناوە، چونکە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ژاپۆنی بە پلەی یەکەم دوای بەرژەوەندی ئابوری کەوتووە، دەرفەتی خوێندنەوەیان نییە. بەمجۆرە دەبینم شیعر بەرەو هەرەس هەنگاو دەنێ. ئەمڕۆ ژاپۆن بۆتە هێزێکی ئابووری مەزن و زۆر دەوڵەمەند، ئەگەر هەر تەنها سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین دەبینین نەبوونی ناکۆکییەکان دەمانخاتە گومانەوە، کەواتە شیعر زۆر لەو توونددییە پێویستەی خۆی ونکردووە، ئیتر بەو دواییە گفتوگۆکردن لەسەر نوێکردنەوەی بۆچوونمان بۆ شیعر وەك فۆڕم هاتە ئاراوە وگەیشتینە قۆناغێك کە دەبێ بەشێوەیەکی ریشەیی فیکر لە کێشەکانی شیعر بکەینەوە.

**پ/ بۆچی شاعیرانی دوای جەنگ بە دیاریکراوی بە (ت.س.ئیلیوت) کاریگەر بوون؟**

و/ ئەوە بەسەر کۆمەڵەی "ئەرتەشی" لە هەر کۆمەڵەیەکی دیکە زێتر پراکتیزە دەبێ. لەڕاستیدا زۆر لەو شاعیرانەی "ئیلیوت" یان "نەوەی سەیر"ی "تۆماس مان" یان خوێندۆتەوە و بەشێوەیەکی نائومێدانە لە ژیاریی دەڕوانن. لە ساتی جەنگیش لە وێرانی و کاولکاریدا ژیاون، بۆیە کەوتوونەتە سەر بڕوایەك، کە لاو هیچ ئایندەیەك و ئاسۆیەکی نییە، نەخوازە ئەوانەی کە بۆ جەنگ چوون و بەشدارییان لە جەنگدا کرد و هەتا ئێستاش هەر وەك قوتابی ماونەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، شاعیران لە هەموو دەوڵەتەکانی دیکە زێتر بایەخیان بە ئینگلتەرە و ئەمریکا دەدا، بۆیە ئەوان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو شیعرانەی بە زمانی بەهێزی ئینگلیزی نووسراون، رەنگە لەبەر ئەوەش بێ، کە بزاڤی "ئارتەشی" وەك بزاڤێك کە رۆڵێکی مەزنی لە ئاڕاستەکردنی حەساسیەتی شیعریی باو دەگێڕا زۆر گەشەی نەکرد.

**پ/ دەڵێن شیعری ژاپۆنی دوای جەنگ لەپێناو بەکارهێنانی نادیارانەی خوازەو کینایە، وازی لە رەوانبێژی هێنا، هۆی ئەوە چی بوو؟**

و/ نازانم تا چەند ئەو سەرنجە راست دەکەوێتەوە. بەڵام دەتوانم بڵێم ئەزموونی شەڕ و وێرانی راستەوخۆ زۆربەی شاعیرانی بەرەو بزاڤێکی تەعبیریی وەسفی برد، کە خوازە تێدا زێتر بەکار دەهێنرێ و یاری زمانەوانی رەوانبیژی تێدا ونە، یان راستتر ئیتر ئەو شیعرە ونبوو کە پشتی بە کەشێکی ئیستێتیکی و سۆزداری دەبەست. لەکاتی شەڕدا خوازەی بەتاڵ و پەیوەست بە فاشییەتی

سەربازی زۆر بڵاببوو، دەبایە شاعیرانی دوای شەڕ ئەوانە تێکیبشکێنن. بەمجۆرە دەستەواژەی (قوچەکی مەزنی دروستکراو لەئاسنی ژەنگاوی) شوێنی دەستەواژەی (چیای پیرۆز)ی گرتەوە، کە ئامازەیە بۆ چیای "فوجی" ماوەیەکی زۆر ژاپۆنییەکان بە پیرۆزییان دەزانی. هەروەها ڕەوانبیژی ئیستێتیکی کە لای شاعیرێکی گەورەی وەك "شیمازاکی توسون" دەبینرا، کۆتایی پێهات، هۆی هەموو ئەوانەش کۆی ئەو گۆڕانکاریانە بوو، کە بەسەر واقیعی ژاپۆنیدا هات، واتە گواستنەوە بوو لە ژیانی لادێیانە بۆ ژیانی ئامێرکاری و پەخشانی.

**پ/ بەڵام شیعری ژاپۆنی بە مانا خۆرئاواییەکەی هەر دوور لە میتافیزیکا مایەوە-ئەوە بەگشتی- چۆن دەشێ لەوە بگەین؟**

و/ بەدڵنیاییەوە شیعری ژاپۆنی زۆر هەستییە، زۆر حەساسە و هیچ میتافیزیکای تێدا نییە، بەڵام ڕەمزییەت دنیایەك بوو لە دنیابینیەکانی. پێموایە ئەوە پەیوەندی بە ئایین و ڕۆشنبیریی باوەوە هەیە. لە ژاپۆن بوزییەکان هەن، کە پەیوەندی ڕێکوپێکیان بە جۆرێك لە میتافیزیکاوە هەیە. بەڵام لەسەر ئاستی زارەکی نەك لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی گشتی، وەك چۆن ئەوە لە ئیسلامیشدا هەیە. ڕەنگە لێرەدا کۆمەڵێك بوزی هەبن میتافیزیکی بکەونەوە. ئەگەر بیر لەخۆم و دەوروبەرم بکەمەوە، جیهانبینیەك دەبینم کە دەکەوێتە سەرووی واقیعەوە، بەڵام سیستەمئامێز نییە. ڕەنگە لە بەهەشتی بوزییەت یان ئایندەی میتافیزیکا شتێك

هـەبێ باشـی لێنـەزانین پێموایـە زۆربـەمان گرنگـی بـە سـوودە پراکتیکیـەکان دەدەیـن. شـیعری زۆرمـان هەیـە کـە ژیـانی رۆژانـە بەهـەموو شـتە ئاسـاییەکانییەوە لـەخۆ دەگـرێ، بـەناوی (ئـەو یادەوەرییەی کە دەکەوێتە دەوروبەرمان) ناو دەبرێ.

**پ/ لەگەڵ ئەوەی مردن گرنگترین بابەتی شیعری ژاپۆنییە، بەڵام ئایا بابەتێکیشە بۆ قسە لەسەر کردنی میتافیزیکیانە؟**

و/ ئـەوە راسـتە. بـەڵام ئـەوەی لای شـاعیرانی ئێمـە لەسـەر مـردن دەبینـرێ، بـە مانـای دابـڕان لـە ژیـانی رۆژانـە و بـەردەوامبوونی کۆتایی دەنووسرێت. ئەوان مردن وەك مەسەلەیەك تەماشا ناکەن، وەك دەلالەتـە میتاییەکـە سـەیری ناکـەن. قسـەکان لـە مردنـی کەسێکی نزیك یان هاوڕێیەك یان خۆشەویستێ، کورت دەکەنەوە.

**پ/ ئەی بەنسبەت میشیما و کاواباتا و دیاردەی خۆکوشتنی ئەدیبان چۆن راڤە دەکرێ، چونکە ئەو دووانە مەزنترین ناوی ئەدەبی بوون و گەیشتنە ترۆپکی سەرکەوتن و ناوبانگی؟**

و/ من لەو بڕوایەدام لەپشت ئەو دیاردەیە، ئەگەر بشێ لەژاپۆن بە دیـاردە نـاوی بـەرین، رۆشـنبیرییەك خـۆی حەشـار داوە، ئـەویش"بوشـی دو" رۆشـنبیریی سوارچـاکییە کـە مـردن بـە حاڵەتێکی پۆزەتیف وەسف دەکات. لە ئەدەبی نوێی ژاپۆنی زۆر لە ئەدەیبە خۆکوژەکان لەژێر کاریگەری ئەو رۆشنبیرییەدا خۆیان کوشـتووە. (بوشـی: واتـە چـینی سـامۆڕایی. دو: واتـە رێبـاز.) رێبـازی ناسـراو بـەو خۆکوژییـە "هـاراکیری"یـە کـە کەسـەکە بەشـێوەی ئاسـۆیی سـکی خـۆی هەڵـدەدڕێ و پاشـان داوا لـە

هاوڕێیەکی ئازیزی دەکات کە لە پشتەوە لە ملی بدات، تاکو بەخێرایی گیان لەدەست بدات. بەمجۆرە رۆماننووسی بەناوبانگ "میشیما" خۆی کوشت. لێرەدا رۆشنبیرییەك کە مردن وەك گەواهیدەری خود تەماشا دەکات: پیاو بە مردن گەواهی لەسەر سیفەتەکانی دەدرێ، یان بە مردن دەیەوێ جەخت لە پاکی خۆی بکاتەوە. لەو رۆشنبیرییە ناگەین، چونکە کار دەکاتە سەر تاراندنی پۆزەتیفئامێز و بەرەو مردنی دەبات، نەك بەرەو لۆژیکی سەرتاپاگیری گشتگر. بەلاّم رەنگە میتافیزیکایەکی بۆ مردن تێدا بێ. لەو رۆشنبیرییەدا پیاو بەکردە تەعبیر لەخۆی دەکات نەك بە قسە و بە زمان، دەمرێ بۆ ئەوەی جەخت لەخۆی بکاتەوە.

**پ/ تانکا ئەو فۆرمە تەقلیدییەی شیعر لە هەشتاکاندا بە هێزێکەوە دووبارە هاتەوە نێو پانتایی ئەدەبی لەسەر دەستی شاعیرێکی گەنجی ئەوسا کە ناوی "تاوارا-ماتشی" بوو سەرکەوتنەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و/ هەموو مرۆڤێك دەتوانێ قەسیدەی تانکای لەشێوەی "تاوارا- ماتشی" بنووسێ، بەبێ هیچ پێداهەڵگوتنێ، من ئێستا دەتوانم دیوانێکی تەواو لەو جۆرە بنووسم. وەك ناوەڕۆك من بەهایەك بۆ کارەکانی ئەو شاعیرە ژنە دانانێم. بەلاّم پێموایە سەرکەوتنی بازرگانی بۆ ئەو هاوگونجاندنە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان شێوەی کاری کۆن و ژیانی هاوچەرخ کە هیچ شێوەیەکی نییە، بەجێی هێناوە. رەنگە خەڵك لەو هاوگونجاندنە لەزەت بەرێ، رەنگە خوێنەری ژاپۆنی بە تەقالیدەکانەوە پەیوەست بێ. ژیانی

هاوچەرخ شێوەی ونکردووە، یان هەتا ئێستا فۆڕمی خۆی نەدۆزیووەتەوە، ژیانێکە لە تاقیکردنەوەدا، ئەوەش وا لە ژاپۆنییەکان دەکات بەدوای شێوەیەکی تەواودا بگەڕێن، بۆ ئەوەی هەستەکانی خۆیانی تێدا بخەنە روو. بۆیە ئەمڕۆ نووسینی قەسیدەی تانکا و هایکۆ بەزۆری دەبینرێ، چونکە نووسینیان ئاسانە و وەك شیعری نوێ وردبینی و کاتێکی زۆری ناوێ. پێموایە ئەوە لەشیعری هاوچەرخمان رەنگیداوەتەوە، کۆمەڵێك بزاڤ دەرکەوتوون هەوڵدەدەن ئەو دیدە بۆ فۆڕمی شیعری تەقلیدی نوێ بکەنەوە، بەڵام ئەو بزاڤانە سۆزییان بۆ رابردوویەك دەجولێ، کە ناگەڕێتەوە.

**پ/ لەو بڕوایەدای توانات بەسەر شیعردا هەبێ .... چی وات لێدەکات بنووسی؟**

و/ توانای شیعر بەسەر ژیاندا، بەسەر گۆڕاندا، بەسەر پێشکەشکردنی ئیستێتیکادا.... هتد، بەڵێ زۆر بڕوام بەو توانایە هەیە. شیعر دەتوانێ ناخی خەڵك بخاتە روو و ئەو شتە دیاری بکات. زمانی شیعری دەگاتە شوێنی قوڵتر لە ژیانی رۆژانە، دەگاتە قولایی واقیع. لێرەدا شیعر توانای ئەوەی هەیە شتەکان بگۆڕێ، ئەگەر زمانی شیعری نەگەیشتە ئەو شوێنە قوڵە، نەگەیشتە نێو ئەو ناکۆکیانەی کە بەتوێکڵی واقیع داپۆشراوە، ئەوە بە نسبەت من و لە دیدی من ئەو زمانە هیچ بەهایەکی نییە. لەسەر شاعیر پێویستە گوتن لەو ناکۆکییانەی واقیع رزگار بکات. ئەوەی شاعیریش بەرەو ئیبداع پاڵ دەنێ هەستکردنە بە

ناکۆکییەکانی ئێستای واقیع. ئەوەی بە ژیانی واقیع وەك چۆن هەیە رازی بێ، پێویستی بەشیعر نییە. شیعر بەردەوام گەڕانە بەدوای ئەوەی لە واقیعدا نییە، لەپێناو بەدواداگەڕانی واقیعێکی نادیار و نەناسراو، شیعر ریشەی خۆی لە واقیعێکی نادیار رواندووە. پێموایە لەبەر ئەوەی من لەو جۆرەم بۆیە پرۆسیسەی نووسین دەکەم.

بوونی من هەمیشە لە ناکۆکییەکدایە، ئەگەر لەنێوان واقیع و هیوادا، لەنێوان ئێستا و داهاتووشدا لەت لەتم کەن، بوونی من چارەسەری بۆ نییە، هەر ئەو بوونەشە بەرەو داهێنان پاڵم پێوە دەنێ... بوونی من کۆمەڵێك ناکۆکییە تەواو نابێ، بۆیە بە بڕوای من بوونی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی کە ئەفلاتوون قسەی لێدەکات مەحاڵ دەکەوێتەوە. لێرەدا کۆمەڵێك ناکۆکی هەن بە بەدرێژایی زەمەن دەگەنە چارە، وەك چۆن ناکۆکیگەلێکی دیکە هەن چارەیان نییە. من ئەوەی دواییم مەبەستە، چونکە ئەوەیان لەنێو هەموو شاعیرێکی حەقیقیدا هەیە. من لەو بڕوایەدام شیعر لەو ناکۆکیانە ناکەوێتەوە کە سبە و دوو سبەی چارە دەکرێن، بەڵکو لە کۆمەڵێك ناکۆکییەوەیە، کە بەنسبەت زۆربەی کەسە ئاساییەکان قوڵ و نادیار دەکەونەوە. لەسەر شاعیر پێویستە بۆ ئەوەی شیعرەکەی مانایەکی هەبێ، بە بوێرییەکی کەم وێنە خۆی بخاتە ناخی ئەو ناکۆکییە دیار و نادیارانەوە. بۆیە دەڵێم: ئەگەر لە ژاپۆن شاعیر بیت، واتە تا سنورێکی گەورە شێتیت.

**پ/ ئەی تازەگەری؟ لە شیعری ژاپۆنی هاوچەرخ چۆن سەیر دەکەیت؟**

و/ تازەگەری بە نسبەت شیعری هاوچەرخی ئێمە، واتە گۆڕینی فۆڕم و بایەخدانی زێتر بە وێنەی شیعریی و ماڵئاواییکردن لە ویژدانی تەقلیدی کە شیعری تانکا بە حەساسیەتە وشکەکەیەوە نوێنەرایەتی دەکرد (بە بەراورد لەگەڵ ئەو حەساسیەتە تەڕە یان تازەیە)... وەك چۆن دەلالەت لە رەخنەی واقیعی و خستنەوەی رۆحی دیماگۆجی دەکات. لەکاتی شەڕی جیهانی دووەم بزاڤی تازەگەری دووچاری حاڵەتێکی نزیك لە هەرەسهێنان بوو، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوکاری فاشیەتی ئیمپریالی دەکرد. بەڵام ئەو هەرەسهێنانە درێژەی نەکێشا... تازەگەری دوای جەنگ لە شیعری پێشەنگەکان، شیعری نەوەی سییەکان گەڵاڵە بوو... تازەگەری بە نسبەت من واتە ئارەزووکردنی ئازادی و جێبەجێکردنی دادپەروەری لەنێوان خەڵکدا. ئەوەش وامان لێدەکات گرنگی بە بزاڤی ژنان و جیهانی دەرەوەی ئەوروپی بدەین.

**پ/ ئایا پەیوەندی لەنێوان شیعر و سیاسەت لەلایەك و شیعر و ئایین لەلایەکی دیکەوە هەیە؟**

و/ هەندێجار کاری شاعیرێك وا دەردەکەوێ وەك ئەوەی سیاسی نەبێ، بەڵام لە قوڵاییدا هەر پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، چونکە سیاسەت وەسیلەیەکە، واتە زمانێکە.. سیاسەت بوونێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە. ئەو پەیوەندییە لەنێوان شیعر و

ئایین قوڵتر خۆی نیشان دەدا... شیعر لە ئایین دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی ئاڕاستەیەکی دیکە بگرێ. من لەو بڕوایەدام سەردەمێ بێ لەنوێوە و بەشێوەیەکی جیاواز شیعر و ئایین پێکەوە پەیوەست بن.

**پ/ ئەی بە نیسبەت نەوەی ئەمڕۆ، شاعیرانی نوێ؟**

و/ زۆر بەداخەوە بزاڤێکی نوێی شیعری بوونی نییە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی شاعیرانی بیست و سییەکان ئەوانەی کە نەوەیەکی شیعری پتە و نوێیان هێنا ئاراوە. دەبێ نەوەی نوێ لە شاعیران بەباشی بیر لە خۆیان بکەنەوە، پێویستە بەبێ دوودڵی لەنێو هەڵبژاردنی قوڕسدا بژین.

# گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر

# گۆزۆ-یۆشیماس:

## من زێتر مەستم، نەك شاعیر

کاتێك بۆ جاری یەکەم پێیگەیشتم، وامزانی بەردەبێتەوە سەر زەوی. بنێس، وەك سێبەر یان سوکتر، چاو بەقولاّچوو، دەڕۆیشت و لەوە دەترسا دەرگاکان خەبەریان بێتەوە.. بەجۆرێك وەك ئەوەی هەنگاو نەهاوێژێت. کاتێك قسەمان لە خاڵێك دەکرد، وەك ئەوە وابوو کە لەوەی دەیڵێت بتوێتەوە. دەیویست تا ئەوپەڕی قسەکردن بڕوات... دەیویست دەست بەسەر هەموو ئەو وشانەدا بگرێت کە دەیەوێت... لەدایکبووی 1939.. گرنگترین خەلاّتی ئەدەبی ژاپۆنی بەدەست هێناوە. دنیای شیعری ئەو بە ناباو و نامۆ سەیر دەکرێت. زمانی شیعری قورس و ئاڵۆزە، بەلاّم وەك رەخنەگران دەڵێن لەوپەڕی دروەشانەوەی داهێناندایە.. بۆیە لەنێو بازنەی شاعیراندا بە باشی ناسراوە.. لەگەڵ ئەودا زمانی ژاپۆنی سیمایەکی نوێی وەرگرتووە.. ئەهریمەنی شیعری ئەو –وەك لە عەرەبی دەگوترێت– دەنگە نادیارەکانن، نرکە، ژاوەژاو، ئەو زمانانەی کە نانووسرێنەوە. گرنگی بەو گەلانە دەدا کە نە

تیپ و نە زمانی نووسینیان هەیە... لە گرنگترین کارە شیعرییەکانی "کەشتی مەرگ"، "ئۆزیس خواوەندی بەرد".

**پ/ چۆن دەشێ ئەو هەڵبژاردەیە پێشکەش بە خوێنەری عەرەب بکەم؟**

و/ کاتێك ئەو هەڵبژاردەیە دەخوێنرێتەوە، حەز دەکەم ئاگاتان لەوە هەبێت، کە زمانی ژاپۆنی خاوەنی دەنگ و ریتم و دەربڕین و روخساری خۆیەتی. لەوانەیە قەسیدەی باش هەموو ئەو شتانە، ئەگەرچی بە چاپکراویش بێت بۆ خوێنەران بگوازێتەوە. بەڵام راستییەکەی، دەمەوێت، یان هیوادارم کە خوێنەری عەرەبی لەرێگەی بیستنەوە چێژ لە قەسیدەی ژاپۆنی وەرگرێت، بۆ ئەوەی بزانێ ئەو شیعرە چی تێدایە.. گوێگرتن بۆ شیعر بە زمانی دایك چێژێکی دیکە و خۆشییەکی نوێ دەبەخشێت. منیش بە هەمان شێوە هەندێکجار دەمەوێت چێژ لە شیعری عەرەبی وەرگرم. هەر چۆنێ بێت، ئەو هەڵبژاردنە هەنگاوی یەکەمە، بەڵام گرنگە ئەو خەونە بێتە دی.

**پ/ ئایا خۆت بە شاعیرێکی ژاپۆنی دادەنێیت، بەچ مانایەك؟**

و/ ئەو پرسیارەم بە خەیاڵ داهات کاتێك لە ئێوارە شیعرییەکەت گوێمان لە ئیلقای تۆ گرت (لە تۆکیۆ 1990/12/7 ئێوارە شیعرێکم سازدا، پانزە شاعیری ژاپۆنی ئامادە بوون، هەندێك لە دەقەکانی خۆم خوێندەوە، دەقە شیعرێکی ئەدۆنیسیش- محمد عوزێمە سازدەری ئەو گفتوگۆیە).

راستە ژاپۆن وەك وڵات بوونی هەیە، سنور و زمانی خۆی هەیە، بەڵام دەبینین لە زمانی ژاپۆنی رەگەزی زۆر هەن، کە هیچ بنەمایەکییان نییە، وەك تیپی چینی و وشەی بیانی، کە دوای کرانەوەی ژاپۆن لە سەردەمی "میجی"[***] بەرووی دنیادا هاتنە ناوەوە. سەرەڕای کاریگەری رۆشنبیریی ئەمریکی دوای جەنگی دووەمی گەردوونی. هەموو ئەو رەگەز و کاریگەرییانە هاتوونەتە ناوەوەو لەگەڵ پێکهاتەی زمانی ژاپۆنی ئەسڵیدا چوونەتە نێو یەکترییەوە، ئەوە ئەو زمانە ژاپۆنیەیە، کە ئەمڕۆ بەکاری دەهێنین. ئەوەی من دەمەوێت تەعبیری لێبکەم و بیڵێم، تەجاوزکردنی یان بە مانایەکی دی دەمەوێت بە ئاگاییەوە، یان بەبێ ئاگاییەوە تەجاوزی ئەوە بکەم کە زمانی تاکە وڵاتێك بە قوڵی بڵاو بێتەوە. ئاساییە بە شاعیری ژاپۆنیم دابنێن، بەڵام راستییەکەی من وەك خۆم و لە ناوەی خۆم و بەشێوەیەکی جیدی دەخوازم لەو قۆناغ و پۆلینکردنە دەرچم.

**پ/ بە گوزارشتکردنێکی دیکە ئایا زمان بە ناسنامەی شیعر دەزانیت؟**

و/ قەسیدە هەمیشە ئامادەیە بۆ تەرجەمەکردن و گواستنەوە بۆ هەر زمانێکی دیکە، چونکە شیعرییەتی دەمێنێ-یان دەبێ شیعرییەتی بمێنێ- ئەو شیعرییەتەی لەگەڵدا بێت هەرچەندە رووخساریشی بگۆڕێت، بەرەو هەر کوێ سەفەر بکات. راستە لە

[***] سەردەمی میجی سێ چەرخ لەخۆ دەگرێت چەرخی (تایشۆ، 1912م) و (شووا، 1926) و سەردەمی ئمپراتۆری (هیسی، 1989)

بنەڕەتدا قەسیدە لەمیانی یەك زماندا گەشە دەکات، واتە لە زمانێك شین دەبێت، دەبێ ڕیشەکانی بە قوڵی لە زمانی دایك درێژ بێتەوە... پەیوەندی نێوان زمان و قەسیدە لە پەیوەندی نێوان زمان و منداڵ دەکات، ئەو زمانەی کە منداڵ فێری دەبێت، دەبێتە ناسنامەیەك کە شوێنی لەدایکبوونی دیاری دەکات، ئەگینا بەشێوەیەکی بەردەوام بەرە بەرە لەلایەك گەورە دەبێت. بەمجۆرە، نامەوێت زمان شتێکی جێگیر بێت.

**پ/ گرنگترین کێشەکانی شیعری نوێی ژاپۆنی چییە؟**

و/ لێرە کێشەی دەرەکی هەیە کە خۆی لە کەمی خوێنەردا دەبینێتەوە.

نامەوێت لە بیروڕاکاندا پەڕگیر بم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە شیعری نوێی ژاپۆنی دەیەوێت فیکری بکەوێتەوە، دواتر لە تێگەیشتندا زۆر قورس بێت. دوور بێت لەو قەسیدانەی کە خەڵك دەتوانێت ئەزبەریان بکات و وەك گۆرانی بیانڵێت. ڕاستە قەسیدەی زۆر تەڕمان هەیە، قەسیدەی ئەزموونگەر و پڕە لە ژانوژوار، بەڵام ئەمڕۆ شیعر بە تەواوی لە جەماوەر جیا بۆتەوە.

ڕەنگە ئەوە گرنگترین کێشە بێت، کە شیعری نوێی ژاپۆنی بە دەستییەوە دەناڵێنێت. لێرە مشتومڕی زۆر لەسەر پێویستی دنیابینی دەکرێت، ئەو کێشە دەرەکییە، ئەوەندەی بەسە کە بە "جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی شەعبی" ناو دەبرێت.

خەم لەو کێشەیە دەخۆم، بۆ ئەوەی تەجاوزی بکەم دەمەوێت زێتر بە ناخی شتە گران و کورتەکاندا رۆبچم. بۆیە قەسیدەی ئاسان وەك گۆرانییە شەعبیەکان، نانووسم.

**پ/ بەلأم ئەو کێشە تایبەت نییە بە شیعری ژاپۆنی؟**

و/ ئەوە وابزانم ئەمڕۆ لای زۆر لە شاعیرانی دنیا هاوبەشە، بەلأم بەشێوەیەك لەلای ئێمەی ژاپۆنی بە زێدەرەوییەوە دەبینرێت. راستی لێرە خۆپارێزییەکی جەماوەری لەخۆوە هەیە، دەیەوێت هەلۆێستی شیعری هەلۆێستێکی پێشەنگانەی رادیکالی هونەری و سیاسی بێت. دەستەبژێری شیعری- رۆشنبیریی بۆخۆی ئەو پارێزی و وریاییە لەنێو خەلکدا (لە سەردەمی جەماوەر دەوروژێنیٚ، واتە ئەو سەردەمەی کە تێیدا جەماوەر دەگاتە هەموو شتێك و هەموو شتێك دەگەیەنێت. ئیتر دەستەواژەی (تێگەیشتنی قورس) سیفەتێکە بەشیعری نوێوە بەندە، شاعیرەکان ئەو لێپرسراویەتە لەخۆ دەگرن. سەرەڕای ئەوەی کە من لەپێشەنگی ئەوانەدام کە خەلك لەو رووەوە سەرزەنشتم دەکەن، لەبەر ئەوەی قەسیدەکانم تەمومژاوی و قوڕسن، چونکە نە بە چارەسەری ناوەندخوازانە بەسەی لێدەکەم و نە پێی رازی دەبم، ئەوەش دەبێتە هۆی بێزارکردنی ئەوانیدیکە لە خۆم.

**پ/ دەلێن شیعری ژاپۆنی بە مانا خۆرئاواییەکەی لە میتافیزکا دوورە، بیروڕای تۆ چییە؟**

و/ خەیالم بەرەو دنیای ئیستێتیکی و میتافیزیکیم دەبا، بەلأم هیچ سیستمێکی فەلسەفی تێدا نییە، بەلکو لەو دنیایە دەچیٚ کە

قەشەی زن Zen[†††] یان ئەو زانایەی کە لە شامانە تێدەگات و خەونی پێوە دەبینی، یان ئەو زانایەی کە لەگەڵی (ئاینۆ Ainou)[‡‡‡] وەری دەگرێت، کە لە زمانیاندا هیچ تیپێکیان بۆ قسەکردن نییە. کەواتە ئەو میتافیزیکایەی کە من بەلایدا دەشکێمەوە لە فەلسەفە جیایە، یان لە چەمکی میتافیزیکای گشتی، زێتر خەیاڵی و ڕۆمانسییە و نزیکە لەوەی کە لای (ولیەم بلیك) دەبینرێت. بەو ماناش واپێدەچێ پەرگیر بکەوێتەوە.

**پ/ هەتا ئێستا بابەتی "مردن" و "سروشت" بەسەر دیمەنی شیعری ژاپۆنی نوێدا زاڵە، ئایا شیعری هایکۆ و تانکا چۆن راڤە دەکەیت؟**

و/ سەرنجەکانت راستن، سەرەڕای ئەوە من لەو ناونانەی کە ئاماژە بە "سروشت" دەدەن، کەم دەکەمەوە. ئەو دوو بابەتە شوێنێکی گەورەیان لە شیعری ژاپۆنی هەیە، چونکە دوو رەگەزی بنەڕەتی تەقلیدکردنی هونەری–ئەدەبی و رۆشنبیریی ژاپۆنن. بۆ نموونە"باشۆ" دەڵێت: هاوڕێی وەرزەکانی ساڵ بن، هەست بە رۆیشتنی زەمەن بکەن، بەشەوقەوە چاوی تێببڕن. ئەوەی باشۆ مەبەستیەتی دەبێ بەشێوەیەکی میتافیزیکیانە دەرك بکرێت. پێموایە ئەو گوتەیە لە تەقلیدی ژاپۆنیدا هەر لە چەرخی

[†††] زن لە ئایینی بوزی بەو گروپە خواپەرستە دەگوترێت کە جەخت لە حەقیقەت دەکەنەوە.

[‡‡‡] یەکێکن لە دانیشتوانی ئەسڵی یابانی لە باکوری ئەو وڵاتە نیشتەجێبوونە.

ناوەڕاستەوە لەرێگەی بوونی هەستێکی ناسك و بەرز، ئاماژە بەشتەکانی وەك روناکی، زەمان دەدات، ئەوەش هەندێجار واما لێدەکات لە بەرانبەر سروشت و مردن تا رادەی نەخۆشی هەستیار بین.

**پ/ تا رادەی خۆکوژی؟ هەر بەو بۆنەوە چۆن دیاردەی خۆکوژی ئەدیبە ژاپۆنییەکان راڤە دەکەیت؟**

و/ لەپێشدا گوتم بەگشتی مردن و سروشت، دوو رەگەزی بنەڕەتین لە شیعری تەقلیدی ژاپۆنیدا، حەز دەکەم دیاردەی خۆکوژی بەوەوە بەند بکەم.

مردنێکی وەك مردنی (میشیما) و مردنی (کاواباتا- واکۆتاگوا) خەفەتی تایبەتی خۆی هەیە، دەشێ ئەو خەفەتە بە فیکری بوزییەوە بەند بێت. ئەوەی گەلی ژاپۆنی لە هونەر بەدوایدا دەگەڕێت لە خەفەت خواردنی ژیانێکی پەرت و تێپەڕدا کورت دەبێتەوە، کە لە هەمان کاتیشدا تامەزرۆی ئەو ژیانەیە.

هەندێك ئیشکالی تایبەت و ئالۆز لە مەرگی (میشیما) هەیە. بەلام مەرگی (کاواباتا) کە خەلاتی نۆبلی ئەدەبی بەدەست هێناوە، کاتێك تەمەنی حەفتا سالی تەجاوز کرد، لەرێگەی بۆری گازەوە خۆی کوشت، مردنی ئەو بەنیسبەت ئێمە شۆکێکی گەورە بوو. من پێموایە شتێك لە خەفەت خواردن بۆ ژیانێکی پەرت و تێپەڕ و لە هەمان کاتیشدا تامەزرۆیی بۆ ئەو ژیانە لە خەیالی ئەودا هەر مابوو. لەوەدا رێگەیەك بۆ نزیکبوونەوە لە (مردنێك کە هەر دەبێ ببێ) دەبینم، بەلام ئەگەر ئەو رێگەیە تایبەت بێت بە ژاپۆنییەکان،

ئەوە نازانم وەیە یان نا. دواتر قسە لەدوو شاعیر دەکەم، کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مردن و لە مردن نزیك بوونەوە وەك چۆن خۆیان دەیانویست.

یەکەمیان (سائیکیۆ) لە گرنگترین شاعیرانی فۆڕمی کۆن، کە لە چەرخی ناوەڕاستدا بە (واکا–Waka) ناسراوە. سائیکیۆ لە نێو ژاپۆنیەکان خۆشەویستی زۆربە بوو.

دووەم (سانتۆکا) شاعیری هایکۆی ناسراو، بەشێوەیەکی دەربەدەرانە ژیا، ئەوە یەکێکی دیکە بوو، بە تایبەتی لەو سالأنە لەنێو کرێکار و فەرمانبەری کۆمپانیاکان زۆر خۆشەویست بوو. پێموایە کە قسەکانیان لە کۆتایی ژیان و مردنیان کاریگەری زۆری بەسەر عامەی خەڵکەوە هەبوو.

سائیکیۆ قەشەیەك بوو، بەشێوەی زاهید لە چیاکان دەژیا، لە هەمان کاتیشدا شاعیرێکی گەورەی شاعیرانی (واکا) بوو، دەڵێت:

**لە بەهاردا ئارەزووی مردن دەکەم**

**لەژێر گوڵەکانی گێلاس**

**لە ناوەڕاستی مانگی نیسان**

هەر بەراستی لەو وەرزەدا مرد، مردنی ئەو هەر تەنها شتێکی تێپەڕو سادە نەبوو، بەڵکو ئەو کات هەستی هەموو خەڵکی وڕووژاند. لە کۆن، خەڵکی زۆر لە چیاکان مردبوون و پشتیان بە قەدی گێلاسی گوڵ کردو دابوو. هەر وەك ئەو خەڵکانە سائیکیۆ لە کەش و هەوایەکی گوڵئامێز و سۆز بزوێن مرد، سەرەڕای ئەوەش ئەو بە زمانی تایبەتی خۆی گوزارشتی لەو کەش و

هەوایە کردبوو. بۆیە توانی بۆ چەندان سەدە و هەتا ئەمڕۆش هەست ببزوێنێ.
پێموایە مردنی سائیکیۆ مردنێکی لەسەرەخۆ و لای هەموو کەسێك خوازراو بوو. بەڵام بەرانبەر خۆکوشتن هەست بە دڵڕەقی دەکەم. (سانتۆکا) دواین کەسە کە وەك ئەوەی دەیویست لە مردن نزیك بۆوە. شاعیری هایکۆ و تانکا بوو، رۆشنبیرێکی گەورە بوو. لەساڵی 1940 کۆچی دوایی کرد. لەو ساڵانەی دواییدا زۆر خۆشەویست بوو. لە منداڵی دایکی دیبوو کە بۆ ئەوەی بمرێت خۆی بۆ ناو بیر هەڵدا بوو. ئەو رووداوە بە نیسبەت ئەو شۆکێکی گەورە بوو. بەشێوەیەکی نامەعقول مەست، وەك دەروێش دەگەڕا، داوای خێری لە خەڵك دەکرد. ئەو تانکایەی ئەو قەشەیە، قەشەی (زن)ی ئاوارە دەینووسی نەدەچووە سەر ریتمی (5/7/5) بەڵکو لە رێسای شیعری تانکا دەردەچوو، بەشێوەیەکی ئازاد دەینووسی. هەمیشە دەیگوت: "دەمەوێت لەپڕ بمرم". ئەوە روویدا، لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ شاعیرانی دیکەی تانکا لە هەرێمی (تسویاما) بە مەستی لە ژوورێکی تەنیشت ژووری کۆبوونەوە مرد، بێ ئەوەی مردنی ئەو سەرنجی کەس رابکێشێت. لەوانەیە لە کاتی خەوتن لەپڕ مرد بێت. رۆژانەی ئەو شاعیرە زۆر خۆشە. زۆری دەخواردەوە، شەمەندەفەری بە هەڵە رادەگرت، میزی لەسەر جێگە دەکرد. لە ناوەوەی شتی زۆر سەیر هەبوو. بیر لەوە دەکەمەوە لەبایەرەیەوە بنووسم. لە زەمەنی ئەو زۆر لە کەلوپەل فرۆشەکان سەفەریان دەکرد و بۆ خانەی بازرگانی

دادەبەزین، پێموایە یەکێك لەوانە دەڵێت: "باشترین مردن لە خەفڵەتەوەیە".. پێموایە نموونەی سانتۆکا تا رادەیەك فیکری ژاپۆنی لەبارەی مردن راڤە دەکات.

**پ/ تۆ لە مردن دەترسیت؟ ئایا مردن کۆتاییە؟**

و/ تێگەیشتن لە مردن ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر بە مانای شیعری بیر لە مردن بکەینەوە، نەك مانای ئایینی، من وای دەبینم کە لایەنێکی بنەڕەتی ژیان بەپێی نزیکبوونەوەمان لە مردن دەدرەوشێتەوە. کاتێك لە مردن نزیك دەبمەوە یان لە حاڵەتی تا ئەوپەڕی بێهێزی، رۆحم زێتر بەرەو چالاکی داهێنان دەبێتەوە. لە حاڵەتی ژیان لە مردن، هەوڵدەدەم لە هێڵێکی راستی ئەو ژیانە دیاریکراوە، زیاد لە پێویست بپەنمێم. ئەوە فەلسەفەی منە. بەڵێ لە مردن دەترسم، لە هەمان کاتتدا ئەو ترسە، ترسە لە چالاکی ژیانێکی ترسێنەر. ئەوەش بۆ خۆی گرنگترین بەردی بناغەی داهێنانە.

**پ/ ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ژاپۆنی زۆر لەوانیدکە هێمنترە، شیعریش بەشێوەیەك لە شێوەکان پێویستی بە وڕوژانی دەرەکی هەیە، ئەوە چییە پاڵ بە شاعیری ژاپۆنی دەنێ بنووسێت؟**

و/ کاتێك کۆمەڵگە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی شەعبی و چڕ و پڕ تا رادەی کۆمەڵگەی ژاپۆنی ئەمڕۆ، بواری تایبەتمەندی بەرفرەوان دەبێت، واتە تاك گرنگی بە بوارێکی تایبەتی دەدات، بێ ئەوەی پەل بۆ بواری دیکە بهاوێت. بەمجۆرە کۆمەڵگە بەش بەش دەبێت، ئەو بەش بەش بوونەش وادەکات پەیوەندیمان بەیەکەوە زۆر

تەگەرەی تێبکەوێت، تا رادەی نەخۆشی. بەشێك لەو کێشەیەش ناوەندەکانی راگەیاند لێپرسراوێتیەکەی لەئەستۆ دەگرن، رەنگە حاڵەتە ئەبستراکتەکەی ئێمە یەکێك لە سامانە راستەقینەکەی بێت. ئێمە لە سەردەمێکداین کە شت تێیدا تەجاوزی چوارچێوەی نەخۆشی دەکات، بەتەوای وەك پەردەی چەپاندن کە بۆ داپۆشین تا ناخی ژیان درێژ بۆتەوە. ئێمەی شاعیران بەشێوەیەکی بەرفرەوان لەرێگەی پەرچەکردارەوە وەڵامی شتەکان دەدەینەوە، زمانیش بە ئاگاییەکی لەسنور بەدەر بەکار دەهێنین، رەنگە زۆر بەهێز هەست بەو دیاردە نوێیە بکەین، کە بەسەرماندا هاتووە. کەلوپەل و بەرهەمەکان زۆر زیاد بوونە و وایان کردووە بە گرانی بتوانین هەناسە بدەین. ئەوە کێشەی کۆمەڵگەی بەرخۆر و بازرگانی بەش بەش کراوە.

هەتا بە جیدی سکاڵامان بەرانبەر ئەو کێشەیە هەبێ، ئیتر بۆ نموونە من ناتوانم بەرانبەر ژاپۆنی، عەرەبی بکەومە دووتوێی سۆزەوە، یان بەشێوەیەکی هیندییانە ورردببمەوە، چونکە من بۆخۆم نەخۆشم. لێرەوە کێشەکە دەست پێدەکات و دەبێ من رووبەرووی بوەستم. ئەوەش بە کێشەی پەیوەندی نێوان ئایین و شیعر، شیعرو سیاسەتەوە بەندە.

**پ/ ئایا پەیوەندی لەنێوان شیعر و سیاسەت هەیە؟**

و/ بەڵێ، من لەو بڕوایەدام، کە ئەو پەیوەندییە بەشێوەیەکی ریشەیی هەیە. بەڵام تەنها بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز و بەپێی کۆمەڵگەو میدیا نەبێت، دەرناکەوێت. من لەو شاعیرانەم کە

سیاسی نین، هەتا ئەمڕۆش هیچ لێدوانێکی سیاسیم نەدواوە، تەنها هەندێك جاری زۆر کەم نەبێت، ئەو هەڵوێستەشم وای لێکردووم بۆ نووسینی شیعر پێچەوانە بکەومەوە، بەرەو لایەنێك بچم، کە زۆر سیاسی و ترسناك بێت.

پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت سادە نییە، ئەو پەیوەندییە بەشێوەیەکی قوڵ بەیەکەوە بەندن. بۆیە من پێموایە ئەو بابەتە پێویستی بەئاگاییەکی زۆر هەیە.

**پ/ ئەی پەیوەندی نێوان ئایین و شیعر؟**

و/ وەڵامم بۆ ئەو پرسیارە هەمان وەڵامی پرسیاری پێشوو دەبێت. بەڵام هەندێك جیاوازی بچووك هەیە، پەیوەندی نێوان شیعر و ئایین لەپەیوەندی نێوان دوو جمك دەچێت، کە وەستاون و پشتیان لەیەکە و ئازارێك لەلای بڕبڕەی پشتیانەوە بەیەکیان دەبەستێتەوە. ئەو بابەتەش بابەتێکی دیکەیە و پێویستی بە ئاگایی زۆر هەیە. ڕەنگە ئایندەی شیعر بەتەواوی لەو خاڵەوە چەقی بەستابێت، وەك چۆن ئایندەی ئەوەی کە لە کۆنەوە ناومان نابوو ئایین، پشت بەو ئازارە ببەستێت کە پشتاوپشت بە شیعرەوەی دەبەسترێتەوە.

**پ/ بە نیسبەت تۆ دەستەواژەی سیحرئامێزی (تازەگەری، تازەگەری شیعری) چ دەگەیەنێت، کە هیچ وڵاتێك نییە پێیدا تێپەڕ نەبووبێت؟**

و/ دیاریکردنی وشەی (تازەگەری) قورس دەکەوێتەوە، هەتا لە ناوکۆیی زمانی ژاپۆنیش. هەندێك لە شاعیران دەڵێن: تازگەری

کێشەی کۆمەڵگەیە. بەڵام من بۆ خۆم بەبێ خستنەرووی دنیابینییەکی نوێ کە لەناخی خەیاڵ و خودی خۆمەوە هەڵدەقوڵێت، ناتوانم بژیم. من هەمیشە بەدوای تازەگەرییەکی ریشەییدا دەگەڕێم، کە تایبەتە بەخۆم.

**پ/ ئایا شاعیرەکان تازەگەری بەوە تاوانبار دەکەن، کە دەرچوونە لە کەلەپوری شەعبی شیعری ژاپۆنی و ئەوانەی بەو شێوەیە دەنووسن هاوردەن و هیچ پەیوەندییان بە رۆشنبیریی نیشتمانیدا نییە؟**

و/ ئەو بە تاوانبارکردنە هەیە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرناکەوێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەیە. شیعری نوێ بە تیۆرێکەوە پشت بەستە، کە زۆر لە تیۆری قوتابخانەی تەقلیدی بەهێزترە، و قوتابخانەی تەقلیدی ئەو توانایەی نییە کە لەرێگەی بەرهەم و دەمەتەقێوە بەسەریدا زاڵ بێت. ئەوەی کە سەیرە ئەو بەتاوانبارکردنە لە ناوەوەی ئێمەی شاعیرانی نوێخوازدایە، بۆیە لە حاڵەتێکی توندی دڵەڕاوێکێدا دەنووسین و ئەوەش زێتر بەرەو داهێنان پاڵمانپێوە دەنێت.

**پ/ دەڵێن شاعیرانی ژاپۆنی نوێخواز بەلای وردەکاری ژیانی رۆژانەوەن، رای تۆ چییە؟**

و/ بەڵێ، تا رادەیەك. لێرە بۆ نموونە شاعیرێك هەیە بە ناوی (شوئتسی) قەسیدەکانی لەرێگەی وردەکاری ئەو کۆگایەوە دەنووسێت، کە بەدەوریدا دەخولێتەوە. هەروەها شاعیرێکی ئافرەت هەیە ناوی (ئیتۆ هیرومی)یە بەشێوەیەکی زۆر ورد باسی

ئەزموونی "زانی" خۆی دەکات. کاتێك نووسی "زان" جۆرێکە لە "دەردان"، ئەو گوتەیەی لەنێوان خەڵکی مشتومڕێکی زۆری نایەوە. کە شاعیرێك مشتومڕێ دەوروژێنێ، یان کە کۆمەڵگەیەکی هێمن لەرێگەی نووسینی وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەی ئازاد و رادیکاڵانەوە دووچاری شۆك دەبێت، ئەوە شەپۆلێکی شیعری پێکدەهێنێ، هەر لە شەستەکانەوە ئەو مەسەلەیە لە شیعری نوێ سەرنجمان بەرەو خۆی رادەکێشێ. من لەو بڕوایەدام کە ئەوە بۆ ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە، کە شیعری نوێ بە رۆمان و رەخنە دەبەستێتەوە. هەروەها لەو بڕوایەدام نووسینی ئازاد و رادیکاڵانە لەبارەی ژیانی رۆژانە بۆ پێشەنگی هونەری و ئەدەبی پێویستە.

ئەو لایەنە گۆڤاری (کەرتۆن) بەشداری تێدا کردووەو رۆڵێکی گەورەی لە قۆناغی گۆڕانکارییە رۆشنبیرییەکان گێڕاوە.

**پ/ چۆن باسی شیعری خۆت دەکەیت؟**

و/ بە سادەییەکی ترسناکەوە، کە شێتی تێیدا دەخوێنێ. لە ساڵی (1939) لەدایکبووم، دوای لەدایکبوونم بە دوو ساڵ ژاپۆن چووە نێو جەنگی ئەتلەسییەوە. بەمجۆرە منداڵی من لەگەڵ ئەزموونی جەنگ یەکانگیر بوو، کاتێك لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، فرۆکەکان بەشێوەیەکی بەرفرەوان 1939/3/6 تۆکیۆیان بۆردوومان کرد و من لەشار هەڵاتم و بزر بووم، ئەو دیمەنە وەکو فیلم لە یادەوەریم چەسپاوە.

بەڕاستی زەمەنێکی قورس هاوەڵم بوو، لەبەر ئەوەی من ترسنۆك بووم. هەستکردن بە غەریزەی ترس، ریشەی شیعری منی

داپۆشیووە. کەچی گەلی ژاپۆن بەشێوەیەکی گشتی بەلای لەبیرچوونەوەدایە، ئەو یادەوەرییانەیان فەرامۆش کردووە. بەلاّم بە نیسبەت من، دەبیّ لەسەری بژیم... کاتێك دەمەوێت بەهێزەوە گوزارشت لەشتێك بکەم، بۆن یان رەنگی ئەو ترسە دەردەکەوێتەوە. هەروەها ئەو ترسە لە هایکۆ و تانکاش بەرجەستەیە، بەلاّم لەچوارچێوەی سەروای تەقلیدی دیاریکراودا. ئەگەر سۆزێکت لەگەلّ قەسیدەکانی مندا هەبێت، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە پێکهاتووە لە (ترسێك کە هەر دەبیّ ببیّ).

**پ/ بەهۆی بەبیرهێنانەوەی تانکا، ئەو رەنگە تەقلیدییە شیعرییە زۆر کۆنە، گەڕانەوەی چۆن راڤە دەکەیتەوە، کە لە هەشتاکاندا 1980 بەهێزێکی سیحرئامێزلە گۆرەیانی ئەدەبی ژاپۆنی لەسەر دەستی کچە شاعیری گەنجی ئەوسا بە ناوی (تاوارا ماتشی) و لە کۆمەلّە شیعری "جەژنی لەدایکبوونی دەسەلاّت" دەرکەوتەوە؟**

و/ یەکەم، من لە بوونی ریتمی (5/7/5/7/7) دلّنیام و دەزانم لەناخی هەموو ژاپۆنییەکدا بوونی هەیە. هەتا لە دروشمەکانی پیاوانی پۆلیسیش، لەسەر کلاّوەکانیان و لەسەر باسکیان شتیك لەو ریتم و کێشە رێکخراوە. بەبیستنی ئەو ریتمە تاکی ژاپۆنی هەست بە حەسانەوە دەکات. سەرەڕای ئەوە، شاعیر تاوارا ماتشی ئەو کات خاوەنی رۆشنبیرییەکی شەعبی بوو و لە کاتی گونجاو و بەشێوەیەکی باش ئەو رۆشنبیرییەی بەکار دەهێنا، بەلاّم نەك ئازادانە. من کۆمەلّە شیعرەکەیم خۆش دەوێت و خوێندوومەتەوە، رەنگە پێش چەند سالّێك بێت، هەروەها شتی زۆری تێدایە کە لە

رۆشنبیریی شەعبی باو و هەندێکیشی لە Can chuhai وەرگرتووە، (Can chuhai پێکهاتووە لە تێکەڵەیەك شەرابی ژاپۆنی و شەربەتی سۆدە، کە بەزۆری لە شوێنە گشتییەکان لە قوتوکراوە و لە سندوقەکان بەشێوەیەکی میکانیکی دابەشی دەکەن و لە هەموو شەقامەکانی ژاپۆن دەبینرێت).

یان وەك گۆرانی "هۆتێلی کالیفۆرنیا". ئەو کۆمەڵە شیعرە لەگەڵ رۆشنبیریی شیعری باوی ئەو کات یەکانگیر بوو. واتە لەگەڵ رۆشنبیریی ناوەڕاستی هەشتاکان، ئەو کات بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە شیعرە و سەرکەوتن و پێسەرسام بوونی گونجاو بوو.

دووەم، تاوارا ماتشی لەگەڵ شاعیرێکی دیکەی هەمان شێوەی خۆی بەرانبەرکێی دانابوو، ئەویش ناوی (تاکوبۆکۆ ئیشیکاوا) بوو، کە لەساڵی (1912) کۆچی دوایی کرد. لەلای هەردووکیان گۆرانی گوتن بەسەر خۆشەویستی بزر، کە تاکی ژاپۆنی بەشێوەیەکی جیدی پێوەی بەندە، هەروەها خەفەتێکی قوڵ، وجودی هەبوو.

**پ/ ئایا خوێنەر لەکاتی نووسینی قەسیدەدا لەبیری تۆدا وجودی هەیە؟**

و/ من لە گەنجیدا شیعرم بەجۆرێك لە ئیلهام دەنووسی، بۆیە 99٪ شاعیرو نووسەر بووم. بەڵام ئێستا پەنجا ساڵیم تەجاوزی کردووە، هەر لە 35 ساڵییەوە من شیعر دەنووسم، بۆیە 90٪ بوومە خوێنەر و رەخنەگر.

کەواتە قورسە خوێنەر لەولا دابنێم و ئینجا بنووسم. لەڕاستیدا دەمەوێت ژمارەی خوێنەرانم لە ناوەوەمدا کەم بکەمەوە، بەڵام پێدەچێ ئەوە گران بێت.

**پ/ ئەی لەبارەی بزاڤی شیعری دوای نەوەی خۆت، ئایا شاعیرانێك هەن، بەدواداچوونیان هەبێت و گۆڕانیان درووست کردبێت؟**

و/ لەدوای نەوەی من دوو نەوە لە شاعیران هەن، هەر دە ساڵ نەوەیەکی نوێ درووست دەبێت، من لەو بڕوایەدام کە ئەو شتە لە هەموو شوێنێك هەروایە. من بەپێی زەمەن سەر بە نەوەی شەستەکانم. شەستەکان قۆناغێکی ئازادو رادیکاڵ بوو، بزاڤی سیاسی و هونەری تێدا تووند بوو، ئەوەندە شاعیر زۆر نەبوون. بەڵام لە حەفتاکان و هەشتاکان ژمارەی ئافرەتان لە بواری گوزارشتکردن زیادی کرد. ئەوە جیاوازیەکی دیاری نێوان نەوەی من و نەوەکانی دواترە.

**پ/ چۆن وێنەی ئافرەت لەشیعری نوێی ژاپۆنی دەردەکەوێت؟**

و/ پێموایە وەڵامی ئەو پرسیارە بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت، من ئێستا نموونەی دیارم بۆ ئافرەت لەشیعری ژاپۆنیدا لەلا ئامادە نییە. بەڵام دەبینم هێزێکی سەیر و بیرلێنەکراوە دەرکەوتووە و بەجوانی دەشێ ئەو هێزە بە هێزی دایکایەتی یان بە دڵڕەقی غەریزی کە ئافرەت خاوەنیەتی ناو بنێین. بۆ نموونە لەلای ژنە شاعیر (ئیتۆ هیرومی) کە پێشتر ناوت هێنا خەسڵەتێکی هاوبەشی لەگەڵ هیندییە سوورەکان هەیە، ئەو شاعیرە رۆشنبیریی و هونەر

دەبڕێت و راستەوخۆ شوێنێکی سەیر لە ژیان داگیر دەکات. ئەو گوزارشتکردنەم لای ئەو زۆر دیووە، و بە نموونەی ئەو مێیایەتییە سەرسامم.

**پ/ ئایا تۆ ژنت هێناوە؟**

و/ بەڵێ لە ساڵی 1971 لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژنم هێناوە.

**پ/ ژن بەنیسبەت تۆ چ دەنوێنێ؟**

و/ بوونێکی سەیر و لەپێویست بەدەر تەمومژاوی، هەر چەند لەگەڵ ئافرەتێکدا دەژیم، بەڵام هەست دەکەم ژیان لەگەڵ ئافرەت سەیرە. بەبێ ئاگایی دەکەومە ژێر کاریگەری، لەنێوان من ئەو یەك ئەویدیکە فێر دەکات. ئێمە منداڵمان نییە و زمانی دایکمان جیاوازە. هەست دەکەین وەك دوو کەسی شێواو واین کە دۆستایەتی لەنێوانیان پەروەردە دەکرێت.

**پ/ مەبەستت ئافرەت بەشێوەیەکی گشتییە؟**

و/ عەقڵێکی دەبەنگم هەیە، ناتوانم ئافرەت تەعمیم بکەم.

**پ/ ئایا دەخۆیتەوە؟**

و/ بەڵێ زۆر دەخۆمەوە، من زێتر مەستم نەك شاعیر.

**پ/ لەکاتی مەستی دەنووسیت؟**

و/ ناتوانم، پێموایە زۆربە وەکو منن. چونکە لێرەدا سنورێك لەنێوان ئاگایی و نائاگایی، یان لەنێوان بێداری و خەون هەیە، ئەو ماوەیە لە چاوتێبڕینێك دەکات. ئەو حاڵەتەیە کە تێیدا مەستی بەشێوەیەکی نەرم بەرەوپێش دەچێت. کۆمەڵگەی

هاوچەرخ ئەو سنورە بە بازرگانی دەکات. ئاماژەیەك هەیە، كە پێیوایە ئەو سنورە بۆشاییەکی بنەڕەتی و هەستیار، لە مۆسیقا و هونەر بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات. ئەوە بەنیسبەت ئەوان هەناسەدانێکی حەقیقییە. بەمجۆرە حاڵەتی جیدی و حاڵەتی مەستی دەبینین و هەروەها سنورەکەش لەنێوانیان بزرە.

**پ/ چۆن دەژیت و چ کارێك دەکەیت؟**

و/ وەك نووسەرێکی ئازاد بۆ ماوەیەکی زۆر کارم کرد، بەتایبەتی لە تۆکیۆ کە هۆیەکانی راگەیاندنی لێ زۆرە، لەبارەی رەخنەوە دەمنووسی، بەشداریم لە گۆڤاری رێکلامدا دەکرد، زۆر کارم کرد، ژیانێکی سەختم بەسەر برد.

لەکۆتاییدا، واتە لەماوەی نزیکەی هەشت ساڵ لە زانکۆ دەستم بە وانەگوتنەوە کرد. بەڵام ئێستا بۆ کەسێکی وەك من وانەگوتنەوە لە پەیمانگەی رۆشنبیریی دوای ئەوەی گەیشتینە "سەردەمی جەماوەری" بەسەر چوو... حەفتەی دوو رۆژ لە زانکۆ مادەی ئەدەب دەڵێمەوە، کرێی خانوو و خواردن لەو مووچەیە دەدەم.. بەر لە بیست ساڵ بەوشێوەیە تەسەوری ژیانی خۆم نەدەکرد، ژیانم زۆر گۆڕاوە.

# گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر
## تانیکاوە – شونتارۆ:

### من لەو بڕوایەدام لەپاش مردن شتێکی خۆش هەیە، لەسەرووی وێناکردنە پووچەکانی مرۆڤەوەیە

کاتێ قسە دەکات هەستدەکەیت شتێ لە رووخساری هەڵدەقوڵێ. بەشێوەیەکی رەمەکی دەدوێ، وەك ئەوەی بیر لە قسەکانی نەکاتەوە... لاوان خۆشیان دەوێت و بە "مامۆستا" بانگی دەکەن... هەڵبەتە مامۆستای شیعر... بایەخ بەشیعری شەعبی ژاپۆنی کۆن دەدات، زۆر گرنگی بە شاعیرانی ئافرەتی گەنج دەدات، چونکە پێیوایە ئافرەتی ژاپۆنی لە پیاو روونتر و کورت و چڕتر خۆیان دەنوێنن.

تانیکاوە–شونتارۆ پڕ بەرهەمە، بەڵام رەخنەگران زێتر قسە لە هەردوو کاری شیعری: سۆنیتا و کۆمەڵێ وانە لەبارەی کۆکاکۆلاوە دەکەن. ئەو یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی شیعری هاوچەرخی ژاپۆن.

**پ/ ئایا خۆت بە شاعیری ژاپۆنی دادەنێیت، بەچ مانایەك؟**

و/ بەڵێ، تەنها بەو مانایەی کە بە زمانی ژاپۆنی دەنووسم.

**پ/ واتە زمان بە ناسنامەی دەق دادەنێیت؟**

و/ بەڵێ، پێموایە تا رادەیەکی گەورە زمان ناسنامەی دەقە، بەلاّم نەك سەد دەر سەد.

**پ/ تایبەتمەندی شیعری ژاپۆنی بەنسبەت خودی ژاپۆن لەلایەك و بەنسبەت شیعری جیهانی لەلایەکی دیکە چییە؟**

و/شتێکی زۆرم لە شیعری جیهانی نەخوێندۆتەوە تاکو بتوانم بەراوردیان بکەم. بەلاّم بەشداری زۆرم لە ڤێستڤاڵی ناوەوەو دەرەوەی ژاپۆن کردووە، زۆر گوێم لە خوێندنەوەی قەسیدە بەزمانی دایك بووە. لە کۆی ئەو ئەزموونە خاکەڕاییانەی خۆمەوە، بۆم دەرکەوتووە کێشەی شیعری نوێی ژاپۆنی هاوشێوەی کێشەی شیعری ولاّتە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوایە. بەلاّم کە گوێم لە ئیلقای کۆمەڵێك قەسیدەی ئەندەنووسی و بەڕازیلی بوو، جۆرێك لە (دەنگ-نبرە)م تێدا دۆزییەوە، ئەو جۆرە (دەنگە) لە شیعری ژاپۆنی بوونی نییە، ئەو شێوە دەنگە لە شیعرە لۆکاڵەکانەوە نما دەکات. بەمجۆرە ئیلقاکردنی شیعر جۆرێك لە هێز و زیندەگی بەخۆە دەبینێ، هێز و زیندەگییەك کە پڕە لە چالاکی. ئەوە لێکدوورکەوتنەوەی ئەوانە لەگەڵ شیعری ژاپۆنی.

لە (یەکێتی سۆفییەت) لە رۆژێکدا دەیان هەزار دانە لە دیوانە شیعر دەفرۆشرێت، هەروەها لە کۆریا و زۆر لەو ولاّتانەی هەتا ئێستا دووچاری بەرخۆری نەهاتوون. بەلاّم لە ولاّتە یەکگرتووەکان و فەرەنسا و ژاپۆن رۆژ بە رۆژ فرۆشی شیعر کەم

دەبێتەوە. هەرچۆنێ بێت، بەڕای من گرنگترین تایبەتمەندی شیعری نوێی ژاپۆنی دوورکەوتنەوەیە لە پرۆسیسەکردنی نووسینی شیعری شێوە تەقلیدی تانکا و هایکۆ و (کانشی- شیعری چینی). ئەوەش هەر تەنها کێشەی شیعر نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کێشەی زمانی ژاپۆنییە، دەبێ ئەوەش بزانین کە لەمیانی سەدو بیست ساڵدا زمانی ژاپۆنی گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، هەروەها ئەوە کێشەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەشە کە ژاپۆن دوای کرانەوەی بەڕووی جیهان و هێنانی رۆشنبیریی خۆرئاوایی بەشێوەیەکی خێرا بۆ ناوەوە، دووچاری بووە.

**پ/ چۆن لە تازەگەری شیعری دەگەیت، تازەگەری لە شیعری ژاپۆنی چۆن دەرکەوتووە؟**

و/ هەتا ئێستا شیعری ژاپۆنی بەدوای تازەگەرییدا دەگەڕێت. ئێمە لەماوەی ئەو سەد ساڵەی رابردوو بە نیازی نوێگەری دەماننووسی، چونکە تانکا و هایکۆ دوو شێوە بوون لە تەعبیرکردنی کۆن و هەر دەبایە شێوە تەعبیرکردنێکی زێتر تازەو ئازاد بۆ نووسین بدۆزینەوە. بۆیە تازەگەری هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە نسبەت شیعر و بە نسبەت بوارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و هونەری لە نیازی داهێنانێك بەرجەستەیە کە پێشتر بوونی نەبووە. بەو مانایە دەتوانم بڵێم پەیوەندیمان بە تەقلید پەیوەندییەکی دوژمنکارانەو بەرەنگارییانە دەکەوێتەوە، پەیوەندییەکە لەسەر تەجاوزکردن و فەرامۆشکردن وەستاوە.

بەڵام ئێستا هەندێ لە شاعیران هەن گومان لەو شیعرە دەکەن کە بە تازەگەری و هاوچەرخ ناو دەبرێت و وەك پێویست بیر لە شێوەیەکی دیکە پەیوەستبوون بە تەقلیدی خۆمان و شیعری کۆن دەکەنەوە. چونکە تازەگەری هەموو شتێك نییە. هەڵبەتە، تازەگەری شیعریمان و هەروەها مۆزیك و شێوەکاری و ئەوانیدیکەشمان کەوتۆتە ژێر کاریگەری رۆشنبیریی خۆرئاواوە، ئەوەش بۆ سەرەتایی سەدەی "میجی" و دابڕان لە شێوە شیعری ژاپۆنی تەواو تەقلیدی دەگەڕێتەوە و وەك چۆن لەو بارەشەوە بایەخی شیعری ئاسیایی و عەرەبی دیار نییە.

**پ/ ئایا شیعری تازە کەوتۆتەبەر هێرشی شاعیرانی تانکا و هایکۆوە؟**

و/ بەدەگمەن، چونکە شاعیرانی گەنج ئەوانەی ئەمڕۆ شیعری تانکا و هایکۆی دەنووسن، لەشیعری نوێ نزیکن و هەوڵدەدەن لەڕێگەی کۆتایی هێنانی فۆڕم و کێشی دیاریکراو لە چوارچێوە تەقلیدییەکەی شیعری تانکاو هایکۆ خۆیان رزگار بکەن. کەچی ئەوان ئەو شێوە نووسینە بە نزیك لە شێوازی نوێ و جێگەی سەرسام بوون دادەنێن. بەڵام شاعیرانی تانکا و هایکۆی تەقلیدی ئەوان خۆیان ناخەنە میانی شیعری تازەوە نەك هەر هێندەش بەڵکو خۆیانی لێ بەدوور دەگرن.

**پ/ ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینی شیعری ژاپۆنی لە میتافیزیکاوە دوورە، لەو بارەوە چ دەڵێیت؟**

و/ پێموایە لەشیعری نوێ میتافیزیکا بوونی هەیە، ئەوەش یەکێکە لە هۆیەکانی تاراندنی خوێنەری ئاسایی لە شیعری نوێ، هەروەها قورس تێگەیشتنی شیعری نوێ بۆ خوازەیەك دەگێڕنەوە کە زیادەڕۆی تێدا دەکرێ. بەلاّم بە نسبەت تانکا و هایکۆ میتافیزیکای تێدا بەدی ناکرێ.

**پ/ زۆر لە رەخنەگران پێیانوایە کە دوای ئەوەی شاعیرانی دوای جەنگ بڕوابوون بە سروشتیان لەدەستدا، ئیتر شیعری ژاپۆنی هاوچەرخ، بەتایبەتی شیعری تۆ بەدیاریکراوی تەعبیر لە گەڕانەوەی سەر لەنوێی ژاپۆن بۆ بڕواهێنان بە سروشت دەکات.**

و/ من وەك خۆم ئەو نیازەم نەبووە، بەلاّم راستە شاعیرانی دوای جەنگ وەك بابەتێکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ سروشت ناکەن، وەك چۆن شاعیرانی بەر لە جەنگ و لەکاتی جەنگدا پێی هەڵدەسان، بەڵکو بابەتگەلی وەك سیاسەت و کۆمەڵگە و بابەتە مرۆییەکان بەگشتی دەخەنە پێشەوە. ئەوان پێیانوایە هەڵوێستی من نزیکە لە هەڵوێستی بزاڤی (چوار کەژەکە)ی بەر لە جەنگ. لەسەر ئاستی کەسی من پێموانییە سروشت لەلام بابەتێکی سەرەکی بێت، بەڵکو من لە گەردوونێکی بەرفرەوانتر و گشتیتر لە سروشت هەنگاو دەنێم. سەرەڕای ئەوەش لە بەرهەمەکانی مندا سروشت شوێنێکی بەرزی هەیە.

هەتا ئێستا پەیوەندی نێوان سروشت و تانکا و هایکۆ بەهێزە. بۆخۆم دەزانم مەیلم بۆ دۆزینەوەی شیعریەت و پەیوەندی من بە سروشت بەهێزە، هەرچەندە دەمەوێ بیشارمەوە، بەلاّم ئەو

پەیوەندییە هەر بەهێزە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە دایکم لە قوتابخانەیەکی مەسیحی خوێندوویەتی و لەژێر کاریگەری کەش و هەوایەکی مەسیحیانەدا بووە، من لە کاتی لاوییدا لە هەموو دیاردەکانی سروشت: گژوگیا و دارودرەخت و رووبارەکان.... هتد هەستم بە بوونی خواوەندێك دەکرد.

**پ/ شاعیرانی دوای جەنگ، رەوانبێژی تەقلیدیان رەتکردەوە و بەرەو تەمومژ و خوازەو مەجاز هەنگاویان نا؟**

و/ من نازانم لێرەدا مەبەستی تۆ لە رەوانبێژی چییە. بەلأم ئەو قسەیە بەرووە گشتییەکەی راستە، بەکارهێنانی خوازە لەدوای جەنگ زیادی کرد، نەخوازە لای ئەوانەی دوای "مۆدیلی" شیعری هاوچەرخ کەوتوون، واتە شاعیرانی تازەگەر. وەك چۆن کۆمەڵێك شاعیریش هەن هەروەك شاعیرانی بەر لە جەنگ، زۆر بەکاری ناهێنن و قەسیدەی ئاسان و روونیان پێباشترە. ئەگەر مەبەستت لە رەوانبێژی تەعبیری بۆش و ئاڵۆوالأی زیاد لەپێویست و زیاد لە پێویست ئیستێتیکی بێ، بڕوا ناکەم کە شاعیرانی بەر لە جەنگ بەکاریان هێنا بێ، چونکە مرۆڤی ژاپۆنی لە رەوانبێژی سڵ دەکاتەوە، جوانی لە شتی سادە و ئاساندا دەبینێتەوە. شاعیرانی تانکا و هایکۆ بێ ئەوەی بایەخ بە بابەت بدەن، جا چ ئەو بابەتە کۆمەلأیەتی بێ یان سیاسی و فەلسەفی بێ، بۆخۆیان پشت بە رەوانبێژییەکی تەقلیدی دەبەستن.

**پ/ کەواتە ئایا پێتوایە بە گواستنەوە لە رەوانبێژی تانکا و هایکۆ و هەنگاونان بەرەو شیعری سادە، بە تازەگەری شیعری بگەیین؟**

و/ ئەو کێشەیە ئاوا بەسادەیی قسەی لێناکرێ، بەڵام ئەوەی دەتوانم بڵێم ئەوەیە کە شیعری ژاپۆنی لە قۆناغی ڕەوانبێژی و فۆڕمی دیاریکراوەوە بەرەو قۆناغی گرنگیدان بە بابەت هەنگاوی ناوە. بەڵام دوای ئەوەی شاعیرانی دوای جەنگ لەسەر بابەت و پابەندبوون بە کۆمەڵگە وەستان، کەچی کاتێك من قەسیدەی گەنجەکان دەخوێنمەوە، دەبینم دووبارە لەنوێوە بۆ ڕەوانبێژی گەڕاونەتەوە. واپێدەچێ لاوەکان ئەوەی لایان گرنگە تەنها ئیستێتیکای زمانەوانییە، بێ ئەوەی ئەوە روون بکەنەوە کە چییان لە قەسیدە دەوێ.

**پ/ ئەوە یەکێکە لە ژانوژوارەکانی قەسیدەی ژاپۆنی، لەو بارەوە چیدیکە هەیە؟**

و/ بەهۆی لاوازی و سستییەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ناگونجێن، بۆیە جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ، هیچ کەس گرنگییان پێنادات. من بۆخۆم پێویستم بە خوێندنەوەی بەردەوام هەیە، من هەر دەنووسم ئەگەرچی نەشخوێندرێتەوە. هیوادارم بخوێندرێمەوە، تاکو شیعر پشتگوێ نەخرێ.

بەڵام شەپۆلی گشتی شیعری تازە دان بەو تەگەرەیە دادەنێ و بۆخۆیان قەناعەتێکیان لادرووست بووە، بۆیە مەیلی گۆشەگیری دەکەن.

**پ/ کەواتە، ئایا تۆ لە شیعردا پشت بە سادەیی دەبەستی؟**

و/ دەنووسم و قەناعەتم وایە کە شیعر بێ خوێنەر مانایەکی نییە، لێرەدا شاعیرانێك هەن هەر تەنها بۆ هاورێکانیان دەنووسن، نکۆڵی لە خوێنەرانی دیکە دەکەن.

**پ/ تۆ هەست بە ناکۆکییەك ناکەیت، لەنێوان ئەوەی بە "قەسیدەی هونەری" و ئەوەی بە "خوێنەری ئاسایی" ناو دەبرێت؟**

و/ نەخێر. شتەکان بەپێی وێنەی خوێنەران دەگۆڕێن. من بە ئەنقەست قەسیدەیەکی ئاسایی لەپێناو ئەوانە نانووسم کە بەردەوام گۆڤاری "کارتۆن" (نیگاری جولەدار) دەخوێننەوە. (سەرنج: گۆڤارە نیگارئامێزە جولەدارەکان لە ژاپۆندا بە هەزاران دەردەچن، گەلی ژاپۆن وەك چۆن بابەتی برنج ئیستهلاك دەکەن بە هەمان شێوەش ئەو گۆڤارە ئیستهلاك دەکرێت)

**پ/ کاتێ دەنووسی وێنەی چ خوێنەرێك لە بیرکردنەوەدا هەیە؟**

و/ هیچ خوێنەرێك، ئەوان ئەوانیدیکەن و من دەمەوێ لەڕێگەی زمانەوە پەیوەندییان لەگەڵ ببەستم. من نە هیچ شتێك درووست دەکەم و نە فەرمانبەرم لە کۆمپانیایەك. من بەگشتی رۆڵ لە کۆمەڵگەی ژاپۆنی و مرۆڤایەتیدا دەگێڕم، دەمەوێ ئەو رۆڵە لە رێگەی نووسینی شیعرییەوە بگێڕم. کاتێك لە گۆڤارگەلێك یان رۆژنامەگەلێك دەنووسم، کە بە ملیۆنانی لێ چاپ دەکرێ، هەر دەبێ بکەومە ژێر کاریگەری و بوونی خوێنەرانی ئاساییەوە، با ئەوانیش بیر لە تێگەیشتنی قەسیدەکانم بکەینەوە. بەڵام کاتێك لە گۆڤارێکی تایبەت بە شیعر دەنووسم، ئەوە بایەخ بە خوێنەر نادەم

و مەیلی ئەزموونێکی زمانەوانی نوێ دەکەم، یان بەرەو بابەتێك دەچم، کە شاعیران دووچاری دەغەڵی دەکات. لەسەر ئەو ئاستە لەناوەوەی خۆمدا هەست بە جۆرێك لە ناکۆکی دەکەم. لە قەسیدەکانی یەکەمم دیوانێك کۆ دەکەمەوە، لە قەسیدەکانی دووەمم دیوانێکی دیکە، هەر یەکەیان لە دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی جیاواز بەچاپ دەگەیەنم.

**پ/ پەیوەندی تۆ بە زمانەوە چییە، ئایا زمان لای تۆ هۆیە یان ئامانج، بەکورتی چۆن لە زمان دەڕوانی؟**

و/ زمان لای من هەموو شتێکە، لە هۆ و ئامانجیش زێتر. هەڵبەتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویدیکە نکۆڵی لە زمان ناکەم، بەڵام پێموایە من ناتوانم هیچ لێپرسراویەتێکی کۆمەڵایەتی هەڵگرم تەنها لەڕێگەی زمان بەگشتی و زمانی شیعری بەتایبەتی نەبێ. بۆیە لای من قورسە زمان وەك بابەت تەماشا بکرێ.

**پ/ چۆن سەیری پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت دەکەیت؟**

و/ هەر دەبێ پەیوەندییان لەنێواندا هەبێ، سەرەڕای جیاوازییە دیارەکان و هەندێجار ناکۆکی نێوان گوتارەکانیان: گوتاری شیعری و گوتاری سیاسی. بەڵام زمان لە هەردووکیان هەر زمانە. ئەوەی جیاوازە کەسی قسەکەرە، هەروەها چۆنێتی بەکارهێنانی قسەکردنیش. زمانی سیاسی حەقیقەت ناخاتە روو، نەخوازە لای ژاپۆنییەکان. بەڵام زمانی شیعری هەوڵدەدا راستگۆ بێت و بەپێی توانا لە حەقیقەت نزیك بێتەوە. لەسەر ئەو ئاستە پەیوەندی نێوان زمانی شیعری و زمانی سیاسی دژبەیەك و ناکۆك دەکەوێتەوە.

**پ/ ئایا دەتوانی شیعرێك بنووسی پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبێ، نەخوازە لەو زەمەنە کە زەمەنی سیاسەتە؟**

و/ بەڵێ. بەشێوەیەکی نیازئامێز دەتوانم شیعرێك بنووسم هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبێ. بەڵام ئەگەر شیعر هەر تەنها بەرهەمی واقیعی رۆژانە بێ، ئەوە دەبێتە قوربانی گوتاری سیاسی. هاوڕێ ئەمریکییەکانم پێیانوایە شیعری ژاپۆنی هاوچەرخ زۆر گوێ بە بزاڤی کۆمەڵایەتی نادات، بەوەش گوناهباری دەکەن کە بەتەواوی لە سیاسەتەوە دوورە و خۆی لە سیاسەت ناخشێنێ. بەڵام من قەناعەتم بەو دیاردەیە نییە، من دەمەوێ شیعرێك بنووسم بە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژاپۆنییەوە پەیوەست بێ.

بەڵام هەتا ئێستا ئەو مەسەلەیە قورس خۆی نیشان دەدات. هۆی دوور کەوتنەوەی گەلی ژاپۆنی لە سیاسەت، بۆ مێژووی ژاپۆن دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم، هەندێ لە شاعیران جۆرێ لە شیعری وروژێنەریان دەنووسی، لەپاش جەنگیش جۆرێك لە قەسیدەیان دەنووسی کە بە کۆمەڵگەوە پەیوەست بوو، کۆمەڵێك شیعری دژ بە بۆمبی ئەتۆمی و شیعرگەلێکی پەیوەست بە فیکری شیوعییەت، بەڵام هەموو ئەو قەسیدەو شیعرانە هەڵگری بەهایەکی بەرزی شیعری نەبوون، بۆیە وامان لێهات خۆمان لە شیعری سیاسی راستەوخۆ بپارێزین، چونکە زێتر بەلای پرۆپاگندەو وروژاندا دەچێ. بەگشتی لە شیعری ژاپۆنی تەقلیدیدا خواستێکی بەهێز هەیە، کە پێیوایە

شیعری پرۆپاگندەئامێز و وڕوژێنەر هەر شیعر نییە. رەنگە لەو ئاستە و بەدیاریکراوی لەو خاڵەوە شیعری ژاپۆنی لە شیعری جیهانی جیاواز بێ.

گۆڤاری "هۆ کۆترەکە" لەکاتی جەنگی کەنداو وای نیشان دەدا کە شاعیرانی جیهانی لەبارەی ئەو جەنگەوە دەنووسن ئەو بانگەشەکردنە لە ژاپۆن مشتومڕێکی توندی لێکەوتەوە، هەندێ وەلامی ئەو بانگەشەیان دایەوە، بەلام زۆربەیان رەتیان کردەوەو هێرشیان بۆ ئەوانە برد کە وەلامی بانگەشەکەیان دابۆوە.

**پ/ بێگومان نووسینی شیعر، لەزۆربەی جار پێویستی بە وڕوژانێکی دەرەکی هەیە، پێویستی بە شڵەژانێکی دەرەکی هەیە، ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ژاپۆنی لە بارێکی هێمن و جێگیردا دەژی، رەنگە لە کێشە دوور بێ، مرۆڤ هەمیشە حەز لە ئاسایش و دڵنیایی دەکات.**

و/ بەڵێ نووسینی شیعری پێویستی بە شڵەژان هەیە، بەلام شڵەژان بە نسبەت من لە پرسیارکردنی بەردەوام هەڵدەقوڵێ، پرسیارکردن لەبارەی خودی خۆم، لەبارەی قەسیدەکانی پێشووم، کاتێ بەشێوەیەکی گشتی دەمەوێ لە ناخی خۆم بێمە دەرەوە، ئەو کاتەی کە ئاگاییم بەشێوەیەك داپۆشراوە کە تەعبیرکردن تێیدا قورس دەکەوێتەوە، ئەو کاتە من هەست بە شڵەژانی حەقیقی دەکەم. بۆ نموونە بەر لە سێ یان چوار ساڵ قەسیدەیەکم بۆ مندالان بەناونیشانی "عری" نووسی: نیازم ئەو منداڵە نەبوو کە لەبەرانبەرم یاری دەکرد، بەڵکو هەوڵمدابوو تەعبیر لەو منداڵە

زیندانیکراوەی ناوەوەی خۆم بکەم، کاتێ من لەڕێگەی زمانەوە هەوڵی دەرهێنانی ئەو منداڵەم دەدا، شڵەژانێکی توونەدم لا درووست بوو، چونکە هەر راڤەکردن و لێکدانەوە بەس نییە، هەر دەبایە هەموو چینەکانی مانا ئامادە بکەم، کەواتە یەکەمجار شڵەژان لە ناوەوەدایە.

هەڵبەتە ژاپۆن لە کێشە خاڵی نییە، سەرەڕای ئەوەی من بە باشترین وڵاتی جیهانی دادەنێم: بەلاّم لێرەدا کێشەی پیسبوونی ژینگە و سروشت لەئارادایە، ئابووری ژاپۆن کەس نازانێ گەشەکردنەکەی کەی دەوەستێ.

پێموایە ئەو کێشانە بێ ئاگا و بە ئاگاوە پاڵەپەستۆی خۆی لەسەر من درووست کردووە، بەلاّم من لە ناوەوەی خۆم کێشەم هەیە، کێشەی خودی خۆم بەسەرمدا زاڵە، تا رادەیەك کە ناتوانم لەگەڵ دەرەوەی لێکیان جیا بکەمەوە.

**پ/ تۆ گوتت من لە کەش و هەوایەکی مەسیحیانەدا ژیاوم، ئەوەش کاری لە بەرهەمەکانت کردووە، چۆن سەیری پەیوەندی ئایین و شیعر دەکەیت؟**

و/ ئەو کێشەیە لە ژاپۆن تایبەتە بەوانەی هەڵگری هەستێکی ئایینین. دەڵێن هەر بە وراسە بنەماڵەی ئێمە بوزیین، بەلاّم من خۆم بە بوزی دانانێم، بە ئایینێکی یەکتاپەرستی وەك مەسیحی یان یەهودی پەیوەست نیم. بەلاّم هەر لە بچووکییەوە هەستێکی ئایینی نادیار لە ناخمدایە، پێموایە ئەوە لە شیعرەکانمدا رەنگی داوەتەوە. لەو بڕوایەدام زۆربەی ژاپۆنییەکان وەك منن: هەستێکی

ئاییینی نادیاریان تێدایە، کە سەر بە ئاییینزا، یان ئاییینێکی دیاریکراو نییە. لە شیعری ژاپۆنی "میازاوە کانجی" مان هەیە بۆ نموونە نزیکە لە رۆحی بوزی و ئاییینی بەگشتی. بەڵام لە شیعری تازە هیچ کەسێك نابینم کە پەیوەندییەکی بەتینی بە دەقی ئاییینییەوە هەبێ، بەڵام دەشێ شاعیرێکی وەك " گۆزۆ یۆشیماس" نزیك بێ لە فیکری شینتۆیی.

**پ/ ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە شیعر ئەوپەڕی زمانە، کۆتاییەکانیەتی و پەخشان بەو شوێنە ناگات؟**

و/ لەو بڕوایەدانیم شیعر کۆتایی بێ. پێموایە جیهانی مرۆیی لە رەگەزی شیعر و پەخشان پێکهاتووە: دژ بەیەك دەکەونەوەو کێبڕکێ لەگەڵ یەك دەکەن، لە کۆتایشدا هەر تەنها جیهانی ئەدەبی دروست ناکەن، بەڵکو هەموو جیهانی مرۆیی دەسازێنن. بۆیە بەتەنیا پێداگرتن لەسەر لایەنی شیعر بەرەو هەڵەمان دەبات، پێموانییە شتێك لەو دیوو شیعر هەبێت. پێموایە شتێك هەیە جیا لە شیعر و پەخشان، ئەویش لە هەمان کاتدا شیعر و پەخشانە بەیەکەوە، کاتێکیش دروست دەبێ کە شیعر و پەخشان دەگەنە یەك و هارمۆنی دەکەونەوە.

**پ/ ئایا تاکو ئێستا ئەو قەسیدەیەت نووسیوە کە دەتەوێ، یان بەدوایدا دەگەڕێیت؟**

و/ راستە هەندێ لە شیعرەکانم سەرسامم دەکەن، بەڵام زۆربەیان بەرهەمی ویستی من نین، بەڵکو بەرهەمی نەستی منن. هەندێ شیعر هەن، دەمەوێ بیانووسم بەڵام ناتوانم: کاتێ گوێ لە

مۆزیکای "مۆزار" دەگرم هەستێکی سەیر دەمبا، ئاواتەخوازم بە زمان تەعبیری لێبکەم، بەلاّم تاکو ئێستاش نەمتوانیووە ئەوە بکەم.

**پ/ چۆن سەیری ئەوە شیعرییەکانی دوای خۆت دەکەیت، بەتایبەتی لاوان؟**

و/ لە زۆربەیان ناگەم، نازانم چییان لە شیعر گەرەکە، کاتیٚ لەسەر شێوازی نووسین دەکەوینە مشتومڕ، هەست بە جیاوازییەکی توند دەکەم، جیاوازی نێوان من و ئەوان. بۆ نموونە یەکێك لە شاعیرە لاوەکان دەڵیٚ: ژیانی رۆژانە بە نسبەت من واقیعی نییە، ئەو شیعرەی کە دەینووسم واقیعە. هەندێجار لە شیعری خۆم هەست بە جۆرێك لە واقیع دەکەم و بیر دەکەمەوە دەڵێم زمان بۆخۆی واقیع درووست دەکات. ئەوە راستە، بەلاّم پێموایە ژیانی رۆژانە ئەو واقیعەیە کە هەر دەبیٚ بەشێوەیەك لە شێوەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بەکورتی بۆشاییەك لەنێوان خۆم و گەنجەکاندا دەبینم. بەلاّم من بەرهەمی هەندیٚ لە ئافرەتە شاعیرەکان زۆر چێژم پێدەبەخشیٚ. راستییەکەی زێتر بایەخ بە شیعری هاوچەرخی ئافرەتان دەدەم، نەك پیاوان. زۆر لە ژاپۆنیەکان هەمان شت دەڵێن.

**پ/ ئەوە وامان لێدەکات قسە لە ئافرەتێکی گەنجی شاعیر بکەین بەناوی "تاوارە ماتشی" کە توانیوویەتی لەنێو پانتایی ئەدەبیدا شیعری تانکای تەقلیدی دووبارە بگێڕێتەوە شوێنگەی خۆی، چۆن ئەو گەڕانەوەیە بەو هێزەوە راڤە دەکەیت؟**

و/ بەشێوەیەکی قوڵ دەلالەت لە بوونی ریتمی تانکا دەکات، لەنێو ژاپۆنییەکاندا. وەك چۆن شاعیرانی دوای جەنگ سەرەڕای ئەوەی بە خەیاڵ پێیانوابوو توانای رەتکردنەوەی فۆڕمی تەقلیدییان هەیە، بەلاّم لە راستیدا نەیانتوانی فۆڕمی شیعری تەقلیدی رەتبکەنەوە. چونکە شیعری تازەی هاوچەرخ هیچ فۆڕمێکی دیاریکراوی نییە، بەلاّم تانکا و هایکۆ بەهۆی کێش و ریتمەکانیانەوە خۆڕاگر مانەوە. بۆیە هەندێ لە شاعیران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە فۆڕمێکی دیاریکراو بۆ شیعری هاوچەرخ بدۆزنەوە. بەلاّم ئەوە لە مەحاڵەکان بوو.

هەڵبەتە ریتمی (5،7،5) لە دوای جەنگ بە ریتمی کۆیلەکاران دادەنرا. هۆیەکەش ئەوە بوو کە زۆرێك لە شاعیران، شیعری تانکا و هایکۆیان بۆ شکۆی جەنگ نووسی، بە هەمان شێوە هەندێ لە شاعیران لەسەر ریتمی "5/7" (کە بە عەرەبی بە شیعری تەفعیلە ناوی دەبەن) وەك شکۆیەك بۆ جەنگ نووسی. بەلاّم شاعیرانی دوای جەنگ لە فۆڕمی دیاریکراو خۆیان پاراست لە ترسی ئەوەی نەبادا بەبێ ناوەڕۆك و بەبێ مانا، هەر تەنها ریتمەکە خەڵکی مەست بکات... بەر لە جەنگ ئێمە زۆرێك لە شیعری ئەمریکی و ئەورووپیمان تەرجەمە کرد، نووسینێکی شیعریمان وەرگرت کە لەرووی ریتمەوە لەگەڵ تانکاو هایکۆ جیاواز دەکەوتەوە. ئیقاعەکانیان لەسەر "7/5" بوو (شیعری تەفعیلی) دوای ماوەیەك، دەشێ دوای جەنگ بێ، بینیمان ئەو فۆڕمەش بۆخۆی بۆتە کۆتێك، بۆیە روومان لە شیعرێك کرد، کە لەهەموو کۆت و

بەندێك ئازاد بێ. بە هۆی ئەو ئاڕاستەیە تەعبیر و زمانمان تازە کردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا شیعری ژاپۆنی ریتمی خۆی دۆڕاند و سنووری شیعر و پەخشان کەوتە نادیارییەوە. هەوڵماندا و هەتا ئێستاش هەوڵدەدەین شتێکی نوێ دابهێنین و بەدیوەکەی دیکەش فۆڕمێکی دیاریکراوی نەبێ، بەڵام خەڵکی ئاسایی ئارەزووی ریتمخوازی دەکەن، واتە مەیلییان بەرەو چێژی بیستن و لیریکی دەچێ. بۆیە فۆڕمی تانکا و هایکۆ مردنی بۆ نییە، بەڵکو زێتر و زێتر بڵاو دەبێتەوەو دەبوژێتەوە، جیاوازی زۆریش لەنێوان ژمارەی شاعیرانی ئەو دوو فۆڕمە و لەنێوان شاعیرانی تازەگەردا هەیە. من لەو بڕوایەدام کە ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ژاپۆنی: نووسینی شیعری ژاپۆنی پیشەی دەستەیەکی دیاریکراو نییە، ئەگەر شیعری تانکا و هایکۆ لەبەرچاو بگرین، ئەوە زۆرن ئەوانەی شیعر دەنووسن.

**پ/ ئافرەت بە نسبەت تۆ چ دەگەیەنێت؟**

و/ لەکاتی گەنجیمدا دەمپەرست، بەڵام ئێستا پێموایە ئەو پەرستنە پەیوەندی بە گرێی دایکەوە بووە. جاران پێموابوو ئافرەت لە پیاو جیایە و لەسەر زەویش هەر دەمێنێتەوە. واتە لای من زەوی نوێنەرایەتی دایکی دەکرد. پێموابوو ئافرەت شتێکی گەورەیەو بەتەواوی لەمن جیایە. بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە ئەرزش دانەنانە بۆ ژن وەك مرۆڤ، دوای ئەوەی بەرە بەرە گەورە بووم گەیشتمە ئەوەی کە ئافرەتیش وەك من مرۆڤە و بەڵام خاوەنی هەندێ شتە کە پیاو خاوەنی نییە. زۆربەی

ئەوەی کۆمەڵگەی ژاپۆنی لەبارەی مێ و نێرەوە ناوی دەنێ، من بڕوام پێ نییە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا جیاوازی نێر و مێ بوونی هەیە، زۆر بە سادەیی ئەو جیاوازییە گرنگە. پیاو لە فیکر- وێناکردن و پێشکەوتن- بەدوای ئەبستڕاکدا دەگەڕێ، بەلاّم ئافرەت دەتوانێ گاڵتە بە هەموو ئەوانە بکات. پیاو دەیەوێ هەموو شتێ لەڕێگەی زمانەوە بخاتە روو، بیکاتە شتێکی تەکنۆلۆژی و لەدووتوێی چەمك و فیکر رێکیان بخات، بەلاّم ئافرەت لە راستیدا جۆرێکی دیکەیە و پێویستی بەو جۆرە کردەیە نییە.

پ/ ژنت هێناوە؟

و/ سێ جار ژنم هێناوە، ژنی یەکەمم نیو ساڵ لەگەڵی ژیام، ژنی دووەمم 25 ساڵ، ژنی سێیەمم لە ئایاری ساڵی 1990 هێنا.

پ/ منداڵی تۆ چۆن بوو؟

و/ من تەنیا کوڕی ماڵ بووم و لەژێر چاودێری دایکمدا بووم. خێزانەکەمان هیچ جۆرە کێشەیەکی ئابووری نەبوو، بۆیە منداڵی من زۆر خۆش بوو. بەلاّم کاتێ چوومە قوتابخانەی سەرەتایی ئیتر ئەو ماوەیە بۆ من قورس و تەنگ کەوتەوە، هەروەها کە شەڕ توندی کێشا و پاشان ژاپۆن دووچاری شکست بوو، ئیتر کۆمەڵگەی ژاپۆنی دووچاری شڵەژان بوو، ئەو ماوەیە ئاسان نەبوو.

پ/ کەواتە، لەبارەی جەنگەوە یادەوەری خۆت هەیە؟

و/ هەڵبەتە، دێتەوە یادم کە هێزی ئەمریکی بەشێوەیەکی چڕ (تۆکیۆ)ی بە فڕۆکە بۆردوومان کرد، بۆمباکان لە نزیک ماڵەکەم هەموو شتێکیان دەسووتاند. لەپاش رۆژی دووەم لەگەڵ هاوڕێیەکم چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی تەماشای خۆڵەمێشی مردووەکان بکەین، هەتا ئێستاش ئەو دیمەنە لە یادەوەریمدا ماوەتەوە. لە سەرەتادا زۆر چێژم لە دیتنی فڕۆکە و ئاگرکەوتنەوە وەردەگرت: دیمەنێکی جوانی هەبوو، زێتر لەوەی ترسناك بێت. بەلاّم دیمەنی تەرمە سووتاوەکان زۆریان ترساندم و هەتا ئێستاش کە ئەو رۆژەم بیر دەکەوێتەوە، دەلەرزم.

**پ/ پێتوایە مردن کۆتایی کۆتاییەکانە و لەپاش ئەو هیچ شتێکی دیکە نییە؟**

و/ من زۆر خۆم لەوە هەڵدەقولتێنم تاکو بزانم لەپاش مردن چ هەیە، سەرەڕای ئەوەی من زۆر دڵنیا نیم، بەلاّم لەو بڕوایەدام شتێك لەدواییدا هەبێ. لە کاتی منداڵیدا هەستم دەکرد دەتوانم لەپاش مردن ئەوانە ببینم کە بەر لەمن مردوون. بەلاّم مرۆڤ لەبەر ئەوەی زیندووە، بۆیە ناتوانێ وێنای ئەو حاڵەتە بکات. کەواتە من لەو بڕوایەدام لەپاش مردن شتێکی خۆش هەیە، لەسەرووی وێناکردنە پووچەکانی مرڤەوەیە، بەلاّم بڕوای من ناکەوێتە سەر وێنەیەکی روون و ئاشکرا یان سەر ئیمانهێنان بە فیکرەکانی دۆنادۆن و بەهەشت و جەهەنەم.

**پ/ چۆن دیاردەی خۆکوژی ئەدیبە ژاپۆنییەکان راڤە دەکەیت؟**

و/ پێموایە دیاردەی خۆکوژی ئەوەندە زۆر بلاو نییە. شاعیرەکان زۆر خۆکوژ نیین رۆماننووسەکانن بەخۆکوژی هەڵدەسن. هەرچۆنێ بێ، پێموایە ئەوە شتێکی سەیرەو کەمتر پەیوەندی بە شاعیرانی ژاپۆنییەوە هەیە، هۆکاری خۆکوژی رۆماننووسەکانیش جۆراو جۆر و جیاوازە. جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە پێموانییە خۆکوژی نووسەرێ یان دوو نووسەر، دیاردە درووست بکات.

# گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر
# ریوسیە – هاسیگاوە:

## شیعری من وەك مەی وایە، هەتا کۆن نەبێ، ناخورێتەوە

دوو جار بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە: جاری یەکەم کاتێ کە هەموو شتێکی لە جەنگی جیهانی دووەم لە دەست دا، ئەو جەنگەی کە ماڵەکەی و مەکتەبەکەی لە شاری "ئۆساکا" وێران کرد. جاری دووەم کاتێ کە ترسی لەوە بوو وەك شاعیر دووچاری سەرنەکەوتن بێ و وەك داهێنەرێکی حەقیقی خەریك بوو بڕوا بەخۆبوون لەدەست بدات... کاتێ گوێت لێدەگری وەك ئەوەیە گوێی لەو شتانە گرتبێ کە بە جەنگەوە بەندن.. بەلەسەیەکی حەپەساو.. گوێگرێکی سەیر.. زل وەك قەبارە.

زۆر کەم لە ماڵەوە دەیدۆزیتەوە. زێتر لە دوو مانگ مامەوە و لە تۆکیۆ بەدوایدا دەگەڕام، هەموو جارێك خێزانەکەی دەیگوت: دەرچووەو نازانم کەی دەگەڕێتەوە.. لە ژیانی ماڵ هەڵدەهات.. رەنگە خۆی تاقیبکاتەوە، یان بیەوێ وەك "پلێنگ"ەکان بژی.. بە راستی دەیویست لەو وێستگەیەی کە خۆی تێدا حەشار دابوو، لێم رابکات و هەلی ئەو گفتوگۆکردنەم لە دەست بدات..

باوکی سامانە زۆرەکەی خۆی بەسەر ژناندا پەرت و بڵاو کرد بوو.. ئیتر شەڕ هات بۆ ئەوەی ئەویش سامانی خۆی پەرت بکاتەوە.. بەو چارەنووسە رازی بوو و بەگشتی لەبارەی "وزە": وزەی نێو شتەکان دەینووسی، وزەی نێو خاك، درەخت، ئاژەڵ... هتد. ئەو شاعیر و توێژەری وزە بوو، هەر وزەیەك..

لە ساڵی 1928 لەدایکبووە، گرنگترین کاری شیعری: پڵینگ، هەڵبژاردە شیعرییەکان بوو.

**پ/ ئایا خۆت بە شاعیرێکی ژاپۆنی دادەنێیت، بەچ مانایەك؟**

و/ خەریکە نەتوانم خۆم بە شاعیریکی ژاپۆنی دابنێم، هەڵبەتە رەگەزنامەی ژاپۆنیم هەیە، بە زمانی ژاپۆنیش دەنووسم، بەلاّم ئەو شوێنەی بابەتی قەسیدەکانمی لێوە بەدەست دەهێنم لە ژاپۆنەوە دوورە. زۆر سەفەرم بۆ وڵاتانی بێگانە کردووەو گەڕاوم، بۆیە لە شیعرەکانمدا کۆمەڵێك شاری جۆراجۆر بە ژاوەژاوەکان و خەڵکەکانیانەوە دەردەکەون، ئەگەرچی شیعرەکانم شیعری گەشتیاری نین. چونکە من کاتێك سەفەر بۆ وڵاتێك دەکەم، وەك ئەوە نانووسم کە من بەشێك بم لەوان و لە هەستەکانی خەڵکی ئەوێدا بەشداریم هەبێ. بۆیە سەرەڕای ئەوەی من لە رەچەلەکی ژاپۆنیانم بەلاّم کاتێ ئێوە قەسیدە وەرگێڕاوەکانم بۆ سەر زمانانی دیکە دەخوێننەوە، رەنگە وەك شاعیرێکی ژاپۆنی پۆلینم نەکەن، لە شیعرەکانم هیچ ژاپۆنییەك ناس نەکەن. هەتا بە نسبەت ژاپۆنییەکانیش نامۆم.

**پ/ کەواتە، زمان بە پێناسەی شیعر نازانی؟**

و/ نەخێر، ئەگەرچی من هەر تەنها بە زمانی ژاپۆنی دەنووسم، بەلاّم پێموایە بە راستی خوێنەری شیعری من لە ژاپۆن کەمن، تەنها ئەوانە نەبن کە بایەخ بە ولاّتانی بێگانە دەدەن. ئەوە لە کاتی نووسینی دەقێکی شیعریم کە لەبارەی (ژاپۆنی–ئەمریکی) بوو، روویدا. نەخێر، بە نسبەت من زمان ناسنامە نییە.

کاتێك شیعری من دەخوێنیتەوە زۆر کەم نەبێ، هەست بە رەوانبێژی ناکەیت، چونکە من بە زمانێکی ئاسایی دەنووسم، ئەوانەی بەو زمانە ئاساییە دەنووسن لە ژاپۆنیەکان زۆر دوورن و لێرەشدا ئاستەنگی شیعری ئەوان دەردەکەوێت.

**پ/ گرنگترین کێشەی شیعری نوێی ژاپۆنی چییە؟**

و/ لە شیعری نوێی ژاپۆنی ئێمەدا دوو شەپۆل هەن: یەکەمیان لەسەر بایەخی زۆری هونەری رەوانبێژیی دەوەستێ، لێرە ئەو شەپۆلە بەپێی ئەو بابەتانەی کە بیرییان لێدەکاتەوە، مانا دەبەخشێ. بەمجۆرەش کارەکانی ئەو شەپۆلە، بەرە بەرە بەرەو تەپلێ کوتانێکی بۆش دەبێتەوە. شەپۆلی دووەم هەڵگری زمانی رۆژانەیە و ماناکانی بەدەوری شتە سادەکانی رۆژانەدا دەخولێتەوە، بۆیە کارەکانی ئەو شەپۆلە وەك دەقگەلی قۆناغی سەرەتایی یان ئامادەیی، دەرکەوتنێکی بێ تاوانانەیان لەخۆ گرتووە. کێشەی شیعری ژاپۆنی چ بە نسبەت شەپۆلی یەکەم و چ بە نسبەت شەپۆلی دووەم، لە بنەرەتدا جگە لە بیرۆکە رووکارەکانی، کە ئەوە بە یەکێك لە خەسڵەتەکانی شیعری ژاپۆنی دەژمێردرێت، خۆی لە نەبوونی فەلسەفەیەك بۆ ژیان

هەڵدەگرێتەوە. بۆ نموونە لای هیندییەکان لە پشت ڕۆشنبیرییە ڕۆحییەکەیانەوە شتێکی تەمومژاوی وەك وەهم دەبینرێ. چینییەکان رستە و کاروبارەکانیان وەك نەخش دەنەخشێنن، بەلاّم نەك شتی پووچ، بەڵکو تا رادەیەکی باش خاوەنی ئاگاییەکی واقیعییانەن و لەرێگەی نەخشاندنی شتەکانەوە حوکم دەکەن. ئەوە بە عەقڵییەتی چینی دێتە ژماردن.
بەلاّم عەقڵییەتی ژاپۆنی لە وشەی "کو. ئۆشیبۆرۆ" کورت دەکرێتەوە، واتە ژاپۆنییەکان بایەخی خۆیان لە بابەتی هەبوو و ئەوەی کە خراوەتە پێش چاو، چڕ دەکەنەوە و بۆچوونە گشتگیرەکانیان ونکردووە.

**پ/ ئایا ئەو کێشەیە کۆنە یان نوێیە؟**

و/ ئەو کێشەیە هەر لە کۆنەوە هەبووە و هەتا ئێستاش هەر ماوەتەوە. ئەگەر ئێمەی ژاپۆنی کاریگەری (هیند و چین)مان لەسەر مابایەوە. دەبایە خاوەنی وەهمی (نەخشاندن) باین و لە بابەتی ئێستادا جەختمان لەسەر هەموو ئەو خەسڵەتانە بەیەکەوە کردبایەوە. بەلاّم لە حەقیقەت و واقیعدا ئەو وەهمە لای شاعیرانی ژاپۆنی بوونی نییە، واتە ئەو شتە نادیارە ئایینی و فەلسەفییەی کە لای هیندییەکان هەیە، تا رادەیەك بە هۆی بەکارهێنانی تیپەکانی زمانی خۆیانەوەیەو لەوێوە بە زەخرەفە و نەخشاندن گەیشتوون.

**پ/ کەواتە، شیعری ژاپۆنی بە مانا خۆرئاواییەکەی لە میتافیزیکا دوورە، چۆن بۆ ئەو مەسەلەیە دەڕوانیت؟**

و/ لەسەر ئاستی کەسی من خۆم بە شاعیرێکی زۆر میتافیزیکی دادەنێم. چەند لە ئاڕاستە خۆرئاواییە میتافیزیکیەکان دەکۆڵمەوە، دەبینم ئیبداعی دنیای میتافیزیکی لە کۆمەڵگەیەکی وادا کە خەڵکەکەی نامیتافیزیکن–واتە خەڵکەکەی فیزیکین و بە چڕی هەر بیر لە بابەتی هەنووکەیی دەکەنەوە وەك پێشتر ئەوەم گووت، تا رادەیەکی زۆر لە زمانی ژاپۆنیدا قوڕس دەکەوێتەوە.. بەڵام ئەگەر تاك لەو کەسە فیزیکیانە جیا بێت، ئیتر ژیانێکی میتافیزیکی بۆ خۆی دەژی و ئەو دنیایەش وەك بنەمایەکی گرنگ بۆ نووسین دەگوازیتەوە، لێرەوە خۆم بە شاعیرێکی میتافیزیکی دادەنێم.

**پ/ بەڵام شیعری نوێی ژاپۆنی بە قوڕسی ئەوە تاوانبار دەکات و دەڵێ هۆی ئەوە بۆ هێلی میتافیزیکی دەگەڕێتەوە؟**

و/ شیعری تازە، بە نسبەت زۆربەی خەڵکی ژاپۆنی تێگەیشتنی قوڕس دەکەوێتەوە، هۆیەکەی ئەوەیە کە فیکری میتافیزیکی لە دامەزراوە فێرکارییەکانی ژاپۆنی لە قوتابخانەکان و زانکۆکان ناخوێنرێت. ئەوان تەنها مەعریفە زانستییەکان دەخوێنن، لە شیعری نوێ تێناگەن. ئەو قسەیە بە شێوەیەکی دیکە دەکەم: بۆ نموونە کاتێ لە دنیای ئیسلامی قسە لەبارەی کەشتیگەراکان دەکەیت، قسەکردنەکەت بە قسەکردن لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دەستپێدەکات. راستە ئەوەی دوایی لە دنیای ئیسلامیدا لانکەی کەشتیگەراکانە کە هەندێکیان بەرەو ئۆقیانووسی هیندی و دەریای ئاسیایی هەنگاویان ناوە، بەڵام

ئـەو جـۆرە بیرکردنەوەیـە لای ژاپۆنییـەکان بـوونی نییـە. ئـەوان بـەردەوام دەریـای ناوەڕاسـت بـە ئـەورووپا دەبەسـتنەوە. بـەڵام مـن دەتـوانم بـە ئاسـانی لـەو پەیوەندییـە تێبگـەم: هـەر کـاتێ بـیر لـە دەریـای ناوەڕاسـت دەکەمـەوە راسـتەوخۆ ئۆقیانووسـی هینـدی بـە فیکرمدا دێ، ئەوەش بۆخۆی بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکییە.

**پ/ هـەتا ئێسـتا ئـەو دوو بابەتـە تەقلیدییـە، واتـە "مـردن" و "سروشت" بەسەر دیمەنی شیعری نوێی ژاپۆنیدا زاڵن، چۆن ئەوە لێکدەدەیتەوە؟**

و/ بەڵی، پێموایە زۆربەی زۆری شـیعری ژاپـۆنی لـە هـایکۆوە هـەتا واکـا و هـەتا دەگاتـە شـیعری هاوچـەرخ لـە دەور و بـەری بابـەتی مـردن و سروشـت دەخولێتـەوە. بـەڵام بـۆ بەشـێوەیەکی قـووڵ و لەهەمان کاتدا زۆر فرە قسەی لێناکرێت؟ رەنگە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو پەیوەندییە تایبەتەی کە لە نێوان مرۆڤی ژاپـۆنی و ئـەو دوو بابەتەدایە! یان رەنگە لەبەر ئەوە بێ، کـە ئـایین بـە تێگەیشـتنە خۆرئاواییەکەی لای ئێمە بوونی نەبێ. وەك دیارە ئێمە بڕوامـان بـە بوزییەت یان ئەوانیدیکە هەیە، بەڵام بە مانـا قـووڵ و خۆرئاواییەکـە نـا، واتـە لای ئێمـە تاکـە خواوەنـدێك وەك پێوانـە و رێسـای ژیـانی مرۆیـی بـوونی نییـە. راسـتەکەی ئەوەیـە کـە ئێمـە شـەریك پەیـدا دەکەین، لە هەموو شتێکدا خواوەند و خودا دەبینین. ئەوەیە هـۆی دەست بردنمان بۆ سروشت بەو شێوە سووك و رووکارییە.

ئـەوەی بەلای مـن لـە شـیعر گرنگـە، تـەجاوزکردن و تێپەڕاندنـە. لـە شیعری مندا سروشت زۆر نابینرێ. من شـاعیرێکی سروشـتی نیم.

لە شیعری تازەی ئێمەدا کۆمەڵێك دەنگ هەن دەست بۆ مەسەلەی مردن دەبەن، بەلاّم تەجاوزی دەکەن، واقیعێکی دیکە لە داهێنان بۆ جیهان دەهێننە ئاراوە.

**پ/ واپێدەچیٚ تۆ بڕوات بە بوونی پەیوەندی نێوان شیعرو ئایین هەبیٚ؟**

و/ بەڵیٚ، چونکە بەرزترین و گەورەترین بابەت لە شیعردا خۆشەویستییە، خۆشەویستی و رزگاربوونی مرۆڤ. شاعیر هەم خۆی و هەم ئەوانیدیکە رزگار دەکات، وەك چۆن بە هەمان شێوە فیکر رزگار دەکات. فیکرەی خۆشەویستی و فیکرەی رزگاربوون کۆی ئەو فیکرانە لە ئایینەکان بوونیان هەیە.

**پ/ کەواتە شاعیر تا رادەیەك لە پەیامبەرەوە نزیکە؟**

و/شاعیر لە پەیامبەرەوە نزیکترە، نەك جادوگەر.

**پ/ بەلاّم پەیامبەرێکی بیٚ خواوەند؟**

و/ تۆ وا دەڵێیت لەبەر ئەوەی خواوەندێکی دیاریکراوت هەیە، من نکۆڵی لە بوونی هیچ خواوەندێك ناکەم، هەمیشە ئەگەر بە رووە شاراوەکەش بیٚ هەستی پێدەکەم و بەردەوام ئاماژەکانیم پێدەگات. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای من لاوازە و بەڕاستی دڵنیا نیم لەوەی ئایا دەتوانم بانگەشەی پەیامبەری بکەم. رەنگە بتوانم پێشبینی بکەم، بەلاّم ناتوانم داوای پەیامبەری بکەم.من هەڵگری ئەو جۆرە بڕوا خاکەڕایەم و بڕوام بە تاکە خواوەندی دیاریکراو نییە.

**پ/ ئایا پەیوەندی لە نێوان شیعر و سیاسەت دەبینی؟**

و/ بەڵێ، راستە شاعیرە ژاپۆنییەکان بایەخ بە مردن و سروشت دەدەن، بۆیە واپێدەچێ لە سیاسەت و ژیانی رۆژانە بە مانا سیاسییە قوڵەکەی دوور بن. بەڵام دوور کەوتنەوە لە سیاسەت، بە دیاریکراوی بۆ خۆی هەڵوێستێکی سیاسیانەیە، هەر ئەوەشە نیازی دەسەڵات. واتە بەرجەستە کردنی ئەوانەی ئاگایان لە سیاسەت نییە، لە بەرژەوەندی چینە بەرزەکەی دەسەڵاتدایە. لە بەرانبەر ئەوەش کاتێ پەیوەندی بە سیاسەت دەکەین و لێینزیک دەبینەوە دەتوانین بەنێویدا تێپەڕین و تەجاوزی بکەین. لەسەر ئەو نیازە شیعری من لە سیاسەت نزیك دەبێتەوە.

**پ/ بە نسبەت تۆ تازەگەری چ دەگەیەنێت، لە شیعری ژاپۆنیدا چۆنی دەیناسیت؟**

و/ لێرە بەگشتی تازەگەری لەسەر ئاستی مۆدیل ناس دەکرێ. بەڵام بە نسبەت خۆم تێگەیشتنم بۆ تازەگەری، واتە بە قوڵی روانین لە ئایندەیەك کە زۆر دوورە. دەزانم ئەو تازەگەرییەی کە هەنگاوێك یان نیو هەنگاو دەکەوێتە پێش جەماوەر-مۆدیل و نەخشاندنە- راستە سەرنجی زۆربە بۆخۆی کێشدەکات، بەڵام من بە بێ نرخ و بازاڕی دەیبینم، پێشموایە تازەگەری واتە بیرکردنەوە لە ئایندەی دوور دوور.

**پ/ ئایا دەشێ قەسیدە هایکۆ و تانکا بە شیعری تازە دابنێین؟**

و/ هایکۆ و تانکا توانای ئەوەیان نییە بگەنە ئەو تازەگەرییەی کە من مەبەستمە. هایکۆ لە دەوری هەنوکەدا دەخولێتەوە و لەو بارەوە دەنووسێ، ئەگینا بە کارێکی سەرکەوتووانە دانانرێ.

مامۆستای هایکۆ دەڵێ: لەسەر هەنووکە بنووسە، ئەوە یاسا و بنەمای هایکۆیە. بەڵام قەسیدەی تانکا ئاوڕ لە رابردوو دەداتەوە و بەگشتی بەدەوری رابردووی نزیک یان هەندێك دووردا دەخولێتەوە. بەڵام شیعر ئەوەیە کە هیچ کۆت و بەندێکی نییە: دەشێ شیعر لەیەککاتدا بەدەوری رابردوو، داهاتوو، ئێستا و داهاتووی دوور و نزیکدا بخولێتەوە.. شیعر ئازادە. هایکۆ کەمتر بە دەوری داهاتوودا دەخولێتەوە، ئەوەیە کە من بە پلەی یەکەم و بەو سیفەتەی کە شاعیرم مەبەستمە.

**پ/ کەواتە، گواستنەوە لە هایکۆ بۆ تانکا و دواتر بۆ فۆڕمی تازەی شیعریی، واتە نووسینی ئازاد، نوێخواز؟**

و/ بەڵێ، زۆربەی شاعیرانی هایکۆ و تانکا لە دەرەوەی فۆڕمە داخراوەکان هەنگاو دەهاوێژن بۆ ئەوەی بە ئازادی بنووسن. بەڵام هەر دەبێ سەرنجی ئەو گەورە شاعیرانەش بدەین، کە هەڵگری فۆڕمە داخراوەکانن و بەرهەمی جوانیان نووسیوە. هەروەها هەندێ لە شاعیران هەن، کە نەیانتوانیووە لە بواری هایکۆ و تانکا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و بۆ بواری شیعری ئازاد گواستوویانەتەوە، خۆیان لەو فۆڕمە داخراوە رزگار کردووە و بەردەوام بەدوای نوسینێکی نوێدا دەگەڕێن.

**پ/ بەڵام ئایا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە؟**

و/ ئەوە ئەو خاڵەیە، کە هەر دەبێ سەرنجی بخەینە سەر. بەڵام لە دواییدا ئەوەی کە لە بواری هایکۆ و تانکا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ، لە بواری شیعری نوێش سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ.

**پ/ ئایا شاعیرانی تازەگەر بەوە تاوانبار دەکرێن کە لە کەلەپوری شیعری ژاپۆنی دەرچوونە و دواتر پێیان دەگوترێ ئێوە ئەو کەلەپور و تەقالیدە شیعرییەتان وێران کردووە؟**

و/ نەخێر، بەگشتی بەو شێوەیە تاوانبار ناکرێن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوانەی مەیلی ناسیونالییەتی ژاپۆنیان هەیە بە تەقلیدی و کۆنەخواز تاوانبار دەکرێن، هەتا ئێستاش لەسەر پشتیان نیشانەی سەربازییان هەڵگرتووە. ژاپۆنییەکان گەلێکی سەیرن! بێنە بەرچاوی خۆت ئەوان تاوان و تومەت دەخەنە پاڵ ئەو کەسانەی کە خۆیان دەخەنە پاڵ ناسیونالی ژاپۆنییەوە.

**پ/ ئایا ئەو کەش و هەوایە لەدوای جەنگی دووەمی گەردوونی درووست بوو، یان پێش ئەو جەنگەش هەر هەبووە؟**

و/ پێشتریش بەر لە سەردەمی "میجی" و هەروەها سەردەمی "ئیدۆ" هەر هەبووە. چونکە "کۆنفۆشیوسیەت لە ژاپۆن بەربڵاو بوو. بۆیە پەنجەی تاوان دەخرایە سەر ئەوانەی کە خۆیان دەخستە پاڵ ناسیونالیزمی ژاپۆنی کە ئەوسا زۆر بە ژیانەوە پەیوەست بوون. هەمان شتیش لەبارەی سەردەمی کۆن دەگوترێت، ئەو کاتەی کە ژاپۆن زۆر بە چین کاریگەر بوو و یاسای بەرێوەبردن و سیستمی دیمکراسی و کۆمەڵایەتی لەو وەرگرتبوو.

ئەگەرچی ناسیونالیزمی ژاپۆنی وەك شێواز یەك هێڵی نەپچڕاوی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ژاپۆن هەموو شتێ لە بنەڕەتدا لە دەرەوە هاوردە دەکرێ: شیعری کۆنی ژاپۆنی کە نموونەکەی لە کتێبی

"مانیۆشۆ"دایە، فۆرمێك لەخۆ دەگرێ کە بە "تشوکا" ناس دەکرێ، واتە گۆرانی درێژ. لە بنەڕەتدا ئەو شێوەیە لە شیعر ریتمی (7/5/7/5/7/5) دووبارە دەکاتەوە.. لە کۆتایشدا شێوەی "هانکا"ی بۆ زیاد دەکرێ، کە بە ریتمی (7/7/5/7/5) بەڕێوە دەچێ. پاشان کاتێ کە فۆڕمی هانکا لە تشوکا ئازاد بوو، لە سەردەمی "هەیان" ئاستی هونەری بەرز بۆوە شێوەی تانکای بەناوبانگی وەرگرت. بەو مانایەش شیعری تانکا ئەو کات هونەرێکی زۆر ئەرستۆکراتیانە بوو، بۆیە خەڵکی بە فۆڕمێکی شیعری دیکە بە ناوی "رینکا" دڵی خۆیان ئاسودە دەکرد، کە جۆرێك بوو لە یاری هۆنینەوە و کەسێك بە ریتمی (5/7/5) دەستی پێدەکرد و پاشان کەسی دووەم بە ریتمی (7/7) ئینجا سێیەم بە (5/7/5) بەدوایدا دەچوو، ئیتر بەمجۆرە. وەك دیاریشە هەموو ئەو ریتمانە بە رۆحی چینییەوە بەندن. پارچەی یەکەم، هەڵگری ریتمی (5/7/5) ە فۆڕمی "رینکا"ی لەخۆ گرتووە و بە شێوەیەکی کۆمیدیانە دواتر بووە بەو شیعرەی کە بە هایکۆ ناسراوە.

بەڵام لە دوای تاوانبارکردنی ئەوەی دوایی بەو مانایەی کە هەڵگری مۆرکێکی کۆمیدییە و لەگەڵ هونەری شیعری ناکۆك دێتەوە، بەرەو هەڵبژاردنی شێواز و پاکتاوکردنی شێواز بووینەوە، دواتر بە قۆناغی گەشەکردن و قۆناغی لێژی بەخۆوە دیت تا لە سەردەمی "میجی" شێوەی "شینتایشی" وەرگرت، واتە شیعر بە فۆڕمی نوێ. بەمجۆرە دەبینین ئەوانەی کە سوودیان

لە رۆشنبیریی چینی وەرگرت، سەرەتا بە نووسینی شیعری درێژ دەستیان پێکرد.

پاشان شیعری ئەوروپی و ئەمریکی هاتە ناوەوە و شیعری ژاپۆنی لەرووی ناوەڕۆکەوە کەوتە ژێر کاریگەرییانەوە، بەلاّم ئەوەی دوایی وەك پارێزگارێکی ریتمی تایبەتی ژاپۆنی مایەوە. ریتمی (7/5) یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ژاپۆنی. دواتر ریتمی (5) بۆ (3/2) و ریتمی (7) بۆ (3/4) یان (5/2) یان (5/2) دابەش بوو. هەرچۆنێ بێ من پێموایە شتێکی تایبەت بە شیعری ژاپۆنی هەیە، ئەویش تەنها ئەو ریتمەیە. بەلاّم ناوەڕۆك تا رادەیەکی زۆر بە چین کاریگەر بوو، هەر لە سەردەمی "میجی"ییەوەش لەژێر کاریگەری ئەوروپا و ئەمریکادا بوو.

**پ/ تەمەنی وشەی "شی" کە لای ئێوەی ژاپۆنی واتای شیعری ئازاد و نوێ بەدیاریکراوی دەگەیەنێت، چەندە؟**

و/ بە تەواوی نازانم، بەلاّم پێموایە تازەیە. رەنگە لە کۆن بە شیعرییان گوتبێ "ئاوتا" واتە گۆرانی. پاشان وشەی "شی" لە وشەی "مانشی" چینیەوە هات، ئەو وشەیەش واتە: شیعری چینی.

**پ/ چۆن شیعر و پەخشان لێکجیا دەکەیتەوە؟**

و/ بۆ ئەوەی پەخشان لە خالّی "أ" بە خالّی "ب" بگات، بەردەوام بە درێژی دەڕوا، بەلاّم شیعر باز دەدات. ئەوەیە کە بەگشتی یەکەم لەویدی جیا دەکاتەوە. شیعر لێرە و لەوێ باز دەدات لە کۆتایش

**به خاڵی "ب" دەگات، کەواتە بە دڵنیاییەوە بە شێوە درێژییەکە ناڕوات. لێرەوە چێژی شیعری خۆی حەشار داوە.**

**پ/ واتە هەر دووکیان بە هەمان خاڵ دەگەن؟**

**و/ پێموایە. بەڵام هەندێجار پەخشانیش بەر لەوەی بە خاڵی "ب" بگات، لەو ڕێگەیە لادەدات، لەبەر ئەوەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری سینەماوە. لە پشت زمان دنیایەك هەیە ناشێ بە زمانی ئاسایی تەعبیری لێبکرێ: شیعر ئەو شتەیە، کە ناشێ بە زمانی ئاسایی تەعبیری لێبکرێ، وەك بینراویش نابینرێ، بەڵام وا دەکات شیاو بێ.**

**پ/ کەواتە چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکەیت، وەك هۆ، وەك ئامانج، یان چی؟**

**و/ کاتێ دەستم بە شیعر نووسین کرد زمان لای من ئامانج بوو. بەڵام دوای بە ساڵا چوون و شارەزایی لام بووە هۆ، یان ڕۆڵی هۆی دەگێڕا. پاشان بەرە بەرە ئەو ڕۆڵە گەورە بوو تا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئامانج دەکەوێتە سەرووی زمانەوە. رەنگە ئامانج هەبێ زمانی تێپەڕاندبێ. راستییەکەی بوونی من بە بەکارهێنانی زمان یەکسان دەبێ–واتە زمان– کۆت و بەندم دەکات و ڕێگە لەبەر دەمم دەکاتەوە. بۆیە لە پرۆسەی دۆزینەوەی وشەی تازە، یان وشەیەك لە سەرووی وشەدا هەست بە مەستی ئیبداع دەکەم.**

**پ/ کەواتە تەکنیکی قەسیدە، یان دەق بۆ تۆ ئەساسە، باشە خوێنەر لەکاتی نووسین لە زهنی تۆدا، شوێنکی هەیە؟**

و/ داوا لە خوێنەر دەکەم لەسەرووی منەوە بێ. ڕەنگە ئەوە سەیر بکەوێتەوە، بەڵام حەز دەکەم ئەوانە شیعری من بخوێننەوە، کە لە من زێتر دەزانن. خوێنەرێکم دەوێ لە من زیرەکتر بێ. من لەو شاعیرانەم کە دەقی مەودا بەرفرەوان دەنووسن و مەیلی سەرچڵی نووسین یان دەق دەکەن. هەندێ لە شاعیران هەن دەقی ڕێکوپێك و مەودا بەرتەسك دەنووسن و ئەوانە بە شاعیرە "زیرەك"ەکان ناسراون، واتە یاساکانی شیعر دەزانن و بیر لە دەرئەنجامەکانی دەکەنەوە.

بەڵێ کاتێ دەنووسم لەپێش هەموو شتێ یەکەمجار بیر لە تەکنیك دەکەمەوە، بۆیە یەکەمجار خوێنەر تێناگات و شیعرەکەم دەخاتە لاوە، بەڵام دوای ماوەیەك کاتێ دنیای ڕۆحی بەرفرەوان دەبێ و قوڵ دەبێتەوە، ئەوسا زێتر لەگەڵ شیعری من بەیەکگەیشتن درووست دەکات. شیعری من وەك مەی وایە، هەتا کۆن نەبێ، ناخورێتەوە.

**پ/ لێرەدا شتێ هەیە بۆمن ئایرۆنی دەکەوێتەوە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ شیعری کۆن، بۆ نموونە گەڕانەوەی تانکا بە وزەو هێزێکەوە لەسەر دەستی ژنە شاعیر "تاوارە ماتشی" بۆ پانتایی ئەدەبی، ئەو ژنە شاعیرە بە نسبەت نەوەی تۆ گەنجە، ئایا چۆن لەو مەسەلەیە دەڕوانی لە زەمەنێك کە کۆمەڵگەی ژاپۆنی لە هەموو ئاستەکاندا لە تازەگەریدا دەژی، یان لە بە هەموو ڕەهەندەکانەوە لە هەنووکەدا دەژی؟**

و/ دوای دابڕانمان لە تەقالیدی ژاپۆنی و نامۆ بوونمان بەخۆ، ئەوەی تۆ دەیڵێیت نۆستالیژیایە.. سۆزی گەڕانەوە بۆ رابردوو. شەپۆلێك هات سۆزی خۆی بۆ رابردووی ژاپۆنی لە هونەر و شیعر هەتا لەسەر ئاستی خواردنیش راگەیاند، چونکە لاوانی ئێستا خواردەمەنی ئەمریکی و ئەوروپی لە خواردەمەنی ژاپۆنی بە باشتر دادەنێن. بۆ نموونە "ماکدۆناڵد"ی ئەمریکی کە سەندویچی "هامبرگەر" دەفرۆشێ وای لێهاتووە هەموو رۆژێ ژەمە خواردنی ژاپۆنی تەقلیدی دەفرۆشێ، چونکە نەوەی نوێ یان نەوە نوێیەکان لۆمەی خواردەمەنی ژاپۆنی تەقلیدی دەکەن و زێتریش.. هەتا منیش ئەو گەڕانەوەیە و ئەو پێشوازییەم لەلا سەیرە. مرۆڤی ژاپۆنی بۆ ئەوەی سەندویچی هامبرگەر بخوات پێویستی بەوەیە شتێك لە ژاپۆنی بوونی لە ناوەوەدا هەڵگرتبێ، تێکەڵەیەك نان و ژەمە ژاپۆنییەکی تەقلیدی.. بەمجۆرەش کارەکانی ژنە شاعیر تاوارە ماتشی هەروا دەکەوێتەوە، تێکەڵەیەکە لە حەساسیەتی هاوچەرخ و عەقڵیەتی کۆن،، تێکەڵەیەکە فۆڕمی شیعری کۆنی لەخۆ گرتووە و تێگەیشتن و دەرککردنی ئاسانە، تا ئەو سنوورەی کە لە دروشم دەکا، هەر ئەوەشە برەوی پێداون و وای کردووە لە ژیانی رۆژانە نزیك بن. راستە کۆمەڵە شیعرەکەی "لەدایکبوونی دەسەلأت" زۆر فرۆشرا، بەلاّم ئەوە بە نسبەت من و بە نسبەت هەموو ئەوانەی بە قوڵی لە شیعری تانکا دەگەن، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوەی ئەو ژنە شاعیرە دەینووسێ شیعرە. دواجار واپێدەچێ ئەدەبی ئەمڕۆی ژاپۆنی بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەرانی بۆخۆی

رابکێشیٚ پێویستی بە زوڕنا لێدان و برەو پێدان بیٚ. پێویستی بە هەوڵێکی پرۆپاگندەخوازانە بیٚ. ئەوە ئەو شتەیە کە دەزگاکانی راگەیاند، دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکان پێی هەڵدەسن. بەو مانایەش جۆرایەتی بەرهەم گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ برەوپێدان و پرۆپاگندەیە، ئەوەیە ئەدەبی ئەمڕۆ درووست دەکات. بۆیە لەکۆمەڵگەیەکی وادا ئەگەر نووسەرێك ویژدانی هەبیٚ، هەڵبەتە ژیانی قوڕس دەکەوێتەوە.

**پ/ تۆ لە کام نەوەی شیعری؟**

و/ من لە نەوەی پەنجاکانم، ئازارم زۆر چێژتووە، من لە شاری "ئۆساکا" نیشتەجیٚ بووم و ماڵ و مەکتەبەکەم هەمووی سووتا و بوو بە خۆڵەمێش. لەبەر کەم خۆراکی دووچاری کەمخوێنی و سیلی سییەکان بووم. لەبەر هەژاری و بەد رەفتاری خەڵك لەگەڵم بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، پێموابوو بوونی من هیچ بەهایەکی نییە...

**پ/ بەو سیفەتی نووسەری چۆن دیاردەی خۆکوشتن بەگشتی لای ئەدیبان لێکدەدەیتەوە، بەتایبەتیش لای ئەدیبە ژاپۆنییەکان؟**

و/ ئەوە تەنها دیاردەیەکی تایبەت بە ئەدیبان نییە، بەڵکو بە هەموو خەڵکییەوە بەندە، ئەوانەی مانایەك بۆ بوونی خۆیان نادۆزنەوە. وەك چۆن من یەکەمجار لەبەر هەژاری بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، هەروەها جاری دووەم کاتیٚ بیرم لە خۆکوشتن کردەوە کە هەستم کرد ماوەی نێوان ئەوەی من دەینووسم و ئەوەی لە واقیعدا هەیە بەرەبەرە بەرفرەوان دەبێتەوە، ئەگەرچی

من بۆخۆم دەکەومە نێو واقیعەوە و بەڵگەی بوونی نووسینەکانم لە واقیعەوەیە، کەچی شیعرەکانم دەکەونە جۆرێك لە بۆشایی و پووچگەراییەوە. هەروەها جاری سێیەم کاتێك بیرم لە خۆکوشتن کردەوە کە هەستم کرد خەڵکی کارە شیعرییەکانم بە هەند هەڵناگرێ و ئەو دەنگدانەوەیەی نییە کە خۆم دەمەوێ. لەبەر ئەو هۆیانە خۆکوشتن لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە جۆراوجۆر و جیاواز دەکەوێتەوە، بەڵام زۆربەیان بە مەسەلەی ئیبداعی و رەهەندەکانی ئیبداعەوە بەندە. وەك رۆماننووس "ئاکۆتاگۆرە – ریۆنۆزۆکی".. ئەوانە لە موتوربەکردن و گواستنەوەی ئەو دەقانەی کە لە ئەفسانەی کۆن و حیکایەتەکانی کەلەپورەوە وەریاندەگرت و دەیانهێنایە نێو ئەدەب، ئەوانە هونەرمەندی بەرز بوون. هەر بەو بەرزییەش بە ترۆپکی نووسین گەیشتن. بەڵام لە سەرەتا بە بنبەستی نووسین گەیشتن و وایان لێهات نەیاندەتوانی بنووسن، بۆیە خۆیان کوشت. بەر لە خۆکوشتن حاڵەتی دەروونییان سەیر و نا سروشتی بوو. رەنگە دوای ئەوەی دەقە کۆنەکانیان و بۆ ئەدەبی نوێ گواستەوەو موتوربەیان کردن و ئەو دنیا بەرتەسکەیان گوزەراند، ئیتر بەر دیوارەکە کەوتن، نەیانتوانی دنیابینی خۆیان بەرفرەوان بکەن، بۆیە خۆیان کوشت. نموونەی دیکە "مێشیما یۆکیۆ" یە، رۆماننووسی بەناوبانگ لە رووی دنیابینی و گێڕانەوەو زهنەوە. دوای ماوەیەك لە زەمەن، رۆمانەکانی پەیوەندییان بە واقیعەوە پچڕا، چونکە ئەو کات دوو شەپۆل لەباری سیاسی هاوبەشیان

دەکــرد: راســترەوی ناســیونالی کــە گەلاڵــەبوونی خــۆی لــە ئیمپراتۆریەت دەبینیەوە، چەپگەراکان کە بە یەکێتی سۆفییەت و ئەوروپاوە کاریگـەر بـوو. ئـەو کـات مێشـیما لـە نێـوان ئـەو دوو شـەپۆلەدا دابـەش ببـوو. بـەڵام لـە کۆتاییـدا بـەرەو ئیمپراتـۆری ناسیونال چوو، بۆ ئەوەی کەلێنی نێوان میسالییەت و واقیع پڕ بکاتەوە. بەڵام ناسیونالی ژاپۆنی بۆخۆی لەبەرانبەر مەیلی گشتی بـە دەوڵـەتبوون بـەرەو لێـژی بـۆوە: بـەمجۆرە مێشـیما کەوتـە حاڵـەتێکی سـەیری دەروونییـەوە هـەر ئـەو حاڵەتـەش بـەرەو خۆکوشتنی برد، ئیتر لەپێناو بەرزراگرتنی ناسیونالیزمی ژاپۆنی خۆی کردە قوربانی.

**پ/ پێتوایە لە پاش مردن شتێکی دیکە هەبێ؟**

و/ مردن بۆخۆی کۆتاییە و لەپاش ئەو هیچ شتێکی دیکە نییە. بەڵام ئەو بۆچوونە زۆر خۆش و وروژێنەر نییە. بۆیە خەیاڵم بەرەو ئەوە دەچێ، کە لە پاش مردن دنیایەکی دیکە درێژ بێتەوە و لێرەوە دەبینە مادە و مادەش نە رەتدەکرێتەوەو نە قەبارەی لە بۆشاییدا کەم دەکات. پارچەکانی جەستەی من دەبێتە مادە لە شوێنکی دیکەدا، یان چەندین پارچە لە پارچەیەکدا دەبنە یەك و لە نوێوە دوای هەزاران ساڵ یان ملیۆنان ساڵ دووبارە بڵاو دەبنەوە.. من ئەو بۆچوونەم لە بارەی بڵاوبوونەوە هەیە.

**پ/ دوای نەوەی خۆت، چۆن سەیری بزاڤی شیعری لاوان دەکەیت؟**

و/لەبەر ئەوەی ئەوان لە ژیانێکی تێروپڕ ژیاون و ئەزموونی شەڕییان نییە، بیرکردنەوەیەك ناناسن کە لە باوەشی ترسدابیّ.. ترسی وێرانەیی، بۆیە من بە راشکاو و وردبین دەیانبینم. ئەوان لە دڵنیاییەکی نیمچەییدا دەنووسن. بەڵام من پێموایە دیاردەی رۆشنبیریی شەعبی رۆژانە تا رادەیەکی گەورە شیعری ئەوان رادەماڵیّ. من بەرهەمەکانیان بە کاتژمێری دیجیتاڵی دەچوێنم، کە تەنها هەر زەمەنی ئێستا نیشان دەدات، واتە سەعاتێکە بیّ میل، بەڵام شیعری من بە سەعاتی میلدار دەچیّ، کە زەمەنی ئێستا و رابردوو و داهاتوویی تێدا دەبینریّ، واتە لە دنیای شیعری مندا لە جولەی هەردوو میلی کورت و درێژ، ئەو دوو میلەی گۆشە درووست دەکەن، گۆشەی کات دەدۆزیتەوە. بەمجۆرە کاتیّ سەیری سەعاتی میلدار دەکەیت هەم کاتی ئێستا دەزانی و هەم تێپەڕینی زەمەن، جا چ بەرەو داهاتوو بیّ یان بەرەو رابردوو.

من لای شاعیرانی گەنج سیفەتی "راکردن بەدوای خۆشی" هەست پێدەکەم. هەست ناکەم ئەو خەسڵەتەیان رەتکردبێتەوە، بەڵام ئێمەی شاعیران، ئەوانەی لە برینی شەڕە گەورەکاندا ژیاون، ئەوەیان بۆ بە ئاسانی ناچێتە سەر.

**پ/ ئافرەت بەنسبەت تۆ چ دەگەیەنێت؟**

و/ تێیاننناگەم، بە راستی لە ئافرەت ناگەم. دایکم لە تەمەنی شەش ساڵ یان حەوت ساڵی لەدەستدا، بۆیە پێموایە ئافرەت شتێکی پیرۆزە ناشیّ رووبەرووی ببینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر چەند بە ساڵا دەچم بەشێکی بۆگەنی ئافرەتم بۆ دەردەکەویّ. بەمجۆرە

مەسافەی نێوان وێنەی دایکم و وێنە ئافرەت بە گشتی هەر دێ بەرفرەوان دەبێت. لە کۆتاییدا بەردەوام سۆزم بۆ دایکی پیرۆزم دەجولێ، بەلام ناتوانم بەراشکاوی لەگەڵ ئافرەت هەڵسوکەوت بکەم. من بە مانایەك لە ماناکان لە ئافرەت دەترسم هەرگیز لەگەڵیدا هەست بە دڵنیایی ناکەم. بۆیە ژیانی ماڵەوەم لەگەڵ خێزانەکەم گەورەترین تەگەرەیە، شانی گرتووم. بۆیە بەردەوام ماڵ جێدەهێڵم و دەگەڕێم، دەڕۆم و دەڕۆم لە مێشکیشمدا ژنێکی وەك دایکم دەدۆزمەوە. لە راستیدا دەردەچم بۆ ئەوەی کار بکەم، بەلام لە مێشکمدا–ئەوەی بە ئافرەتەوە بەندە– بەردەوام بەدوای ئەو ژنەدا دەگەڕێم کە لە دایکم دەچێ. دایکم فەقیرەی زۆر ئازاری چێژت و لە تەمەنێکی کورت کۆچی دوایی کرد، حەزم دەکرد ئەگەر هەتا ئێستا، یان ئەگەر هەتا تەمەنی گەنجیم بمابایە زۆر چاودێریم بکردایە.

پ/ ئێستا چ کارێك دەکەیت؟

و/ من شاعیرێکی میتافیزیکیم، بەلام لە دنیای شیعری ژاپۆنی قەدری بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرانی میتافیزیکی ناگرن. بۆیە ئەو پارەی لە نووسینی شیعری بەدەستم هێنابوو، کەمی کردووە. ئەگەرچی باری ژیانم لە زۆربەی شاعیرانی دیکە باشترە. بەلام لەو ژیانە دنیاییە ئەبستراکەدا، کۆمەڵێك کار هەیە پێویستی بە میتافیزیکایە: بۆ نموونە کاتێ یەکێك لە کۆمپانیاکان مژدەی جێبەجێکردنی پرۆژەیەك دەدەن، لە شاعیرێك داوا دەکەن لەبارەی ئەو پرۆژەیە بنووسێ و چاوەڕێی وشە وەسفئامێزە رۆژانەییەکان

ناکەن. بەڵکو داوا لە شاعیرێکی میتافیزیکی وەك من دەکەن کە تواناى کورتکردنەوەی بۆچوونەکانی هەیە، لەو بارەوە بنووسێ.

ئیتر بەو کارانە دەتوانم بژیم، بەلاّم بەشێوەیەکی زۆر خاکەڕایی: نموونەیەکت دەدەمێ لەساڵی 2000 کاتێ ویستیان هێڵێکی شەمەندەفەری نوێ لەنێوان "تۆکیۆ" و "ئۆساکا" درووست بکەن بۆ کورت کردنەوەی زەمەنی نێوان ئەو دوو شارە لە سێ سەعاتەوە بۆ دوو سەعات، ئەو کۆمپانیایەی دەیویست ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکات بیری لەوە کردەوە کە دەبێ هەستی کەشتیاران لە نێو ئەو شەمەندەفەرە زۆر خێرایە چۆن بن و ئەوان ددەبێ چ شتێك بکەن کە بەشێوەیەکی گونجاو تەعبیر لەو هەستە بکات، بەمجۆرە بەدوای یەکێکدا گەڕان کە بتوانێ تەعبیر لە هەستی ئەو گەشتیارانە بکات، بۆ ئەوەش داوایان لە من کرد شتێك لەو بارەوە بنووسم.

-ئەو گفتوگۆیە لە تۆکیۆ ساڵی 1990-1991 ئەنجام دراوە.

# گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر

# تاجیرۆ – ئامساوە:

## ئەوانەی ئەمڕۆ ممارەسەی هایکۆ و تانکا دەکەن، شاعیر نیین

لە نێوەندی شیعری ژاپۆنی "تایجیرۆ- ئاماساوە" وەك یەکێك لە دەنگە شیعرییە زۆر ناسراوەکانی ئەو شیعرەی بە تازەگەرییەوە بەندە، سەیر دەکرێ.. هەروەها لای خوێنەرانی ژاپۆنی بەباشی ناسراوە.

تایجیرۆ- ئاماساوە شاعیر و رۆشنبیر، گرنگترین خەڵاتی شیعری ژاپۆنی بەدەست هێناوە. زێتر لە بیست کاری شیعری هەیە. سەرەڕای وەرگێڕان و دانان کە دەکەوێتە سەرووی ئەو ژمارەوە. ئەوەی کە زۆرتر قسەی لێدەکرێ و بە گرنگ و جیاواز دێتە ژماردن ئەو دوو کۆمەڵە شیعرەیە: "لە ولاتی دۆزەخ، نەبینراوەکان".

ئاماساوە، ئەندامی لیژنەی خەڵاتی "هاکیوارە-ساکتارۆ"ی ساڵانەی شیعرییە. زۆر بە دوودڵی و ئاگاییەوە قسە لە شیعری ژاپۆنی دەکات، ئەو نایەوێ وەك ئەو چاودێرانە سەیری شیعری ژاپۆنی بکات، کە لە دەرەوە سەیر دەکەن، وەك منی نووسەری ئەو دێرانە، ئەگەرچی شیعری ئەو لەگەڵ ئەو نەوەیەی کە هەمیشە

زمانێکی بێگانە یان دوو زمان دەزانن، زۆر بە شیعری ئەوروپی و ئەمریکییەوە کاریگەرن. لەگەڵ ئەوەش لەسەر مانەوەی سروشت وەك بابەتێکی بنەڕەتی لە شیعرەکانیدا زۆر سوورە. زۆربەی شاعیران قسە لە پێویستی تەجاوزکردنی بابەت لەشیعردا دەکەن، بەتایبەتی بابەتە بێزراوەکان، کە لای شاعیرانی ژاپۆنی کۆن و ئەوانیدیکە بەشێوەیەك لە شێوەکان چارەسەریان بۆ کراوە. بەلاّم دەتوانین لە شیعری ئەودا لەسەر بابەتێکی دیاریکراو قسە بکەین.

شیعری نوێی ژاپۆنی، لەگەڵ هەزارەی سێیەم، سەد ساڵەی تەواو کرد و هەموو ڕێکن لەسەر ئەوەی کە پڕشنگی شیعری ژاپۆنی دەکەوێتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست، واتە بە پەنجا ساڵ لە شیعری عەرەبی بەتەمەنترە. لە سەد ساڵەی تازەگەری شیعری ژاپۆنیدا، دەمەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو شاعیرە دابمەزرێنم، ئەو شاعیرەی کە گەواهی لەسەر خۆی و ئەوانیدیکە دەدا، ئەویش شاعیر (تایجیرۆ-ئاماساوە)یە، کە لە شاری تۆکیۆ لە ڕێکەوتی 1938/7/31 لەدایکبووە و ئەو گفتوگۆیەش لە ڕێکەوتی 1999/12/27 سازدراوە.

**پ/ با بۆ سەرەتاکانی شیعری ژاپۆنی و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست بگەڕێینەوە، چۆن ئەو سەرەتایە روون دەکەیتەوە، ئایا پەیوەندی بە رۆشنبیریی خۆرئاواوە هەیە؟**

و/پێشتر و لە ساتەوەختی سەدەی "میجی 1870" یەك فۆڕمی ئەدەبیمان بۆ شیعر و نووسینەکانی دیکە هەبوو، ئەویش

جەختکردن بوو لەسەر بنەمای ڕەوانبێژی بەیانی تەقلیدی، واتە فۆڕمی زمان وەك ئەوەی کە هەزاران ساڵە بە ڕێساکانی خۆییەوە بۆمان ماوەتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا زمانێکی بازاڕی هەبوو، زمانێکی ڕۆژانە کە گۆرانییە شەعبییەکان بەشێوەیەکی دەوڵەمەند تەعبیری لێدەکەن. لێرەدا بەکورتی زمانێك هەبوو، ئەویش "زمانی دەرباری ئەدەبی"ی و زمانی خەڵکانی ئاسایی بوو. هەندێ لە شاعیرانی "ڕۆشنبیر" لەگەڵ کرانەوە بەسەر دنیادا شیعرییان بە زمانی بازاڕی نووسی، بەلاّم هیچ کەس دانی بە بەهای هونەری ئەو شیعرانەدا نەنا و نەیاندەخستنە نێو بازنەی ئەدەبییەوە. پاشان لەمیانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست (1900-1910) کۆمەڵێك دەقی شاعیران "میازاوە-کانجی، هاکیوارە-ساکتارۆ، باماموڕە-بۆسۆ، دەرکەوتن، ئەوانە لەدایکبوونێکی هونەری نوێیان خستە ڕوو، کە بنەڕەتەکەی بۆ زمانی بازاڕی دەگەڕایەوە، ئەو شاعیرانە توانیان گەشەی پێبدەن و لە شێوازی گۆرانییە شەعبییەکان دەری بهێنن، زمانێکی جیاواز لە کەرەسە، لەگەڵ زمانی ژاپۆنی تەقلیدی، ئەو زمانەی کە ریشەیەکی ئاڵۆزی هەیە، لە نێو چینێکی دیاریکراو ئابڵوقەدراوە، جیای بکەنەوە. هەڵبەتە پێش ئەو شاعیرانە، شاعیرانێك لەشێوەی گۆرانییە شەعبییەکان و زمانی بازاڕ شیعرییان بەرهەمهێنا، بەلاّم بە هونەرکارییەکی ڕوون و دیاریکراو نەگەیشتن.

**پ/ دەتەوێ بڵێیت شیعری نوێی ژاپۆنی لە زمانی بازاڕی لەدایکبووە؟**

و/ بەڵێ، وایە، نۆبەرەی شیعری نوێمان (کیتاهارە–هاکشۆ)ی شاعیرە. ئەویش بە زمانی ئەدەبی تەقلیدی و بە زمانی بازاڕی نووسیویەتی، بەڵام نەگەیشتە شێوازێك کە بشێ لەبەرانبەر زمانی باو لەسەر قاچەکانی بوەستێ. بایەخەکەی هەر لەوەدا مایەوە کە هەوڵیدا بە زمانی بازاڕی بنووسێ، یان بە زمانێکی نوێ، کە ئەمڕۆ وا ناوی دەنێن.

**پ/ بەڵام ئایا لە تازەکردنەوەی شیعری ژاپۆنیدا، خۆرئاوا و نزیکبوونەوە لە شارستانیەکانی دیکە هیچ رۆڵێکی جیاوازی نەبوو، وەك ئەوەی بە نسبەت بوار و لایەنەکانی دیکەوە هەیبوو؟**

و/ دەبێ جیاوازی لەنێوان مێژووی ئەدەبی و مێژووی زماندا بکەین. ئەدەب، مێژوو و بەردەوامی خۆی هەیە، وەك چۆن زمان، مێژوو و بەردەوامی خۆی هەیە. مەرج نییە هەمیشە هاوڕێك بێنەوە. مێژووی ئەدەبی، یان زمانی ئەدەبی هەمیشە دەکەوێتە دواوەی مێژووی پەرەوپێشچوونی زمانەوانییەوە، زمان سەرەڕای ئەوەی شتێکی لێ زیاد دەکرێ و شتێکی لێ لادەبرێ، بەڵام رۆژانە لە جولەدایە، شیعری نوێش بەردەوام لە جەوهەردا لە زمان هەڵدەقوڵێ. راستە ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە (بۆدلێر)مان تەرجەمە کردووە، بەڵام ئەو وەرگێڕانە دەنگدانەوەو کاریگەری نەبووە، بەڵکو چەندان دەیەی بەسەردا تێپەڕیووە، بەدیاریکراویش لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەوجا کاریگەرییەکانی دەرکەوتوون. راستە بۆدلێر واتە تازەکردنەوەی شیعری، بەڵام "ئەو تازەکردنەوەیە" لە شیعری ئێمەدا ئەوەندە

زوو ئاشکرا نەبوو، بەو خێراییەی کە وێنای دەکەیت لە بۆدلێر نەگەیشتین. سەرەڕای ئەوەی ئەو تەرجەمەیە بەهیچ جۆرێك بە زمانێکی ژاپۆنی نویٚ نەبوو، واتە بەو زمانە تەقلیدییە بوو، کە بە زمانی دەرباری ئەدەبی ناسراوە. وەرگێڕان، هەر وەرگێڕانێك وەك دەڵێن بەرهەمەکەی لە ساڵی بڵاوبوونەوەی دەرناکەویٚ، بەڵکو چەندان ساڵی دەویٚ، یان چەندا دەیەی پێویستە، ئەوە میکانیزمی کردەی وەرگێڕانە.

**پ/ پێدەچیٚ تۆ تازەگەری شیعری ژاپۆنی بۆ زمانی بازاڕی بگێڕییتەوە، پێتوایە زمانیش پێویستی بە دووبارە فۆڕمەلەکردنەوە هەیە، تا لەگەڵ زمانی تەقلیدی جیاواز بکەوێتەوە و شوێنی بگرێتەوە لەگەڵیدا بکەوێتە کێبڕکێوە... ئایا ئێوەی شاعیرانی تازەگەری ژاپۆنی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە ریشەی شیعرەکانتان لە کەلەپوری ئەدەبیتاندا بدۆزنەوە؟**

و/ بەنسبەت خۆم، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم دەستم بە شیعر نووسین کردووە. کەواتە سەرەتای سەدەی بیستەم بە نسبەت من دوورە و دوورتریش لەوە سەدەی (میجی) و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیە. بەڵام ئەوەی دەمەویٚ بیڵێم ئەوەیە کە شیعری نوێمان لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لەگەڵ ئەو شاعیرانەی کە پێشتر ناوم بردن، دەستی پێکرد. منیش لەژێر کاریگەری ئەواندا بووم.

**پ/ ئایا بەڕاستی دەکریٚ (میازاوە-کانجی)، بە شاعیری تازەگەر ناوبەرین؟**

و/ بەڵیٚ.

**پ/ کێ لەپێشدا ئەودا هەبوو؟**

و/ تەنها شتە تەقلیدییەکان هەبوون. شتێك کە تەواو جیاواز بێ، شتی نوێ بەتەواوی لەگەڵ ئەودا دەرکەوت.

**پ/ ئایا ئەو شیعری بە شێوە تەقلیدییەکە دەنووسی، واتە هایکۆ یان تانکا؟**

و/ بەڵێ، بەڵام بەشێوەیەکی نوێ. راستە قەسیدەکانی پشتیان بە شێوەی تەقلیدی دەبەست، بەڵام پڕ بەمانای وشە تەقلیدی نەبوون. ئەو سروشتی خۆشدەویست و بۆ بەسەربردنی رۆژەکانی خۆی بەرەو چیا دەچوو، واتە وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ نووسین پشتی بە ئەزموونی خودی خۆی دەبەست.

**پ/ ئایا ئەو کات لەنێو ئەدەبی ژاپۆنی تەقلیدگەلێك هەبوو لەدژی ئەو بوەستن، ئەو تاوانانە چی بوون، کە رووبەرووی ئەوان دەکرایەوە؟**

و/ هەڵبەتە، هەڵبەتە، ئەو کات شەپۆلێکی رەخنەیی هەبوو، ئایدیۆلۆژیستی نیشتماپەروەری بەناوبانگ (یاسودە-یۆجیرۆ) پێشڕەوی دەکرد، بێ دوودڵی هێرشی دەکردە سەر شیعری نوێ و میازاوە-کانجی بەوە تاوانبار دەکرد، کە تەنها وەك ریتم نەبێ ئەگینا، نە شاعیرە و نە پەیوەندی بە ئەدەبی ژاپۆنییەوە هەیە. ئەوە بەشێك بوو لە تەقالید، کە شیعری نوێی بەبێ فۆڕم و ناوەرۆك و بەبێ مانا و ئایدیۆلۆژیا وەسف دەکرد. پێیوابوو شیعری نوێ هیچ ریشەیەکی لە تەقالیدی شیعری ژاپۆنی کۆندا

نییە. ئەو رەخنەگرە دەیویست رابردووی دوور بەبێ هیچ پەناوپێچ و تەمومژێ زیندوو بکاتەوە.

**پ/ ئایا قوتابیان رێگەی ئەویان بەجێهێشت؟**

و/ بەڵێ، زۆربەیان، بۆ نموونە ئەوەی دێتەوە یادم هاورێی شاعیرمان (ئۆکا-ماکوتۆ) کە لە کاتی لاوییدا زۆر بە قسەکانی ئەو کاریگەر بوو. خوێندنەوە و کاری جیدی لەسەر قسەکانی کردوون، لەگەڵ ئەوەش ئۆکا-ماکوتۆ یەکێك بوو لە شاعیرانی نوێخوازمان، ئەوانەی کە بەرگرییان لە تازەگەری شیعری دەکرد. (میشیما) رۆماننووسی ناسراو ئەویش یەکێکی دیکە بوو، کە کەوتبووە ژێر کاریگەری گوتە رەخنەییەکانی یاسودە-یۆجیرۆ. هەروەها ئەوەی جێگەی بەبیرهێنانەوەیە یاسودە-یۆجیرۆ لەسەر ئاستی ژاپۆن تیۆریزەکەرێکی زۆر بەناوبانگیش بوو.

**پ/ کاتێ دەڵێیت ئایدیۆلۆژی مەبەستت چییە؟**

و/ مەبەستم نیشتمانپەروەری پەرگیرە. ئەو لە چلەکاندا، واتە لە ساڵانی شەڕی جیهانی دووەم رۆڵێکی وروژێنەری گێڕاوە. لەشکرە تەقلیدییەکانی هاندەدا دژی هەموو ئەوانە بن، کە لایەنگیری ئەوییان نەدەکرد. دەیویست ئەدەب رۆڵێکی سیاسی توند بگێڕێ، بەشێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ شەڕ دژ بە ئەمریکا بوو. هەتا دوای هەرەسهێنانیش، لە رەخنە و هێرش نەدەوەستا، پاشان هەتا نیوەی پەنجاکان ژیا.

**پ/ با بۆ شیعری نوێی ژاپۆنی بگەڕێینەوە. بەچ مانایەك تازەیە، چی لەنێو شانە هەستیارەکانی ئیستێتیکای ژاپۆنی گۆڕی، هەتا**

**تەقلیدییەکان بەو شێوە بترسن، ئایا نووسین بە زمانی بازاڕی لەبری زمانی ئەدەبی تەقلیدی، واتای تازەگەری دەگەیەنێت؟**

و/ من بەو شێوەیە بیر ناکەمەوە. لێگەڕێ با من شتێك بە تۆ بڵێم: شیعری تازەی ئێمە بە تەواوی خۆی لە فەزای نووسینی تەقلیدی ئازاد کرد، بە ئاشکرا شیعری تەقلیدی ئازاد کرد و بە هیچ جۆرێ بۆ دواوە نەگەڕایەوە، بەتەواوی خۆی لە زۆری پێداویستیەکان رزگار کرد...

**پ/ مەبەستت ئەوەیە، کە ئەو شیعرە، لە ئاستی فۆڕم تازە بوو، بەلاّم باشە چی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی دیکە گۆڕی، چونکە تۆ ئەو پەیوەستبوونەی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك ناس دەکەیت، فۆڕم بە تەنها تازەگەری لێناکەوێتەوە. ئایا دەشێ بڵێین شیعری ژاپۆنی تازە لەو هەڵوێستە بێ لایەنەی بەرانبەر ژیانی کۆمەلاّیەتی و فەردی، توانی -حاڵەتە کۆنەکەی هایکۆ و تانکا- ئازاد بکات و بیکاتە مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی، واتە حاڵەتێك کە پەیوەندی بە ژیانی مرۆییەوە هەبێ، نەك هەر تەنها بەدیاردە سروشتییەکان...**

و/ بەڕاستی، نازانم!! دەپرسم ئایا شیعری تازەی ئێمە هەر ئەوەیە، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت لایەنی دیکەی جۆراوجۆریشی هەیە. شیعری تازەی ئێمە ئەگەر ئەو قسەیە بشێ وەك دیمەن مەیلێکی رەواقیانەشی هەبێ، مەیلی پەیوەستبوون بە سەردەم، مەیلی ئایدیۆلۆژی..... هتد. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی دیکە پەردەپۆشکراویشی هەیە.

**پ/ وەك چ، بۆ نموونە؟**

و/ بۆ نموونە لەسەر ئاستی ژیانی رۆژانە، لێرەدا کۆمەڵێك بابەت هەیە دەکەوێتە سەرووی شتەکانی رۆژانەوە، بەڵام ئەو لایەنە بەهۆی کاریگەری سیاسی یان بەهۆی ستەمکاری کەوتۆتە پەناوە. لێرەدا کەوتنە ژێر کاریگەری سوریالیەکانیش بوونی هەیە. ئەوەی دوایی شیعری ئێمەی لە ئاگایی رووکارئامێز رزگار کرد، بەر لە سوریالییەت نەماندەزانی چۆن نەستمان بەکار بهێنین، بەڵام بەهۆی کاریگەری ئەوان، پەراوێزێکی گەورەمان لە ئازادی بەدەست هێنا. لێرەدا کۆمەڵێك شاعیر هەن، راستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سوریالییەکان، واتە راستەوخۆ بەکار و بەرهەمە سوریالییەکان پەیوەندییان هەیە. ئەوانی دیکەش بەو شاعیرانە کاریگەرن، بەڵام لە راستیدا ناتوانین بڵێین ئێمە بەتەواوی سوریالیین.

**پ/ ئێستا ئەو قسەیە لە مێشکمدا دەخولایەوە، ئایا دەشێ ژاپۆنی سوریالی بێ، چۆن و بەچ مانایەك. بە دەستەواژەیەکی دیکە ئایا دەشێ ژاپۆنی میتافیزیکی بێ، چونکە مرۆڤی ژاپۆنی بەوە ناسراوە کە هەستارییەتێکی زیاد لە پێویست و پەیوەندی زیاد لە پێویستی بە واقیع و شتەکانی دەوروبەری هەیە ...؟!**

و/ بۆیە دەڵێم ئێمە سوریالی نین، دەشێ شاعیرێك یان ئەویدیکە لەنێوان سوریالییە ژاپۆنییەکان، کە دەکەوێتە سەرووی واقیعەوە، واتە بە سورناتیوریل وەسفی بکەین، بەڵام نەك وەك سوریالییەك، واتە سەرووی واقیع. ئێمە سوریالییەت بە هەموو رەهەندەکانییەو

تێنەگەیشتووین. زۆربەی شاعیرە سوریالییەکانی ئێمە، دەکەونە دووتوێی چوارچێوەی حەساسیەتی ژاپۆنی تەقلیدییەوە.

**پ/ مەبەستت لە حەساسیەتی ژاپۆنی تەقلیدی چییە، ئەدی حەساسیەتی ژاپۆنی تازە یان ناتەقلیدی کامەیە؟**

و/ ئەو مەسەلەیە جۆرێکە لە هاوگونجان، کە دەکەوێتە نێوان شاعیری ژاپۆنی و سروشت، بەڵام ئەو حاڵەتە بەنسبەت شاعیری خۆرئاوایی، کە حاڵەتە مرۆییەکەی خۆی لە چوونە نێو سروشتدا دەدۆزێتەوە، هیچ جۆرە هاوگونجانێکی حەقیقی شێوە ژاپۆنیەکە ناگەیەنێت. بەگشتی لە شیعری خۆرئاواییدا، سروشت بە مانای وشە وەك ژاپۆنییەکە نابینرێ، بەڵکو مرۆڤدۆستی و پەیوەندی مرۆییانە بە سروشت دەدۆزیتەوە...

**پ/ بەڵام شاعیری ژاپۆنی تازەگەر، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەی لە ژاپۆن بەدەست هاتووە، کەچی هەتا ئێستا پارێزگاری لە پەیوەندی خۆی بە سروشتەوە دەکات، ئەوەش لەمیانی دەستەواژە و فەرهەنگی زمانەوانی لەنێو بەرهەمە شیعرییەکانی بەدەردەکەوێ، لەسەر ئەو ئاستە دەکرێ بڵێین حەساسیەتی شیعری تەقلیدی ژاپۆنی هەتا ئێستا زاڵ و باوە. واپێدەچێ ئەوەی کە بە گۆڕان ناوی دێ، هەر تەنها وازهێنان بێ لە ریتم و کورتبڕی لە پێناو قەسیدەی درێژ و پێشبینی نەکراو.**

و/ راستە کوتبڕی لە کەلەپوری ئێمەدا زاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەسیدەی درێژمان هەیە، بە "تشوکا" ناودەبرێ، یان "سروودی درێژ". ماوەیەك ممارەسەمان دەکرد، پاشان لە سەدەی یانزەوە لە

نووسینی وەستاین. لەدوای ئەوەش هەر تەنها بە داڕشتنی هایکۆ و تانکا بەسەمان لێکرد، تا شیعری نوێ دەستی پێکرد، پێم سەیرە بۆچی ئەو هەموو ماوەیە و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نەچووینەوە سەر ئەو جۆرە تەقلیدە لە شیعر نووسین، کەچی ئەو جۆرە بۆخۆی ئەسڵی شیعری هایکۆ و تانکایە، واتە لەوەوە ئەو دوو شێوەیە لە داڕشتن "تانکا" واتە "سروودی کورت" و "هایکۆ" واتە "قەسیدەی پێشەنگ" کە لە تانکا کورتترە، هاتە ئاراوە. پێموایە حەساسیەتی ژاپۆنی مەیلی زێتر بەلای کوتبڕییدایە. بەمجۆرە "سروودی درێژ" مان بەجێهێشت و بەرەو "سروودی کورت" و "قەسیدەی پێشەنگ" و کوتتر بووینەوە.

**پ/ ئەو "سرووده کورتانە" هەڵگری چ مۆرکێکن، بابەتە بنەڕەتەکانیان چییە؟**

و/ زۆربەیان قەسیدەی لیریکین، بابەتی جۆراوجۆرییان لەخۆدا هەڵگرتووە، چیرۆکی ئارەزووبزوێن دەگێڕنەوە، دابڕان لە یار و دیار...هتد.

**پ/ مرۆڤی ژاپۆنی چ جای بەدیاریکراوی شاعیران، زۆر شەیدای شەرابی نیشتیمانین، واتە بالساکی، شەرابی برنج، ئایا ئێوە وەك ئێمەی عەرەب شیعری شەرابیتان هەیە.**

و/ مەبەستت شێوازی عومەر خەییامە؟

**پ/ بۆ نموونە.**

و/ نەخێر. هیچ شاعیرێك ناناسم تەواوی بەرهەمەکانی یان بەشێك لە بەرهەمەکانی بۆ شەراب بێ، بۆ زانین ئەو تەقلیدە لە شیعری

چینی بوونی هەیە، زۆر پێوەی کاریگەرن، من هیچ لێکدانەوەیەکم بۆ نەبوونی ئەو مەسەلەیە لە شیعری ژاپۆنیدا نییە،

**پ/ ئەو بابەت و مەسەلانە کامانەن، کە لەنێو شیعری ژاپۆنی تازەدا قسەی لێدەکرێ؟**

و/ ئەو پرسیارە ئاڵۆزە، پێموایە شیعری نوێی ئێمە خۆی لە پاڵەپەستۆی ئەو بابەتانە رزگار کردووە، ئەوەی کە بە "تیمە" ناو دەبرێت. پێشتر زیاد لەپێویست بەو مەسەلەیە خەریك بوون. لەبەر هەندێ ئاسان بوو لەسەر دابەشکردنی بابەت، کارە شیعرییەکان دراسە بکرێ. بەڵام ئەمڕۆ شاعیری نوێ خۆی بە بەندەی ئەو مەسەلانە نازانێ. هەر دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو مەسەلانە تەجاوز بکرێن. راستە بەگشتی ئەدەب نەك هەر تەنها شیعر خۆی بە بابەتگەلێك سەرقاڵ دەکات، بەڵام پێموایە ئێمە لە شیعری تازەدا بابەتگەلی زۆر لەوەی کە پێشتر چارە کراون، تەجاوزمان کردوون. بۆیە لای من وەڵامی روون بۆ ئەو پرسیارە قورس دەکەوێتەوە. بۆ نموونە شیعری من خزمەت بە هیچ بابەتگەلێك ناکات، یان جەخت لە هیچ بابەتێك ناکاتەوە، یان بەسەریدا تێپەڕێ، بڕواش ناکەم ئەوە لای زۆربەی شاعیرە ژاپۆنییەکان وا بکەوێتەوە. هەندێ لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ من هاوڕا نین..

**پ/ ئایا ئەوە پەیوەندی بەوەدا نییە، کە وازهێنان لە مانا، یان بێ مانایی، یان بێ بابەتی، لە شەقامی ژاپۆنیدا وەك جەوهەری ژیانی رۆژانە سەیر دەکرێ؟**

و/ بەڵێ. رەنگە. بەڵام خوێنەری ئاسایی لە ژاپۆن، هەمیشە دەڵێ شیعری نوێ زۆر قورسە. تێناگەم مەبەستیان چییە. رەنگە حەزییان لەوەبێ، کە ئەو جۆرە شیعرە هەڵگری بابەت بێ، بەڵام تێیدا نییە..

**پ/ لەوانەیە ئەو قورس کەوتنەوەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە شیعری ئێوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری رۆشنبیریی میتافیزیکانەی خۆرئاواوە. بۆ من وادەردەکەوێ کە ژاپۆن بۆ نموونە توانای لەخۆگرتنی (ت.س.ئیلیوت)ی نەبێ، یان وەك شاعیرێك کە هەڵگری فیکرەی یەکتایی ئەبستراکە، نەتوانن لێینزیك ببنەوە.**

و/ ئێستا ناتوانم لەگەڵ سەرنجەکانت هاوڕا بم، دەشێ ئەوە بە نسبەت شاعیرانی راستەوخۆی دوای جەنگ وابێ، بەڵام لەگەڵ شاعیرانی دەیەی دوایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، راست ناکەوێتەوە. کاریگەرییەکان وەك پێشتر بینراو و دەستلێدراو نین.

**پ/ پێشتر کاریگەرییەکان لەمیانی تەرجەمە، یان مەعریفەی راستەوخۆی زمانەوە بوو، بەڵام واپێدەچێ ئەمڕۆ ئەو دەروازەیە هەندێ گۆڕا بێ و ئەوەش لەمیانی پەیوەندییە زۆر گەشەکردووەکانی راگەیاندن کە نابینرێ و دێتە ناوەو جێگیر دەبێ..**

و/ رەنگە وابێ، بەڵام من بەتەواوی ئەوە وا نابینم، ناشتوانم بەگشتی رەتی بکەمەوە. وەك چۆن ناشتوانم بەگشتی لەگەڵیدا هاوڕا بم. هەتا لەسەرەتای ئەو سەدەیەش ئەو کاریگەرییە بەو جۆرە ئاشکرا نییە، پاشان ئەگەر شاعیرانی ئەمڕۆ یەکتر

نەخوێننەوە، چۆن ئەوانیدیکە دەخوێننەوەو دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە!!

**پ/ ئێستا ئێوە لەگەڵ شیعری تازەدا بۆ سروودی درێژ دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەو جارە لەپاڵ ئەوەش داڕشتنی هایکۆ و تانکای تەقلیدیتان هەیە. یەکەم: بەڕای تۆ بۆچی ئەو دوو جۆرە لە داڕشتن بەهیچ شێوەیەك لە سیاسەت نزیك نابێتەوە، دووەم: ئەمڕۆ لە ژاپۆندا ژمارەیەکی زۆر شاعیر هەن، ئێوەی شاعیرانی تازەگەر چۆن بۆ ئەوان دەڕوانن؟**

و/ دەستبردن بۆ بابەتی سیاسی و ئەوانەی لە سیاسەت دەچن، پێویستی بە شێوەی هونەری درێژ هەیە، بۆیە شێوەی هایکۆ و تانکا بەهۆی کورتبڕییان نەگونجاو دەکەونەوە. ڕەنگە ئەوە یەکێك بێ لە هۆیەکان. بەڵام بە نسبەت درزی دووەمی پرسیارەکەتان من پێت دەڵێم: لەکاتی لاوی من بۆخۆم وەك هەر شاعیرێکی ژاپۆنی دیکە پرۆسیسەی نووسینی هایکۆ و تانکام دەکرد. هەتا ئێستاش بەهۆی بیرکردنەوە لە ریتم، ژانوژوارەکانیم دێتەوە یاد. دنیای ئەو دوو جۆرە فۆڕمە زۆر تەسکە و پێویستی بە جەختکردنی بەرز و ڕاشکاوی هەیە، هەستدەکەم من زێتر بەندەی ریتمم نەك شتی دیکە..

**پ/ ئایا شاعیرانی هایکۆ و تانکا بەڕاستی شاعیرن؟**

و/ بەڕاشکاوی، من وەك شاعیر نایانبینم. بەڵام ئەوان لە ڕێکخستنی هایکۆ و تانکا شارەزان. ئەوان بەندەی ئەو دنیا تەسکەن، دنیای ریتم. من دژی ئەوان نیم، بەڵام زۆر بەسادەیی

بەشاعیرییان دانانێم، نالێم هایکۆ یان تانکا شیعر نییە، بەڵام ئەوانەی ئەمڕۆ ممارەسەی هایکۆ و تانکا دەکەن، شاعیر نیین. هەتا منیش هەندێجار وا رێکدەکەوێ وەك پێداویستییەك بۆ سۆزی ناوەوەم شیعری هایکۆ یان تانکا بهۆنمەوە. بەڵام نووسەرانی تایبەت بە هایکۆ قەسیدەی هایکۆیی بە حەقیقی دانانێن.

**پ/ چۆن سەیری مامۆستای کۆنی هایکۆ: باشۆ، ئیسسا، بۆزون و ئەوانیدیکە دەکەیت؟**

و/ ئەو شاعیرانە بەبێ مشتومڕ، شاعیری گەورەن.

**پ/ کەواتە مەسەلەکە ئەوەیە، کە فۆڕمی کۆن لەگەڵ تازە بەیەکەوە هەڵناکەن..**

و/ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ ئەوانەی لە رێکخستنی هایکۆ شارەزان، هەندێجار سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. بەڵام ئەوان دوای خەباتێکی زۆر لەگەڵ ریتم و فۆڕم، تەنها هایکۆ نەبێ، هیچ جۆرە شیعرێکی دیکە پێشکەش ناکەن. ئەوەش راستە ژمارەیەك لە نووسەرانی هایکۆ هەن، بەڕاستی قەسیدەی هایکۆی تازەیان بەرهەمهێناوە.

**پ/ کەواتە تۆ لەگەڵ هایکۆی تازەی یان هایکۆی ئازاد؟!**

و/ هایکۆی تازە و هایکۆی ئازاد یەك شت نین، جیاوازن.

**پ/ هایکۆی تازە مانای چییە؟**

و/ واتـە پابەسـتبوون بـە تازەگـەری لەگـەڵ بۆماوەکـانی هـایکۆ، پارێزگاری کردن لە ناسـنامەبوونی "هـایکۆ" و گەیانـدنی بـەرۆحی تازەگەری..

**پ/ ئایا مەبەستت گۆڕانکاری کردنە لە بابەت: قسەکردن لەشتە نوێیەکانی وەك ئامرازی تەکنۆلۆژی لە کۆمپیوتەر و ئەوانیدیکە، لەبری قسەکردن لەبارەی سروشت و دیاردەکانی سروشت؟**

و/ مەسـەلەکە پەیوەنـدی بـەو بابەتانـەوە نییـە، بـەڵکو بـە شـێوەی گوتندایە، بە تێگەیشتن و دیدگا..

**پ/ هایکۆی ئازاد مانای چییە؟**

و/ ئەو دەستەواژەیە بەسەر ئەو قەسـیدە هایکۆیانـەدا دەسـەپێ کـە "وشەی وەرز" لەخۆ دەگرن، ئەو وشەیە دەلالەت لە زەمەن دەکات. قەسیدەی هایکۆش وەك دەزانین هەر دەبێ ئەو چاودێری رێسایە و یاساکانی دیکەی تەواو پەیوەست بـە ریـتم بکـات. کاتێـك هـایکۆ خۆی لە "وشەی وەرز" و خۆی لە کێشە ناسـراوەکەی دامـاڵی ئـیتر دەبێتـە قەسـیدەیەکی بچووك، ئـەو کـات نـاوی هـایکۆی بەسـەرەوە نامێنێ.

**پ/ وەك سەرنج دەدەین لە ئەوروپا و ئەمریکا و شوێنی دیکەی جیهانیش بە هەموو قەسیدەیەکی کورت دەگوترێ "هایکۆ"، من و تۆ لەبارەی هایکۆوە قسەمان کرد، هایکۆ هەر دەبێ لە زمانی ژاپۆنی لە ئابلوقە دابێ، ئەوەش بۆ سروشـتی تایبـەتی زمـانی ژاپۆنی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کۆمەڵەی ئەمریکی و ئەوروپی بـۆ نموونـە خۆیـان بـە کۆمەڵـەی هـایکۆی**

**ئەمریکی یان ئەڵمانی یان ئەوانیدیکە ناوزەد کردووە.. من زۆر بلاْوکراوەکانیانی ئەو کۆمەلاْنەم خوێندۆتەوە و دەبینین قەسیدە کورتەکانیان کە تەنها دیاردەی سروشتییان چارەسەر نەکردووە، وەك ئەوەی لە ژاپۆن دەبینرێ، کەچی لە هەموو قەسیدەکان وشەیەك دەبینین کە دەلالەت لە وەرز و هەندێکیشیان دەلالەت لە رۆحی هایکۆ دەکات...**

و/ ئەوە دەزانم، وا رێکەوت لەگەڵ هەندێ لە شاعیرانی ئەو کۆمەلاْنەش گفتوگۆ بکەم، ئەوان بڕوایان بەوە هەیە کە هایکۆ هەر دەبێ بە زمانی ژاپۆنی بێ، بەلاْم دەقەکانیان هەڵبەتە قەسیدەی کورتە و هیچی دی، لە دوورەوە فۆڕمی هایکۆ دەدوێنن و پڕشنگ و لێدانی ئیستێتیکی بەرزییان تێدایە، بەلاْم سەر بە فەزایەکی مەعریفی دیکەن و پەیوەندییان بە فەزای مەعریفی تایبەت بە هایکۆ نییە. راستە هایکۆ قەسیدەیەکی زۆر کورتە، واپێدەچێ بۆ لاساییکردنەوە ئارەزوو بزوێن بێ، بەلاْم ئەوە هەموو شتەکان نییە: لێرەدا شتێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە هایکۆ تەنها مندالاْنی زمانی ژاپۆن و شاعیرانی تێیدەگەن.

ئەوە شتێکە کە وا لە هایکۆ دەکات هایکۆ بێ نەك شتێکی دیکە. مەسەلەکە پەیوەندی بە یەکگەیشتنی "ناوکی جەوهەری شیعری دایە" ئەو "ناوکە شیعرییە" یەکێکە لە جەوهەرەکانی هایکۆ. پێویستە لەنێو قەسیدەدا زۆر دەستلێدراو و روون و ئاشکرا بێ، بەشێوەیەکی زۆر ئۆرگانی بە ریتمەوە بەند بێ. بۆیە لەسەرەوە

گوتم دنیای هایکۆ داخراو و جێگیرە، منیش جێگیربوونم لە نێو شیعر خۆش ناوێ...

**پ/ کاتێ سەرنج لەمۆرکی ژاپۆنی دەدەیت و لەبارەی ئەو قەسیدەیەو دەڵێیت یان لەبارەی ئەویدیکەوە کە ئاسۆیەکی ژاپۆنی نییە، مەبەستت لەو ئاسۆیە چییە، ئایا تۆ شاعیرێکی ژاپۆنی، بەچ مانایەك؟**

و/ لەنێو قەسیدە هەر قەسیدەیەك بێ شتێکی خۆی هەیە، یان دەبێ شتێك لە ژاپۆنییەتی یان بەبێگانەیی بوونی خۆی هەبێ. لەمیانی هەمان دەستەواژە و پێکهاتەی وشەدا هەر دەبێ تێبگەین کە لێرەدا کۆمەڵێك رەمز و کۆد هەیە کە نادیار دەکەونەوە، ئەوانەن کە دەلالەت لە "ناسنامە" دەکەن. کاتێ بەخۆم دەڵێم من شاعیرێکی ژاپۆنیم رەنگە تەنها لەبەر ئەوە بێ کە بە زمانی ژاپۆنی دەنووسم، بەڵام رەنگە بۆ نموونە تەرجەمەی سویدیی بکەم ئینجا بیخوێنمەوە. شاعیری گەورەی هایکۆ "ماتسۆ باشۆ" ئەویش شیعری تەرجەمەی سویدی کراوە، بەڵام خوێنەری سویدی بە ناوکی شیعری ئەو نەگەیشتوون ئەو ناوکە شیعرییەی کە باشۆ لە قەسیدەکانیدا وەك بنەرەتێکی ژاپۆنیانە کاری لەسەر دەکات.

**پ/ بەمجۆرە، زمان بە ناسنامەی شیعری دادەنرێت؟**

و/ لێرەدا جۆرێك لە پرد هەیە، قەسیدەکانی من دەتوانن پێیدا تێپەڕن، بۆیە من بە شاعیرێکی ژاپۆنی دادەنرێم، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها شاعیرێکی ژاپۆنی نیم.

**پ/ شیعری ژاپۆنی تازە لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی بیستەم، سەد ساڵەی خۆی تەواو کرد، ئایا شاعیرێك هەیە بشێ بە شای شاعیرانی دابنێین، یان بە ئاڵای بەرزی ئەو شیعرەی دابنێین؟**

و/ لە رابردوودا بەراستی بە نسبەت دەوروبەر ئەو ترۆپکە هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ واتە بە تەواوی لە میانی ئەو سەد ساڵەدا شاعیرێك نییە لە ترۆپکدا بێ، هەتا بتوانین وەك مەزنترین و گەورەترین شاعیر قسەی لێبکەین. ئێمە چیای شیعری زۆرمان هەیە، بەڵام هاورێك و یەکسانن. "چیای فوجی" لە شیعردا بوونی نییە (چیای فوجی بەرزترین ترۆپکە لە ژاپۆن، چیایەکی پیرۆزە). بەڵێ بڕوا ناکەم چیایەکی فوجی شیعری دیار هەبێ لەوانیدیکە دیارتر. راستە من لە شاعیرە رابەرەکانم خۆش دەوێ، ئەوانەی لە سەرەتا قسەم لەبارەیانەوە کرد و من و ئەوانیدیکە پێی کاریگەر بوون، بەڵام چیا نین و لەوانیدیکەش باڵاتر نین، چونکە ساڵانی دوایی شاعیری دیکەمان دەرکەوتن لە هەمان ئاستدا بوون.

**پ/ ئایا ئێستا لە ژاپۆن شاعیری مەزن بوونی نییە، وەك چۆن پێشتر هەبوو، بۆ نموونە وەك ماتسۆ باشۆ؟**

و/ نەخێر، بڕوا ناکەم. هەر چۆنێ بێ ئەوە بۆچوونی خۆمە.

**پ/ شاعیری رەسەن دەبێ چۆن بێ. تۆ شاعیری گەورەو شاعیری رەسەن لەوەدا جیا دەکەیتەوە کە شاعیر گەورە نابێ وەك پێویست رەسەن بێ؟**

و/ بەدڵنیاییەوە ئێمە شاعیری رەسەنمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو فیکرەیەش روون بکەمەوە بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێمەوەو دەڵێم:

ئەگەر فیکتۆر هۆگۆ شاعیرێکی نیشتمانی گەورە بێ، ئەوە بۆدلێر شاعیرێکی جیهانی رەسەنە و لە هەرێمکی شیعری دوور، لێرەشدا مەسافەیەك هەیە لەنێوان ئەوەی کە گەورەیەو ئەوەی کە رەسەنە.

**پ/ خوێنەری شیعری ژاپۆنی زیاد ناکەن، یان ئەوان هەمیشە لە ناکۆکیدان، واپێدەچێ ئەوە لەسەر شیعری هایکۆ و تانکا جێبەجێ نەبێ. ئەوە سکالآیەکە لەگەلْ خوێنەران، وەك ئەوەی دوای سەد سالْ ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە هیچ گۆڕانێکەوە نەبێ..**

و/ بڕوام بەوە نییە، یان بەلای کەمی هەندێ شاعیری تازە هەن باش دەفرۆشرێن و لەسەر بەرهەمی شیعری خۆیان دەژین. بەلآم دەبێ بە روونی ئاماژە بەوە بکەم کە لەمیانی ئەو دوو دەیەیەدا ژاپۆنییەکان لە خوێندنەوەی شیعر وەستاون، بەشێوەیەکی ترسناك فرۆشی بەرهەمی شیعری هاتۆتە خوارەوە، جا چ شیعری تەقلیدی بێ، یان تازە. پێموایە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ ژاپۆنی بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی ناناسێ. بۆدلێر سەرنجی ئەوەی دا کاتێك گووتی مانای چییە: رۆژانە بتوانین بەبێ نان بژین بەلآم رۆژانە نەتوانین بەبێ شیعر بژین. ئەگەر من پێچەوانەکەی بلێم لەبەر ئەوەیە ناخی خۆت ونکردووە، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە تۆ کێی..

**پ/ ئەوە تاوانبارکردنێکی هەمیشە و تەقلیدیانەی خوێنەرە لەلایەن شاعیری تازەوە جا چ لە ژاپۆن بێ یان لە شوێنێکی دی..**

و/ من کەس تاوانبارناکەم، (پێدەکەنیّ). بەلأم باشە باشە با وابیّ، با ئەو تاوانبارکردنە شیاو بیّ.

**پ/ ئەو خوێنەرانە بۆ خۆیان لە خوێندنەوەی هایکۆ دانەبڕاون..**

و/ پێموا نییە شتەکە وابیّ، ئەوەی هەیە ئەوەیە کە ئەوانەی لە ژاپۆن شیعری هایکۆیی دەنووسن ژمارەیان زۆرە و هیچ کەسیش نایانخوێنێتەوە، بەڵکو بۆخۆیان هەم بەرهەمهێن و هەم بەکاربەریشن، ئەوانەی هایکۆ "رێکدەخەن" هەر بۆخۆیانن کە دەخوێننەوە نە زێترن نە کەمتر.

**پ/ بەلأم ئەو جێبەجێکردنە بەسەر شاعیرانی تازەگەریش جێبەجیّ دەکرێت؟**

و/ (پێدەکەنیّ، پێدەکەنیّ). بارودۆخەکە ئێستا لەوەش خراپترە لەوە خراپترە کە وێنای دەکەیت. ئەگەر نەوەی من بەیەکگەیشتنی لەگەڵ پێش خۆی هەبیّ یان لەگەڵ خۆیدا، ئەوە شاعیرانی ئەمڕۆ نەخوازە لاوەکان لەگەڵ پێش خۆیان لە دابڕانێکی تەواودان وەك چۆن لەگەڵ یەکتریش هەروان، کەس، کەس ناخوێنێتەوە. بە گاڵتەئامێزێکی رەش دەپرسم ئایا ئەوەی دەنووسریّ، کەس دەیخوێنێتەوە؟!

**پ/ ئەوە وا دەگەیەنێت کە "رێکخەرانی" هایکۆ و "رێکخەرانی" تانکا حاڵەتیان زۆر لە ئێوەی شاعیرانی تازەگەر باشترە؟**

و/ تۆ دەزانی "رێکخەرانی" هایکۆ لەنێو کۆمەڵەی بچووك و جۆراوجۆردا دەژین، کۆمەڵێك مامۆستا، کۆڕ و کۆبوونەوەکان بەڕێوە دەبەن، ئەوەش تەقلیدێکی هایکۆیی کۆنە-لەویّ ئەوە

دەخوێننەوە کە هەر یەك نووسیوویەتی– لە کۆڕەکەدا تەنها هەر یەکێك ئەویدیکە دەخوێنێتەوەو بەیەکتر دەگەن. بەو مانا دەشێ بارودۆخی ئەوان باشتر بێ..

**پ/ ئێوەش وەك ئەوان کۆمەڵە و کۆبوونەوەی خولی و خولی رێکوپێکتان هەیە...؟!**

و/ شتە بەنسبەت ئێمە جیاوازە، چونکە بە مانا تەقلیدییەکە "مامۆستا"ی تێدا نییە، کە بەپێی یاسا و رێسای دیاریکراو، بڕیار لە باشی ئەو قەسیدەیە و ئەویدیکە بدات. ئێمە لەوەی دەینووسین ئازادین. هەندێجار روویداوە لە کۆڕەکان یەکێکمان لەو قەسیدانەی نووسیوویەتی یەکێك یان چەند دانەیەك بخوێنێتەوە، بەڵام نەك لەپێناو گفتوگۆکردن و بڕیار لەسەر دان.

**پ/ با کەمێك قسە لە کاریگەری شیعری خۆرئاوایی ئەمریکی بکەین لەسەر شیعری ژاپۆنی، چونکە زۆربەی شاعیران ئەوانەی پێیانگەیشتووم ئاماژە بەو خاڵە دەکەن.**

و/ ئەو تەرجەمانەی لە میانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و راستەوخۆ لەدوای جەنگی جیهانی کراون، بەرهەمێکی روون بەدەستەوە دەدەن. بەمجۆرە کۆمەڵەی شیعریی لەدایك بوو کە ناوی خۆی لە "وێرانە خاك"ی "ت.س.ئیلیوت" وەرگرت. شاعیرانی ئەو کۆمەڵەیە رۆڵێکی بەرجەستەیان لەبزاڤی شیعری تازەدا گێڕا و کاریگەری ت.س.ئیلیوت و بەدیاریکراوی شیعری ئەمریکی زۆر بەئاشکرا لە کارە شیعرییەکانیان رەنگی دابۆوە. پاشان لەدوای ئەو شەپۆلە، شاعیرانی دیکە هاتن، وەك هاوڕێی

شاعیرمان "ئۆوکا-ماکۆتۆ" کە دەرگای لە کاریگەری شیعری فەرەنسی کردەوە، بەڵام نەك بەهەمان روونییەوە.

**پ/ بەو بۆنەیەوە، لە بەیادهێنانەوەی"ئۆوکا-ماکۆتۆ" ئەو شاعیرە تازەگەر و پارێزەری تازەگەری شیعری لە ژاپۆن، ئەوەی کە من دوو کتێبیم تەرجەمەی زمانی عەرەبی کردووە. باشە تۆ ئەو گۆشەیەی کە لە رۆژنامەی (ئەساهی) کە نزیکەی بیست ساڵ دەبێ ئەو دەینووسێ و تێیدا قەسیدەی هایکۆیی کۆن یان هاوچەرخ هەڵدەبژێرێ و سەرنجی خۆی لەبارەیانەوە دەنووسێ و ئاماژە بە ناوکی شیعرییان دەدا، هیچ جارێکیش نەبووە قەسیدەیەکی تازە یان پارچەیەك لە قەسیدەی تازەی هەڵنەبژێرێ، چۆن راڤە دەکەیت، لە هەمان کاتیشدا ئەو کابرایە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی تازەی خۆی دانەبڕاوە، چ وەك کۆمەڵە و یان لە خولە تایبەتیەکان؟**

و/ ئەو ئیشکالێکە تووشی بووە و نرخەکەشی دەدا. من یەکێکی دیکەم کە هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ کاتێکی زۆری خۆم بۆ بڵاوکردنەوە و بەدواداچوونی کاری شاعیرانی کۆن تەرخان کردووە. لەبەر ئەو هۆیە دەکەوینە بەر هێرشی نەوەی نوێ. رەنگە شاعیرێك بناسی کە ناوی "ئەراکاوە-یۆگی"یە لەسەرەتای ئەو مانگە (کانوونی یەکەمی 1999) لە زانکۆ لێکستێکی لەبارەی شیعری نوێی ژاپۆنی گووتەوە، هێرشی کردە سەر "ماکۆتۆ" لەبەر ئەوەی کە نابێ شاعیر وزەی خۆی بە بابەتی کۆن و دووبارە خەرج بکات، ئەوەی ماکۆتۆ پێی هەڵساوە بێ بەش کردنی نەوەی

نوێیە لەو تایبەتمەندییەی کە دەبێ لەڕێگەی ئەزموونی خودی پێی بگەی. بەڵام من لەو بڕوایەدام ماکۆتۆ بە دیاریکراوی لەو گۆشە ڕۆژانەییە ناوبراوەی هەتا ئێستاش لەژێر کاریگەری ڕەخنەگر "یاسودە-یۆجیرۆ"یە وەك لە پێشدا ئاماژەم بۆ کرد، هەڵبەتە ئەویش دژی تازەگەری شیعرییە بە هەموو شێوەکانی و هەروەها پارێزگاریش لە تەقالیدی ئیستێتیکی دەکات، بە هەموو شێوەکانییەوە. پێدەچێ خوێندنەوەی ئۆوکا-کاکۆتۆ بۆ یاسودە-یۆجیرۆ بۆ ڕۆژانی گەنجی بگەڕێتەوە ئەو کاتەی کە ئۆوکا ببووە شاعیرێکی بەناوبانگ.

**پ/ پێدەچێ تۆ ئێستا دژی زیندووکردنەوەی ڕابردوو بیت؟**

و/ پێم گوتی من کەلەپووری هایکۆ و شاعیرانی دێرین دوادەخەم، بەڵام ئەمڕۆ کە ئێمە هەر تەنها سێ ڕۆژ لە هەزارەی سێیەم دوورین (ئەو گفتوگۆیە لە 1999/12/27 کراوە) نازانم لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چ پێشکەوتنێك هەیە. ئایا پێویست دەکات ئەو هەموو بایەخە بە ڕابردوو بدەین. من ڕێزی ئۆوکا-ماکۆتۆ دەگرم و کار شیعرییەکانیم خۆش دەوێ، بەڵام دەمەوێ پێی بڵێم: بەڕێز ئۆوکا پێویست ناکات تا ئەو سنوورە بایەخ بە ڕابردوو بدەیت، لە کۆتاییدا من دژی ئەو گەڕانەوەیەم، سەرەڕای ئەوەی کە هێز و کاتی خۆم بۆ کارە کۆنەکان تەرخان کردووە.

**پ/ بەڵام لێرە پرسیارێك دەخرێتە ڕوو، هەر دەبێ هەبێ، ئەویش پرسیارێکی واقیعییە: کێ پێداویستییەکانی خوێنەری ئیستێتیکی تێر دەکات. ئەگەر شیعری تازە نەتوانێ بەو کارە**

**هەڵسیۆ باشە بۆ ئەو ئەرکە بۆ شیعری کۆن واتە هایکۆ و تانکا بەجێناهێڵن؟**

و/ بەلاّم کێشەکە لەوەدایە لاوانی ئەمڕۆ هەڵبەتە نە گرنگی بە شیعری کۆن دەدەن نە تازە. ئەو پەیوەندییە یان بەیەکەوەبەستنەوەیەی نێوان شیعری تازە و هەستیاری بوونی نەماوە. بۆیە دەمەویۆ بڵێم شیعری تازە، بەراستی تازە، بۆخۆی دەیەویۆ پانتاییەك بۆ چوونە نێو هەزارەی سێیەم بە هەستێکی نوێو جیاوازەوە ئامادە بکات. ئێمەی شاعیرانی تازەگەر پێشوازی لە ئاسۆکان دەکەین و داهاتوو دەبینین (واتە خەون بەداهاتوو دەبینین، و:ك).

**پ/ گوتەزای پێشوازیکردنی ئاسۆکان و دیتنی داهاتوو زۆر ژاپۆنی نییە، بەڵکو باشترە بڵێم بە ژاپۆن نامۆیە. هەستیاری ژاپۆنی وەك هەتا ئێستا ئاگادارم و شارەزاییم لێی هەبیۆ لە جەختکردن لەسەر هەنووکە وەستاوە، بابەتی "بینین"ی زۆر مەبەست نییە؟**

و/ من لەگەڵ تۆ تەبا نیم، چونکە بابەتی بینین تایبەتمەندییەکی نامۆی لەخۆدا هەڵنەگرتووە. لە شیعری کۆنی ئێمەدا هەیە، نەخوازە لای ماتسۆ باشۆ، شیعری هایکۆ بینین یەکێك لە تایبەتمندییەکانیەتی. هەروەها هاوشێوەی ئەوەش بە دیاریکراوی لەسەرەتای سەدەی بیستەم لای شاعیرێکی وەك "میازاوە-کانجی" قەسیدەی کۆنی ئازادمان هەیە.

**پ/ دابڕانی نەوە نوێیەکان لە خوێندنەوەی شیعر، چۆن راڤە دەکەیت، ئایا ئەوە گەشەی ئابووری ژاپۆنە، ئایا ئەوە بە هەموو شێوەکانییەوە تازەگەرییە، ئایا ژاپۆن ئەمڕۆ بە حەساسیەتی دەوڵەمەند بوونە بە دراو، بە چێژ وەرگرتن لە ژیاری و بەرخۆری؟**

و/ ژاپۆنییەکان نەخوازە لاوان ئەو قیبلەنۆمایەیان ونکرد، قیبلەنۆمای داهاتوو: نە ئامانجێکی روونیان هەیە، نە مەبەستێکی ئاشکرا، زیندەگی لە پێناو چی، ژیان بۆ، مانای ژیانی من چییە، ئەوەیە پرسیاری ئەمڕۆی مرۆڤی ژاپۆنی، ئەوەیە پرسیاری گەنجەکان، لاوان هیچ خەونیان نەماوە، کاتێ دەپرسی: دەتەوێ چ کارێك بکەیت یان ببیە چ لە داهاتوو، بەبێ هیچ دوودڵییەك وەڵامت دەدەنەوە هیچ، هەر دەمەوێ زۆر بژیم، دەنا هیچ ئاواتێکم نییە.

**پ/ هۆیەکان چین؟**

و/ پرسیارێکی قورس و ئاڵۆزە، وەڵامەکەی نازانم. بەڵام پێموایە بیرکردنەوەی لاوان لەگەڵ شیعری تازەمان بەیەك ناگەن: ون و پارچە پارچەن.

**پ/ رەنگە پێویستیان بە جەنگێکی نوێی دی بێ، جەنگ دەریچەیەکە بۆ دەرچوون لەو تەلەزگەیە، لەگەڵ جەنگدا هەمیشە ئامانج و مەبەست دیاری دەکەیت؟**

و/ (پێدەکەنێ، پێدەکەنێ) .. رەنگە، هەندێ لە گەنجان هەبن بەڕاستی حەزیان لە هەڵگیرسانی شەڕ بێ، بۆ ئەوەی لە تەلەزگە خودییەکەیان دەربچن، بۆ ئەوەی مانایەك بە ژیانیان ببەخشن،

بەڵام لە هەمان کاتتدا زۆر دەست بە خۆشنوودی ژیانەوە دەگرن کە ئێستا ژاپۆن چێژو خۆشی لێدەبینێ و نایەوێ لە دەستی بدات. باش دەنوون، باش دەخۆن، باش دەخۆنەوە، سەفەر دەکەن، هەرچییان بوێ دەیکەن... هتد، بەڵام دوای ئەوەی لە پاش دەیەیەك یان دوو دەیە پێدەگەن دەبینن هیچ شتێ تامی نەماوە، پاشان بەسەر هەموو ئەوانەدا دێنەوە بە هەمان شێوەی پێشوو، ئەوەیە کە نیگەرانم دەکات.. زمانحاڵی گەنجەکانی ئەمڕۆ ئەوەیە. پرسیارم لە کۆمەڵێك گەنج کردووە: ئایا شتێکت پێیە ئێستا بە پێگەیشتووانی بڵێیت؟ وەڵامییان: نا هیچ شتێکمان نییە، بەنسبەت ئێمە شتێك ناگەیەنێت، چییان دەوێ با بیکەن... پێموایە بوژانەوەی مادی هۆیەکە لە هۆیەکان. لاوان واتێگەیشتوون کە دەوڵەمەندبوون بەرەو خۆشبەختییان نابات، بێنە بەرچاوی خۆت هەتا نایانەوێ خێزانیش پێکبهێنن، دەیانەوێ بێ منداڵ بژین. ئای خودایە ژاپۆن چی بەسەر هات، لە داهاتوو دەبێ چۆن بێ.

**پ/ ئایا لەبارەی جەنگی جیهانی دووەم، بیرەوەریت هەیە؟**

و/ بەڵێ، من لە ساڵی 1939/1949 لە "مەنشوریا" بووم. واتە کاتێ باوکمیان بۆ پشتیوانی سەربازی دووبارە بانگ کردەوە و خێزانەکەمان بە تەواوی بۆ ئێرە سەفەرییان کرد، هەتا ئێستاش دێتەوە یادم چۆن سەربازە چینییەکانیان لە کەناری ئەوماڵەی ئێمەی تێدا دەژیاین، لە سێدارە دا.

**پ/ئەو کات، ئیمپراتۆر خواوەندێك بوو بۆخۆی، شەڕیش بەناوی ئەو دەکرا، ئایا تۆ ئیمپراتۆرت پەرستووە؟**

و/ ئەو کات تەمەنی من تەنها هەشت ساڵان بوو، لەو بابەتە نەدەگەیشتم، بەڵام ئێستا کە گەورە بووم وا ڕووینەداوە کە پێموابێ خواوەند بێ.

**پ/ بۆ نموونە لە باوکت فێری ئەوە نەبوویت، لە خێزان و دەوروبەر، لەوانەی باس لە تەقلیدە ئیمپراتۆرییەکان دەکەن؟**

و/ باوکم ئەوەی فێر نەکردووم، هیچ شتێکی لەو بارەوە پێ نەگووتووم. بەڵام لە قوتابخانە وێنەیەکی گەورەی ئەوییان هەڵواسیبوو دەبا ئێمە سڵاوی لێبکەین و سوجدەی بۆ بەرین. بەڵام تەنها جارێکیش بڕوام بە خواوەند نەبووە.

**پ/ هیچ کات، بەهیچ جۆرێ؟**

و/ بەهیچ جۆرێ.

**پ/ کاتێ لە دەرەوەی ژاپۆنیت و لێت دەپرسن: لە وڵاتی ئێوە چ دەپەرستن، کتێبی پیرۆزی ئێوە چییە، چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟**

و/ هەر لە منداڵیمەوە، بڕوام بە هیچ شتێ نەبووە، بەڕاستیمە، بڕواش بەهیچ شتێ ناکەم.

**پ/ بەڕاستی بڕوات بە هیچ نییە؟**

و/ بەڕاستی.

**پ/ بەڵام ئەی مردن و دوای مردن، ئایا لەو بابەتە ناترسیت؟**

و/ (بێدەنگییەکی درێژ...) بەڵێ دەترسم.

**پ/ ئەی بۆچی بڕوات بەهیچ شتێ نییە؟**

و/ ئـا، کەواتــە ئــەوە پرسـیـارەکەیە، لــەدوای مــردن بــۆ ناشــت دەگەڕێمەوە. کاتیٚ لە تەمەنی بیست ساڵان دابووم، بەبیٚ سنوور لە مردن دەترسام..

**پ/ ئایا بڕوات بە ژیان یان شتێکی دیکە لە پاش مردن هەیە؟**

و/ نەخێر بڕوام نییە.

**پ/ ئایا وەك زۆربەی ژاپۆنییەکان پێتوایە لەدوای مردن دەبیتە گوڵێك یان دارێك یان دڵۆپیٚ ئاو... هتد.**

و/ نەخێر، نەخێر بڕوام نییە، ئایا تۆ بڕوات بە شتیٚ دوای مردن هەیە؟

**پ/ بەڵیٚ، من بڕوام بە شتی دوای مردن هەیە، ئەگینا خۆش نییە، نەمری بۆ ئەوەی تەنها بمری. بەڵام تۆ بەرەو نەشتی دەچی، بەرەو نهلیستی، ئەو نەشتییە، ئەو نهلیستییە چییە؟**

و/ واتــە کـاتیٚ ئێسـتا دەنـووم پاشـان هەڵدەسـم پاشـان دەنـووم پاشان هەڵدەسم هەتا دوایی، بەڵام کاتیٚ دەمرم ئەوە ئیتر هەڵناسم (بەدەنگێکی بڵند پێدەکەنی).

**پ/ دەمەویٚ ئەو گفتوگۆیە بە قسەکردن لەسەر بابەتێك کە هەتا ئێستا سەرسامم دەکات کۆتایی پێبهێنم. لە ساڵی 1985 شاعیری بەناوبانگ "تاوارە-ماتشی" هەڵبەتە ئەو کات ئەوەندە ناسراو نەبوو، لەسەرەتای رێگەکەدا بوو، کۆمەڵە شیعرێکی بە ناونیشانی "جەژنی لەدایکبوونی دەسەڵات" بڵاوکردەوە. ئەو کۆمەڵە شیعرە دەکەوتە نێو شیعری تەقلیدییەوە کە پشت بە شێوەی تانکای کێشدار دەبەستیٚ، تەنها لە ساڵی بڵاوبوونەوەی**

**زێتر لە پێنج ملیۆن دانەی لێفرۆشرا، بێگومان ئەو ژمارەیە دوو ئەوەندە دەبێتەوە لەو کاتەوە بۆ ئێستا، ئیتر هەر لەو ساڵەوە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دیکەی نوێی بە ناوی "شوکلاتە" تازە دەبێتەوە، من بەچاوی خۆم بینیم کە خەڵکی چۆن بۆ کڕینی کۆمەڵە نوێیەکەی لەبەر دەرگای کتێبفرۆشی وەستابوون، تۆ ئەوە چۆن راڤە دەکەیت؟**

و/ زۆر بەسـادەیی چـونکە قەسـیدەکانی هـەڵگری ریتمێکـی تەقلیدین، زۆر بەباشی دیاردەی دەرەکی لە بیرکردنەوەی مرۆڤی ژاپۆنی تازەگەر رەنگدەداتەوە، زۆر بەباشی ئەو بیرکردنەوەیە لە رووکار رەنگدەداتەوە. بەڵام قورسە لەو نووسینە بگەین. من رقم لە قەسیدەکانی "تاوارە-ماتشی" نییە، بەڵام ناتوانم زۆر بە هەندی هەڵگرم. پاشان تاوارە-ماتشی شاعیرێکی ناوازە نییە، پێش ئەویش ئەو ئاڕاستە نوێیە لەنێو قەسیدەی تانکادا هەبووە.

**پ/ ئایا پێتوانییە مرۆڤی ژاپۆنی لەسەر ئاستی ژیانی رۆژانە دەیەوێ چێژ لە تازەگەری وەرگرێ، بەڵام لەبەرانبەریشدا دەیەوێ لەسەر ئاستی ژیانی هونەری پارێزی لە زەوقی تەقلیدیش بکات، یان رۆحییەتی ناوەوە؟**

و/ مەسـەلەکە زێـتر بـە قەسـیدەی تانکـاوە پەیوەسـتە: ئاسـانی نووسـینی، ئاسـانی تێگەیشـتنی لای ژاپۆنییـەکان. بەدڵنیاییـەوە ریتمـی قەسـیدەی تانکـا ریتمێکـی تەقلیدییـە. بـەڵام بابەتـەکان ئەوانـەی کـە "تـاوارە-ماتشـی" پشـتی پێدەبەسـتێ روخسـاری

دەرەوەی ژیانی تازەیە. واتە رووکاری ئەو ژیانەیە، بەراستی ئەوەش بابەتی بینراون و دەستلێدان و تێگەیشتنیان ئاسانە.

**پ/ واتە لێرەدا هاوگونجانێك لەنێوان رابردووی ریتم و ئێستای رووکاردا هەیە؟**

و/ بەڵێ، ئەوە وایە.

**پ/ پێدەچێ مرۆڤی ژاپۆنی رووخساری دەرەوەی حەز لێبێ یان رووکار، حەزی لە شتە قووڵەکان نەبێ یان شتە ناوەکییەکان، ئاوێتەکان، یان نەبینراوەکان..؟!**

و/ بەڵێ، من تەواو لەگەڵدا تەبام.

**پ/ ئایا تۆ وەك مرۆڤی ژاپۆنی حەز بە رووخساری دەرەکی دەکەیت، یان رووکارئامێز، چونکە چوونە نێو قولایی کاتی زۆری دەوێ و ماندووبونی زۆری دەوێ؟**

و/ سەرەڕای ئەوەی لە پێشدا گوتم، من بە تەواوی میکانیزمی کارکردنی رووکارئامێزو وەزیفەی رووخساری دەرەوە بە هەند هەڵدەگرم. چونکە لە زۆر ئاماژە و نیشانەی دەلالەت پێکهاتووە، کە سۆزداری و ناخی شتەکان و دنیای تێدا رەنگدەداتەوە. رووکاری دەرەکی یان رووخساری دەرەوە تەعبیرکردنێکی تایبەتە و دەبێ ئێمە ئەو لایەنە لە ژیانی رۆژانەماندا پشتگوێ نەخەین.

**پ/ ئایا شیعری تازە دەستی بۆ ئەو لایەنە یان رووکارئامێزییە نەبردووە؟**

و/ وەك پێویست نا، بۆیە خەڵك حەز لە خوێندنەوەی شیعری تازە ناکەن، ئەوان رووخساری دەرەوەی بیرکردنەوەی ژیانی حزبی خۆیانی تێدا نابینین.

**پ/ ئایا بۆ تەکنیکی شیعری تازە دەشێ، کە نە کێشی هەیە و نە پێشبینی، نە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوە و نە راستەوخۆ دەکەوێتە تەڵەی پەخشانسازییەوە، بەو هەموو سادەییە دەست بۆ رووکار بەرێ؟**

و/ ئەگەر بشێ بەو جۆرە قسە بکەین، کەواتە تازەگەری شیعری لە ژاپۆن هێشتا پێنەگەییووە، وەك چۆن شاعیرانی تازەگەریش دەبێ هێشتا پێنەگەیی بن. بەبۆچوونی من بایەخدان بە رووکار و رووخساری دەرەکی بەشێکە لە تازەگەری، پشتگوێخستنیشی بەرەو ئاڕاستەیەکی پێچەوانەماندا دەبات. ئێمە یان دەبێ ئەو رووکارە بەتەواوی بەجێبهێڵین، یان دەبێ بە تەواوی پێوەی بەندبین.

# گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر
# ئاکیا – یۆتاکا:

## شاعیر ئەو کەسەیە کە بە رێگەی تایبەتی خۆیدا دەڕوا، ئەوەی لە ناخەوە بڕوای پێیەتی

ئاکیا–یۆتاکای شاعیر لە تەوەرەکانی بزاڤی شیعری تازەی ژاپۆنی دوای جەنگ دەژمێردرێت، بە نووسینەکانی نوێنەرایەتی شیعرییەتی بابەتی "چیا" دەکات، کە یەکێکە لە رەمزە هەستیارەکانی مرۆڤی ژاپۆنی. ئاکیا بە سادەیی و قسەکردن لەبارەی پێنج هەستەکان ناسراوە... لە بۆنەی جۆراوجۆر چاومان بەیەك کەوتووە، گفتوگۆ و چاوپێکەوتنەکانمان لەبارەی شیعری ژاپۆنی و شیعری عەرەبی بەرە بەرە زێتر پەرەی دەسەند.. ئەو دەیویست لەبارەی شیعری عەرەبییەوە شتگەلێك بزانێ و منیش دەمویست ئاگام لە هەندێ لە کێشەکانی شیعری تازەی ژاپۆنی بێ... سەربردەیەکی درێژی لەگەڵ جەنگ و لەگەڵ نەوەی خۆی لە شاعیراندا هەیە، ئەو نەوەیەی کە لە شیعری ژاپۆنی لەدوای نەوەی پێشەنگەوەن... لە 1922/11/2 لەدایکبووە... بەرهەمی شیعری زۆری هەیە، دوایین کاری "رێگەی ئاوریشم"ە... سەرۆکی کۆمەڵەی "زەوی" شیعرییە، کە بەدیاریکراوی دەقی شیعری

نوێیان مەبەستە، دەقی شیعری شاعیرانی نوێخواز... لە ئێستادا بڕوای بە شیعری لوتکە نییە، بەڵکو هەمووان وەك یەك سەیر دەكات... لە قسەکردن بە روونی دەدوێ و زۆریش خاکەڕایە. لە رێگەی ماڵەکەیەوە کە دەکەوێتە دەوروبەری تۆکیۆ، من بە رێگەوە خەریکی ئامادەکردنی پرسیارەکانم بووم، تەمومژ هەموو شتێك، هەتا شەمەندەفەر و وێستگەکەشی، داپۆشی بوو... پرسیارەکانی ئەو گفتوگۆیە بەر لە لێدانی دەرگای ماڵەکەی لە یەکێك لە سپێدەکانی رۆژی یەکشەممەی هەفتەی یەکەمی کانوونی یەکەمی ساڵی 1997 بەو شێوەیە بوو.

**پ/ ئایا خۆت بە شاعیرێکی ژاپۆنی دادەنێیت، بەچ مانایەك؟**

و/ بەڵێ. من شاعیرێکی ژاپۆنییم... بەچ مانایەك؟ ئەوە پرسیارێکی قورسە. من بە دڵنیاییەوە لە ژاپۆن لەدایکبووم، بۆیە هەست دەکەم ژاپۆنیم، من زۆر سەفەر بۆ دەرەوە دەکەم، لە ناخەوە بڕوام بە جیاوازی گەلان هەیە. رەگەزی مرۆیی لە هەموو دیارێك هەر یەکە.

**پ/ تۆ لەبەرە ئەوەی بە ژاپۆنی دەنووسی هەست بەوە دەکەیت ژاپۆنی، ئایا زمان ناسنامەیە؟**

و/ بە دڵنیاییەوە من وەك رەچەلەك ژاپۆنیم، شاعیرێکی ژاپۆنیشم چونکە لە ژاپۆنم و بە زمانی ژاپۆنی دەنووسم. ئێستا زۆر لەگەڵ وڵاتانی بێگانەدا تێکەڵاویم هەیە، خزمەتی زمانی جۆراوجۆر دەکەم، لەنێوانیشیان زمانی ژاپۆنی کە مێژووییەکی درێژی هەیە،

هەروەها لەو سەردەمەدا بیرکردنەوەم لە سوودی ئەو وەستاوە. بەو مانایەش من هەر ژاپۆنیم.

**پ/ تۆ شاعیرێکی تازەگەری ئەو ناونانەش (گی-گین) بەسەر ئەو شاعیرانەی دابڕیووە کە پرۆسیسەی نووسینی شیعری تازە دەکەن، نەك هایکۆ و تانکا. ئایا تۆ هایکۆ و تانکای تەقلیدیت نووسیووە؟**

و/ بەڵێ، لە رۆژانی منداڵی و گەنجی، واتە لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی، کە منداڵانیان فێری نووسینی شیعری تەقلیدی دەکرد.

**پ/ چۆن گواستتەوە، باشتر وایە بڵێم کەی دەستت بە نووسینی شیعری تازە کرد؟**

و/ باشە، لە راستیدا من سەرەتا هەموو جۆرە شیعرێکم دەنووسی... هایکۆ ، تانکا، شیعری تازە.. هەموو ئەوانەی دەشمنووسی بۆ گۆڤارێکی تایبەت بە ئەدەبی لاوانی تازە پێگەیشتووم دەنارد... لەو قۆناغەدا بۆم دەرکەوت کە شیعری تازە زێتر لەگەڵم دەگونجێ. مامۆستایەکم هەبوو حەزی لە ئەدەب بوو پێی دەگوتم: ئاکیا تۆ لە شیعری تازەدا باشی، بەمجۆرە بە جیدی بیرم لەو بابەتە کردەوە..

**پ/ تۆ ئەو کات لەنێوان فۆڕمی نوێ و فۆڕمی کۆن دوودڵ نەبوویت؟**

و/ بەڵێ دوودڵ بووم. رۆحی شیعری تازە لەگەڵ رۆحی هایکۆ و تانکا جیاواز بوو. بەلآم هەر لە منداڵییەوە شیعری تازە لەبەر

ئـەوەی وەك رۆح و فـۆڕم زێـتر ئـازادی پێدەبەخشـیم، بۆیـە بـەلای خۆیدا کێشی دەکردم.

**پ/ کەواتە تۆ هەستت بە بەرتەسکی هایکۆ و تانکا دەکرد؟**

و/ بەڵێ، هەتا ئێستاش هەستی پێدەکەم. ئەو قوتابیانـەی شیعری تازەیان دەنووسی ژمارەیەکی زۆر نەبوون، چونکە ئەو لیریکیەتـەی تێـدا نـەبوو کـە لـە هـایکۆ و تانکـادا هەیـە، بـە تایبـەتی لـەبارەی بابەتی رۆژانەیی و تایبەت.

**پ/ ئایـا هێرشـییان بـۆ نـەدەهێنای لەبـەر ئـەوەی شـیعرێکت دەنووسی ریشـەی ژاپـۆنی نـەبوو، ئایا ئـەو کـات هاوڕێکانـت تاوانبارییان نەدەکردی لەبەر ئەوەی شتێکت دەنووسی پەیوەندی بەشـیعرێك نـەبوو کـە بەشـێوە تەقلیدییەکـە بـە شـیعری حەقیقی(مەبەست لە هایکۆ و تانکایە) دەژمێردری؟**

و/ هەتا ئێستا، هەمووان وەك شتێکی نامۆ تەماشای شیعری تـازە دەکەن، لەسـەر ئەو بنەمایـەی کە نووسـینی تـا رادەیـەك قوڕسـە و ئـەوەش لـەهایکۆ تانکـادا نـابینن. بـەڵام ئـەو کـات سـەرەڕای ئـەو تێڕوانینەیان، لاپەڕەی رۆشنبیریی زۆر هەبوو، کە شیعری تازەیـان بـڵاو دەکـردەوە. زیـاد لـە جارێـك لـە بڵاوکردنـەوەی دەقـە سـەرەتاییەکانم سـەرکەوتنم بەدەسـت هێنـاو پاشـان یـەکێ لـە دەقـەکانم بـۆ خـەڵاتێکی سـادە هەڵبـژێردرا، ئـەوە جـارێکی دیکـە هانیدام بەدوای شیعری تـازەدا بـڕۆم. ئـەو کـات بەبیرمـدا نـەدەهات کە لە داهاتوودا دوای ئەو بابەتـە دەژیـم. (ئـەمڕۆ شـاعیر گۆڤـارێکی مانگانـەی بـە نـاوی "زەوی" هەیـە، هـەروەها سـەرۆکایەتی

کۆمەڵەیەکی زۆر بەربلاو لە ژاپۆن دەکات.. دەزگایەکی بلاوکردنەوەی هەیە کە زێتر تایبەتە بە شیعری تازە) ئەو کات من شیعری تازەم خۆش دەویست هەر ئەوەو جگە لەوە شتێکی دیکە نەبوو.. لە راستیشدا بۆ بەبیرهێنانەوەش شاعیرانی هایکۆ و تانکای هاوچەرخ و کۆنم نەدەخوێندەوە. خوێندنەوەی شیعریم بە پێشەنگی شیعری تازە دەستی پێکرد لەوانەش "هاکی-وارە-ساکتارۆ" و "مۆرۆ و-سایشە" و "هۆری-تاتسۆ" کە شیعر و رۆمانی جوانی دەنووسی و هەروەها بە ئەدەبی فەرەنسی کاریگەر بووم. پاشان هەموو ئەو شیعرانەم دەخوێندەوە، کە لە زمانانی بێگانەوە تەرجەمەی ژاپۆنی دەکران.

**پ/ بەلام بۆ دەڵێن شیعری تازە تێگەیشتنی قورسە؟**

و/ رەنگە خەڵك لە ولاتانی دیکەدا بە شتێکی ئاسایی دابنێن. بەلام لە ژاپۆن شتەکە جۆرێکی دیکەیە، چونکە هەموو هایکۆ و تانکا دەخوێننەوە، بەگشتی هایکۆ و تانکا دەستی بەسەر تێگەیشتنی شیعریدا گرتووە و خەڵك تێیدەگات، بەلام کاتێ شیعری تازە دەخوێننەوە بە ئاسانی تێیناگەن، بەرە بەرە ئەوە دوای جەنگ پەرەی سەند. راستە ئێمە هەندێ دەقی نوێمان خستە بەرنامەی فێربوونەوە، بەلام وانە بێژەکان سکالایان لەبارەی قورسی گوتنەوەی دەردەبڕی. میدیاکان هەوڵییان دەدا وێنەی شیعری تازە بەگشتی بکەن، بەلام ئەو شیعرە لە خەڵکی نزیك نەبوو و هەر لە خەڵکی دوور بوو. هەتا ئێستاش رۆمان و پەخشان بەسەر نموونەی ئەدەبیدا زاڵن. ئەگەرچی شاعیرانی

تازەگەر وەك ژمارە زۆرن، بەلاّم هەتا ئێستاش شیعری تازە وەك کەمیینە تێیدەڕوانن وەك ئەوەی پەیوەندی بە ئەدەبەوە نەبیٚ.

**پ/ بۆچی قوڕسە، ئایا بەڕاستی قوڕسە؟**

و/ چونکە لە ئەوروپاوە بۆمان هاتبوو، سەرەتا بەڕاستی بەهۆی سوریالییەت و مەیلی تازەگەرییانەوە کە لەسەر ئاستی رۆح و شێوە هاوەڵی دەکرا، تێگەیشتنی قوڕس دەکەوتەوە. تێگەیشتن و خوێندنەوەی شیعری شاعیرە سوریالییەکانی ژاپۆنی قوڕس بوو. هۆیەکی دیکەش ئەوە بوو کە شیعری تازە پشتی بە وێنە دەبەست، بەلاّم خەڵکی ژاپۆنی لەسەر شێوەی ریتمی شیعری کۆن راهاتبوون. ئەوەی دوایی هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بیٚ لەڕێگەی ئەو دوو شتەوە، هەروەها لەڕێگەی کۆمەڵیٚ شتەوە کە پەیوەندی بە وێنەوە نییە، دەچێتە گوێچکەیانەوە. بەلاّم ئەمڕۆ ئارەزوویەك بۆ سووككردنی ئەو بابەتە و هەنگاونان بەرەو شتێك لە تەعبیرکردن لەئارادایە. هەر لە ساڵی 1870 تا دەگاتە 1988 وێنە، بە هێزەوە خۆی زاڵ کرد.

**پ/ بەو حاڵەتەوە، ئایا تایبەتمەندی شیعری ژاپۆنی چییە، چونکە من دەبینم کە تۆ وا دەڵێیت، قسە لە کێشەیەك دەکەیت کە رەنگە شیعری عەرەبی تازەش بگرێتەوە؟**

و/ ئەو سەردەمە، سەردەمی بەیەکگەیشتنی ئاڵوگۆڕئامێزە، چوونە نێو شیعر و دەرچوونە لە شیعر، کاریگەرییەکان ئاڵوگۆڕئامیزن، بۆیە لەو بڕوایەدام قسەکردن لەسەر تایبەتمەندییەکی روون و دیاریکراوی شیعری ژاپۆنی تازە قوڕس

بکەوێتـەوە. رەنگـە ئـەو مەسـەلەیەش لـە بەرژەوەنـدی شـیعری و پێشـکەوتنی شیعر بێت. بـەمجۆرە دەگەینـە حاڵـەتێکی گشـتگیر، دەگەینــە مــەیلی مرۆییانــە، کــە نــە ناســنامە دەناســیٚ و نــە تایبەتمەنـدی نێـو ئـەو زمـان یـان ئـەم زمـان نـاس دەکـات. ئـەوە تێگەیشـتنی منـە بـۆ تایبەتمەنـدی ئـەمڕۆ. کـاتیٚ قەسـیدەکانم تەرجەمە دەکریٚ نازانم ژاپـۆنی بـوونی قەسیدەکانم لـە کویٚ خـۆی حەشــار دەدات و پەســاپۆرتی ژاپۆنیــان لــە کوێیــە. بــەهۆی بڵاوبوونـەوەی زانیارییـەکان، جیاوازییـەکان بچـووك بوونەتـەوە. دەتوانم لە جێگەی خۆم دانیشم، یان لە سـەفەری دوورتـرین هـەرێم بم، کە بۆ هـیچ گەشـتیار و وێنـەگرێك نـەگونجیٚ، کەچـی ئـەوەی لـە دنیـا، هـەموو دنیـا روودەدا ئاگـام لێـی بـیٚ. لێـرەوە بـە دڵنیاییـەوە شـاعیر هەیـە دەزانـیٚ مەبەسـتم لـە بابەتـەکان، ئـەو بابەتانـەی کـە رەنگـە لـەنێوان مـن و شـاعیرانی ئـەو ناوچـەیەدا هەیـە، چییە. چـی لێمایەوە؟ شتێکی زۆر تایبەت دەمێنێتەوە، کـە نـە دەشـیٚ ئاگامـان لێبیٚ و نە دەشـیٚ ببیـنین. بـەو مانایـە واپێدەچـیٚ بـە جیهـانبوونی شیعر بەسەر هەموو تایبەتمەندییەکدا زاڵ بیٚ.

**پ/ بەدڵنیاییەوە شیعری تازەی ژاپۆنی بە فۆڕم و ریـتم لەگـەڵ هــایکۆ و تانکــا جیــاواز دەکەوێتــەوە، بــەڵام حەساســیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان و دنیا، حەساسیەتە ژاپۆنییەکەیە، چۆن لەو خاڵە دەگەین؟**

و/ بەڵیٚ. بە دڵنیاییەوە حەساسیەتێکی هاوبەش لـەنێوان شیعری کۆن و تازەدا هەیە.

**پ/ ئەو حەساسیەتە چییە، لە کوێیە، چۆن دەستی لێبدەین و ببینین؟**

و/ رەنگە لەنێو زمانی ژاپۆنی دابێ، چونکە هەموو شاعیرێك دەنگی تایبەتی خۆی هەیە. پێموانییە ئەوە لە دەرەوەی زمانی ژاپۆنیدا هەبێ...

**پ/ سروشت، ئەو رەگەزە لە هایکۆ و تانکا زۆر ئامادەیە، ئایا ئەوە بە هەمان رێگە لە شیعری تازەش ئامادەیە؟**

و/ وابزانم لەنێو شیعری تازەدا ئەو رەگەزەمان ونکردووە. ئەوەی زێتر بایەخی پێدەدرێ ژیاری و مەسەلە کۆمەڵایەتییە بەپەلەکانن. سروشت هەنووکە وێران دەکرێ، رەنگە ئەوە هەڵە بێ. لێرەدا کۆمەڵێ شاعیر هەن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بایەخی پێدەدەن، نەك شتی دیکە. لەو رووەشەوە ئاژاوەیەك دەبینرێ. ئارەزووی ئەو سروشتە دەکەن کە ونیانکردووە. بەمجۆرە ئێمە لە ململانێی نێوان سروشت و ژیارییدا دەژین، ئەگەرچی ژاپۆن وڵاتێکە لەڕووی جوگرافیاوە بچووکە، بەڵام ئەوە واقیعەکەیە.

**پ/ ئێوە لە ژاپۆنن، هەڵبەتە لای شنتۆییەکان کە ئایینێکی لۆکاڵی زاڵە، سروشت بە پیرۆز دەبینرێ، پیرۆزییەك کە دەست دەخاتە نێو ژیان، ئایا پێتوایە ئەوە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییەی کە لە شیعردا بەرجەستەیە بەرەو کۆتایی دەبێتەوە؟**

و/ لای ئێمە پەرستنی "چیا" هەتا ئێستا بوونی هەیە. ئێمە چیا بە خواوەند دادەنێین. ئەوەش لای بوزییەکان و شنتۆییەکان هەیە. بەرێزەوە دەڵێین سروشت یان بوونی خواوەند لەنێو هەموو شتێ و

لـە سروشـتدا بەشـێوەیەکی سروشـتی بـڵاوە. ئـەوە هـەر تـەنها ئاییینێك نییە، بەڵکو بەرفرەوانتر و گەورەترە لـە ئـایین و دەبیٚ وەك رۆح پشتی پێببەستن. ئەوە سروشتە. ئێمە هەزاران ساڵە دەژیـن و وازمان لێنەهێناوە، لەژێر سۆزی ئەوداین، کەواتە مەحاڵە ئەو شـتە رەتبکەینەوە. پێموایە ئەوە لـە هـەموو وڵاتـان هـەر وایـە. تـۆ دەڵێـی چی؟

**پ/ هەموو گەلێك سروشتی خۆشدەوێت، بەڵام بەپیرۆز راگرتنی تایبەتە بە ژاپۆنەوە. بوونی خـوا و دەرکـەوتنی لـە سروشـت و رووخسارەکانی جەوهەرێکی شنتۆیی هەیـە، هـەموو ژاپۆنییـە شنتۆییەکان لە ناخەوە سروشت بە پیرۆز دادەنێن...**

و/ بەڵیٚ. شنتۆیی لـە ژاپـۆن لـەپێش بوزییەتەوەیـە. رەنگـە سـەرەتا شێوەی دنیـابینی روونـی نـەبیٚ، بـەڵام لـە مێـژووی ژاپۆنـدا بـەردی بناغەیـە. ئـەو و ژاپـۆن یـەك تەمـەنیان هەیـە. ئینجـا دوای چـەندین سـەدە بوزییـەت و ئەوانیدیکـە هاتنـە نـاوەوە. لای ئێمـە پەرسـتنی سروشت سرووتێکی بەهێزە. بەشێوەیەکی توونـد بـە خۆشـنوودی رۆژانـە و کـات بەسـەربردنەوە بەنـدە. بـۆ چـیا دەڕۆیـن بـۆ ئـەوەی خۆشـی وەرگـرین و لـە هـەمان کاتتـدا بـەپیرۆزی راگـرین. ئـەو دوو شتەمان لـەنێوان پرۆسیسـەکردنی رۆژانـە و سـرووتی پەرسـتن کـۆ کردۆتـەوە. کۆمـەڵێك گـروپ هـەم بـۆ سـەفەر و هـەم بـۆ پەرسـتن پێکـدەهێنین. لێـرە پرۆسیسـەکردنی پەرسـتن و پرۆسیسـەکردنی خۆشـی وەرگـرتن لێکجیـا ناکرێتـەوە. چـیا بۆخـۆی لەبـەر خـۆی نایپەرسـتین، بۆیـە دەیپەرسـتین، چـونکە خۆشـی لێـوەردەگرین.

چونکە خۆشی لێوەردەگرین، بۆیە دەیپەرستین. بەمجۆرە لە ژیان و لە پرۆسیسەکردنی رۆژانەدا بە سەرکەوتن و هارمۆنییەتەوە چووینەتە نێو بەپیرۆزراگرتنی سروشت.

**پ/ بەمجۆرە چۆن سەیری پەیوەندی نێوان ئایین و شیعر دەکەیت؟**

و/ لێرەدا هاوپەیوەستبوونێك هەیە. بەلاَم نەك بە مانا ئایینییە تەسکەکەی ئایینەوە، بەڵکو بەو مانا بەرفرەوانەی کە لەبارەیەوە قسەم کرد، واتە بەپیرۆزراگرتنی سروشت، بەشێوەیەکی بەرفرەوانتر لەوەی کە ئایین ناسی دەکات. کاتێ بۆ نموونە لە رێگەی ئاوریشمەوە سەفەر دەکەم، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەو شاعیرانە دەگەم کە بە قەسیدەکانیان و شیعرە زارەکییەکانیانەوە سەفەر دەکەن. ئەوانە لە دیدی مندا حەجاجی شوێنەکانن، کە لەنێوان کۆمەڵە ئایینییەکان و کۆمەڵە بازرگانەکانەوە دەیانبینم. بەمجۆرە سەفەر دەکەن هیچ کارێکیان نییە جگە لە گۆرانی گوتن و شیعر، ئەوەیە کە لە یەکێك لە قەسیدەکانمدا دەڵێم "رێگەی ئەدەب لەهەمان کاتتدا رێگەی حەجکردنە". پێموایە لای ئێوەش جۆرێکی ئاوا لە حەجکردن هەبێت. رەنگە هەندێ لە شاعیران لەگەڵ ئەو قسەیە رێك نەبن، بەلاَم ئەوە دیدی منە، بەمجۆرە رێگەی ژیان شیاوێکی ئایینییە، ئەوە هێز و بڕوابوونێك بە خود دەبەخشێ. شاعیریش توانای بەسەر ئەو جۆرە ژیانەدا هەیە. ئەو بابەتە بە نسبەت من بایەخی خۆی هەیە.

**پ/ رۆڵی شاعیر لەو پەیوەستبوونەدا چییە، پێتوایە ئەو پەیامبەر بێ؟**

و/ بەڵێ. ئەو پەیامبەرە و وشەکانی "خوا" بە خەڵکی ئاسایی دەگەیەنێت، ئەو "میکۆ"یە واتە پاکیزەیە کە وشەی خوا بە خەڵکی ئاسایی دەگەیەنێت.

**پ/ کەواتە لەسەر شاعیر پێویستە ئەوەی کە جوانە ئەوەی کە گرنگە بۆ خەڵکی دیاری بکات؟**

و/ بەڵێ، پێموایە شیعر ئیستێتیکایە. هەستی پێدەکەم، دەینێرم، بوونی مرۆییش پڕە لە جوانی، ئەگەرچی دنیا بەهۆی ئەو هەموو کارەسات و جەنگانەی کە روویداوە ناشیرین بووە. رۆڵی ئێمە وەك شاعیر گەیاندنی جوانییەکانە، ئەوە ئیبداعە، بتوانی لە هەمان کاتتدا جوانی دروست بکەیت و بشینێریت. نازانم شاعیرانی ژاپۆنی بەو ئاستە گەیشتوون یان نا. بەلام پێویستە هەموو شاعیرانی دنیا بەو رۆڵە هەڵبستن.

**پ/ بەگشتی شیعری ژاپۆنی بایەخ بە ژیانی رۆژانە دەدات، ئایا تۆش ئاوای؟**

و/ بەڵێ، منیش گرنگی بە ژیانی رۆژانە دەدەم. بەلام لەپشت شووشەی ژیانی رۆژانە هەوڵی دنیابینییەك دەدەم. هەر تەنها بە نووسینی قەسیدەی ژیانی رۆژانە ناوەستم، بەڵکو دەمەوێ دنیایەکەی دی ببینم، واقیعێکی دیکەی پشت ژیانی رۆژانە. بەبیروڕای من دنیای شیعری ئەوەیە. بەگشتی هەر تەنها شووشەکە نییە. هەندێ لە شاعیران هەن ژیانی رۆژانە

دەنووسـنەوە، بـەلاّم مـن دەمـەوێ شووشـەی ژیـانی رۆژانـە بـە گەورەکراوی ببینم.

**پ/ ئەوە جۆرێکە لە میتافیزیکا، وەك دەزانین شیعری ژاپۆنی لەو بابەتەوە دوورە، نەخوازە بە مانا میتافیزیکیە خۆرئاواییەکەی..**

و/ دوای جـەنگ لـە ژاپـۆن قسـەیان لـە میتافیزیکایـەك دەکـرد، دەیانگوت لە نێو رۆحە. بەلاّم من پێموایە ئێمە ناتوانین ناوەوەی رۆح و دەرەوەی رۆح لێکجیا بکەینـەوە، هـەر تـەنها بـە خـەیاڵ، خەیاڵی شیعری نەبێ، ئەوە نابینرێت.

**پ/ دەڵێن شیعری ژاپۆنی لە سیاسەتیش دوورە؟**

و/ ئـەو پرسـیارەش بۆخـۆی قورسـە. مـن سیاسـەت بـە بابـەتێکی راستەوخۆی شیعرەکانم نازانم، بەلاّم مەحاڵە نکوڵی لـە سیاسـەت بکەین. سیاسەت هێزێکە دەوڵەت و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. بۆیە مـن خـۆم بایـەخ بـەو دەرئەنجامـە کۆمەلاّیـەتی و زەمەنیانـە دەدەم. هەڵبەتە شاعیرانێك هەن لـە سیاسـەت دەئاڵێن. گۆڤار و رۆژنامـە و مینبـەرە شـیوعییەکان سـیخناخن بـەو نموونانـە، سیاسـەت لـە پێشـەوەی لیستەکەوەیە. پێیانوایـە شـیعر بەشـێکە لـە سیاسـەت. مـن لەگـەڵ ئـەوە بـەهیچ جۆرێـك هـاوڕا نـیم. هەڵوێسـتی مـن لـەو رووەوە زۆر ئاشـکرایە. مـن راسـتەوخۆ پەیوەنـدیم بـە سیاسـەتەوە نییە. بەلاّم لە دوورەوە بە جیاکەرەوەکانیەوە بەندم.

**پ/ من لەگەڵ ئەوە رێکم کە شیوعییەکان لە هەموو شوێنێ ئەدەب بە سیاسەتەوە دەبەستنەوە، بەلاّم ئایا سـەرکەوتوون، ئایا لـە ژاپۆن سەرکەوتوون؟**

و/ هەرگیز، بڕوا ناکەم. هەتا لە "چین"یش نە سەرکەوتوو بوون و نە سەرکەوتوو دەبن. راستە ئەوان دەوڵەتێکی سوسیالییان هەیە، بەلاّم ئەوەی لێرە روودەدات سەرکووتکردنی دیموکراسییەتە و بەبیٚ سنوور جەخت لە شتە نێگەتیفەکان دەکەنەوە. لە ژاپۆنیش نە سەرکەوتوو بوون و نە سەرکەوتووش دەبن. ئەگەر گوێتان لێدەبیٚ ئێستا چی دەڵێن ئەو کاتە ئەوە بە هەند لەمن وەردەگرن. ساڵی 1960 لەکاتی مۆرکردنی رێککەوتن لەگەڵ ولاّتە یەکگرتووەکان، هەموو ژاپۆن بووە دوو لەت هەندێك لەگەڵ بوون و هەندێك دژبوون. هەمان شت لە ساڵی 1970 روویدا. بەلاّم شاعیران زێتر کاریگەرییان لەسەر بوو زۆربەشیان بەشدارییان لە خۆپیێشاندان کرد. بەلاّم من بەشداریم نەکرد. بەمنیان دەگووت ئەوەی بەشداری لە خۆپیێشاندان نەکردووە شاعیر نییە. بەلاّم لە دیدی من شاعیر ئەو کەسەیە کە بە رێگەی تایبەتی خۆیدا دەڕوا، ئەوەی لە ناخەوە بڕوای پێیەتی. پێویست ناکات رای گشتی بیجولێنیٚ، ئەگەر بەپێی رای گشتی جولا لەو حاڵەتەدا بەنسبەت من شاعیرییەتی نامێنیٚ، هەموو ئەو شتانەی ئەوانیدیکە دەیکەن قبوڵمە بەلاّم حەقیشم هەیە رەخنەیان لێبگرم، ئەگەر رەخنەشیان لەمن گرت حەقم هەیە وەلاّمیان بدەمەوە. ئێمە لەسەردەمی ئازادی رادەربڕیندا دەژین، ئازادی قسەکردن. ئەوەش گرنگترینیانە، هەتا ئێستاش پارێزگاری لەو ئازادییە دەکەین و هیچ کێشەیەك لەئارادا نییە. بەلاّم شیوعییەکان دەیانەویٚ ئازادییەکان رەتبکەنەوە.. سیاسەت گرنگە، بەلاّم شیعر و هونەر و ئەدەبیش

پێویست ناکات بێتە ئامرازی سیاسەت. شاعیرانێك هەن هاوار دەکەن، ئەوانە هەر تەنها ئامرازی سیاسەتن.

**پ/ لەکاتی جەنگ، شاعیرانێك هەبوون شەڕییان دەوروژاند، لەوانەش شاعیرانی تانکا، بەگشتی هەڵوێستی شاعیرانی تازەگەر لەو بارەوە چی بوو؟**

و/ بە هەمان شێوە شاعیرانێکی تازەگەریش هەبوو گۆرانییان بەسەر شەڕدا دەگووت و شەڕییان دەوروژاند، بەڵام شاعیرانی هایکۆ بەهۆی سروشتی شیعری هایکۆیی نەکەوتنە نێو ئەو چاڵەوە. تانکا بەریتم و ئاوازەییەوە دەتوانێ کاریگەری هەبێ و دەروون بوروژێنێ، بۆیە شاعیرانی تانکا زۆریان نووسی. شیعری تازەش بەوەی کە ئازادە هەمان شت دەتوانێ، بۆیە زۆر لە شاعیرانی پێش نەوەی من شیعرییان لە ستایشی جەنگ و سیستەم و ئیمپراتۆر نووسووە. لێرە ئارەزووییەك هەبوو، بە ئاسانی رێگەی بۆ چوونە نێو سیستەم خۆش دەکرد. هەمان شتیش لەسەر رۆمان جێبەجێ دەبێ: رۆمانگەلێکی زۆر لە بەرژەوەندی شەڕ و ئیمپراتۆر نووسراوە و هەتا ئێستا مشتومڕ لەو بارەوە کۆتایی پێنەهاتووە. سەرەڕای مشتومڕەکانی پێشتر، هەتا ئێستاش لەو بارەوە دەمەتەقێ دەکرێ. ئەوەی کە دەبێ شاعیر تەعبیری لێبکات و گرنگی پێبدات، هەندێ قورس دەکەوێتەوە، چونکە هەندێ لە شاعیران هەن ئاهەنگ بۆ جەنگ ساز دەکەن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن، پاشان لێی پەشیمان دەبنەوە.

زۆر لـــەبارەی ئـــەو بابەتـــەوە نووســـراوە، بـــەڵام ئایـــا ئـــەوە خستنەوەجێی پەشیمانی نییە، نازانم...

**پ/ لەدوای جەنگ، تەمەنت چەند بوو؟**

و/ لەبیرم نییە، بەڵام رەنگە بیست وسێ ساڵان بووبم، کەمتر یان زێتر.

**پ/ ئایا بەبیرت دێ لە کاتی شەڕ و دوای شەڕ سانسۆر لەسەر کتێب هەبێ؟**

و/ هیچ شارەزاییەکم لەبارەی سانسۆر لەکاتی شەڕ و دوای شەڕ نییە. تەنها شارەزاییم لەو کاتەدا هەیە، کە لە سەربازی بووم ئەو کات دەمنووسی. سەرۆکەکەمان بەمنی گووت: تۆ شاعیری ئەوەی دەینووسی نیشانمدە، دەبێ هەموو شتێ بخوێنمەوە هەتا نامەش. ئەوە جۆرێکی ئاشکرایە لە سانسۆر. لەدوای جەنگیش سانسۆری ئەمریکی هەبوو: بەباشی چاودێری قەسیدەکانمانی دەکرد. نەوەی پێش من شارەزاییان لە سانسۆری سەربازی ژاپۆنی هەبوو، یان ئەوەی بە هەواڵگری رۆشنبیریی فیکری ناومان دەبرد، چاودێری هەمووانی دەکرد، زۆر لەشاعیرانیان سەرکووت دەکرد، بەڵام نەوەی من لەو شتانە نازانن.

**پ/ تۆ چوویتە گۆرەپانی شەڕ؟**

و/ بەڵی بۆ فلیپین چووم و ماوەیەکی کورت لە دەوروبەری مانێلا مامەوە پاشان بۆ ژاپۆن گەڕامەوە، بەڵام راستەوخۆ لەبارەی شەڕەوە هیچ شارەزاییەکم نییە.

**پ/ بەڵام چەکت هەڵگرتووە؟**

و/ بەڵێ، بەڵام بە کردار بەشداریم لە جەنگدا نەکردووە.

**پ/ چەند ساڵ لە سەربازی مایتەوە؟**

و/ نزیکەی دوو ساڵ.

**پ/ ئایا کاریگەری بەسەر شیعرەکانتەوە هەبوو؟**

و/ بەڵێ، راستەوخۆ بەشداریم لە شەڕدا نەکردووە، بەڵام بوونم لە ناوچەکانی شەڕ زۆر کاری تێکردووم و هەتا ئێستاش ئەو کاریگەرییە ماوە. بابەتەکانی شەڕ لە قەسیدەکانم زۆر راستەوخۆ دەرکەوتوون، نەوەی من بەدرێژایی ژیان و هەتا مردن ئەو ئەزموونەی لەخۆدا هەڵگرتووە، لە نەوەی من هەندێك لە شاعیران سالآنێکی زۆر راستەوخۆ بەشداری شەڕییان کردووە. شەڕ بە نسبەت ئەوان تەواو نەبووەو هەتا ئێستاش هەر شەڕە. لە ناوەوەی منیش هەستێك بە تەواونەبوونی شەڕ هەیە. بۆ ئەوەی ئەو سەردەمە نەگەڕێتەوە بە جیدی دەنووسین و بە جیدی دەژین. ئەو هەستە لای هەموو ژاپۆنییەکان، ئەوانەی رۆح یان ویژدانیان هەیە، وەك هەستێکی هاوبەش بوونی هەیە. ژاپۆنییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکرا رقییان لەبەرانبەر شەڕ یان خۆشەویستی بۆ ئاشتی دەرنابڕن. بەڵام مەحاڵە ئەو ئەزموونە کپ بووەی ناخی خۆیان لەبارەی ئەو بابەتەوە رەتبکەنەوە.

**پ/ ئەو کات تۆ چۆن سەیری سەربازی ئەمریکیت دەکرد، لەشکری ئەمریکی؟**

و/ پرتە پرتێکی کرد و سەری خۆی بەبێ وەڵام راشەقاند.

**پ/ واتە ئایا رقت لێیان دەبۆوە؟**

و/ نەخێر، رقم لێیان نەدەبۆوە. هەڵبەتە هەستێك هەبوو كە ئەوانی بە دوژمن دادەنا. بەلاّم ئێمە پێموانوابوو شاعیری ئەمریكی لاو شتێكی دیكەیە، ئەویش وەك ئێمە لە خزمەتی سەربازییدایە وەك ئێمە ناچارە شەڕ بكات. ئەوەمان لەبارەی شاعیرە رۆمانسییە نوێیەكانی بەریتانیا لەدوای شەڕ لا ئاشكرا بوو، ئەوانیش وەك ئێمە قەسیدەیان لە گۆرەپانی شەڕ لە ئەفریقا و هیند و ئەوروپا دەنووسی. كاتیّ گوێم لەوە بوو، زۆر كاری لێكردم. راستە ئەوان دوژمن بوون، بەلاّم ئێمە هەستێكی رقاویمان لەبەرانبەر ئەوان نەبوو.

**پ/ تۆ لەو چوار ساڵەی كە ئەمریكا بە تەواوی ژاپۆنی داگیر كردبوو، چ هەستێكت هەبوو؟**

و/ لە مانێلا، لەرێگەی ئەو شارەزاییە كەمەی خۆمەوە بۆم دەركەوت ولاّتە یەكگرتووەكان تا سنوورێك زۆر بەخشندەن. ئێمە هەمووومان وابووین: ئێمە هەستمان دەكرد لیبرالییەت لە ئەمریكا بوونی هەیە و چاوەڕوانی ئەو لیبرالیەتە بووین. سالاّنێكی زۆر لەگەڵ چەپاندن و سەركووتكردن ژیاین، لەدوای شەڕ، وشەی دیموكراسیەت هاتە نێو ژاپۆنەوە و ئێمە چووینە نێو سیستەمێكی دیموكراسی فرەییەوە، هەستمانكرد كە لە ئەمریكادا كۆمەڵگەیەكی دیموكراسی هەیە. رەنگە ئەو ئەمریكیانەی كە بۆ ژاپۆن هاتوون رۆشنبیر بن، یان رەنگە باش لە هەستی ژاپۆنی و ژاپۆن بگەن، بۆیە هەستمان بەرانبەر ئەمریكا لە زۆر رووەوە جۆراوجۆر و پۆزەتیف دەكەوتەوە. دەتوانم بڵێم

ئەمریکا بە تەواوی ژاپۆنی رزگار کرد. ژاپۆنییەکان هەمیشە قسە لە بۆمبی ئەتۆمی دەکەن، بەڵام بە بۆچوونی من هۆی بەکارهێنانی ماعقولیەتی تێدا بوو، بۆیە جارێکی دی دەڵێم هەستی من بەرانبەر ئەمریکییەکان پۆزەتیف دەکەوتەوە. پاشان هەستم بەوە کرد کە ئەمریکا وەك ئەوەی هەموومان خەیاڵی دەکەین ولاتێکی ئازادە... سەربازەکانیان شوکلاتەیان بەسەر منداڵان دابەش دەکرد، ئەوە لە دیدی من جۆرێکی زۆر بەرزی تەعبیرکردنە لە هاوڕێتی و وێژدانی زیندوو. رەنگە من وەك خۆم زۆر زوو لەگەڵ سەردەمی نوێ بە ئاسانی گونجا بم.

**پ/ چۆن نەبوونی بەرگری شەعبی دژی داگیرکردنی ئەمریکی راڤە دەکەیت؟**

و/ بەڵێ، هیچ بەرگری کردنێك بوونی نەبوو، تەنها هەندێ هەوڵی سەربازی نەبێ کە دوای جەنگ دەیانویست بە فرۆکە هێرش بکەن. بەلاّم بەر لەوەی ئەوەی دەیانویست بە ئەنجامی بگەیەنن دەستیان بەسەردا گرتن، هیچ بەرگرییەکی شەعبی وەك ئەوەی لە فەرەنسا لە رۆژانی داگیرکردنی ئەڵمانیادا هەبوو، رووی نەدا. بە بڕوای من هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارودۆخی ژاپۆن ئەوسا زۆر نائومێدانە بوو. کۆتایی بە شەڕهێنان دوای ئەو هەموو ژانوژوارە توونەدە و دوای ئەو هەموو سەرکووتکردن و فشارو چەپاندنە، بۆخۆی هەناسەدانێك بوو. راستە کۆتایهێنان بەمجۆرە بە نسبەت ژاپۆنییەکان زۆر بێزارکەر بوو، بەلاّم جۆرێك بوو لەو هیوایەی کە چاوانبووین هێمنی و ئاشتی بۆ دڵی هەمووان بهێنێ:

ئاشتی کۆتایی هێنان بوو بە هەموو هێرشە ئاسمانییەکان و وەستانی بۆردوومانکردنی هەزاران تۆن بۆمبا بوو بەسەر شار و لادێدا. ئەوە هەستی واقیعی زۆربە بوو، ماندوو بووین لەشەڕ، شەڕ گەیشتبووە بەرزترین پلە کە لە توانای کەسدا نەبوو لەوە زێتر بەدوای کوشتن و بڕیندا بڕوات. بەڵام دوای ماوەیەك هەندێ لە بزوتنەوەی سیاسی سادە دژ بە بوونی ئەمریکی سەری هەڵدا و شاعیرانیش لەو بزوتنەوەیەدا بەشدارییان نواند. بەڵام بەرگری چەکدارانە بوونی نەبوو.

# لە شیعری نوێی ژاپۆنی
# (چەند نموونەیەکی هەڵبژاردراو)

**کورا- رۆمیکۆ**

16/12/1932

## عاشق

ئێوە بۆچی لێرەن؟
لێرەدا بۆچی وەستاون؟
لەنێو هەڵکردنی بادا
لەنێو درەختی ئاکاکیا
با بە گەڵاکانەوە دێ و
لە دەوروبەرتان هەڵدەکا
بەرە بەرە شەو رەنگی خیانەتکارانەی خۆی دەگۆڕێ
++++
بۆچی لێرەدا وەستاون؟
لێرەدا بۆچی وەستاون؟
لەنێو هەڵکردنی بادا
لە ژێر درەختی بەڕوودا
با بە گەڵاکانەوە دێ و

لە دەوروبەرتان هەڵدەکا
بەرە بەرە شەو پڕشنگی خەمەکانی خۆی دەگۆڕێ.

++++

ئای ئێوە بۆچی وا لێرەن؟
بۆچی لێرە بە دەستت لەملانە وەستاون؟
لەنێو هەڵکردنی بادا
لەنێو درەختی حەیزەران
با بە گەڵاکانەوە دێ و
لە دەوروبەرتان هەڵدەکا
بەرە بەرە شەو ئاواتەکانی ناوەوەی خۆی دەگۆڕێ.

## (درەخت)

لە نێو تاکە درەختێکدا
درەختێکی دیکە هەیە لقەکانی هێشتا تەواو
شین نەبووە
کەچی لە بادا دەلەرزێ.

++++

لە نێو ئاسمانێکی شیندا
ئاسمانێکی شینی دیکە
هێشتا لەدایك نەبووە و
هێشتا ئاسۆی خۆی نەبڕیوە
کەچی دەفڕێ.

++++

**لە نێو تاکە جەستەیەکدا**

**جەستەیەکی دیکە هەیە**

**هێشتا لە دایك نەبووە**

**کەچی سکی**

**خوێنی نویٚ گلدەداتەوە.**

+++

**لە دووتوێی تاکە شارێکدا**

**شارێکی دیکە دەبینریٚ**

**هێشتا لەدایك نەبووە، گۆڕەپانی**

**کەچی لە بەرانبەر مندا بەلادا دیٚ.**

**گۆزۆ-یۆشیماس**

22/2/1993 ز

## هیوا

**لە ئاهەنگی زیافەتی**

**رۆژی لەدایکبوونی کۆمەڵەی خۆر**

**شیعرم رووی کردە چەندان گێژەلوکە و**

**بە توندی چەپۆکی لە رۆخی بۆشایی**

**هاوەڵی ستەمکاران دا**

شیعرم هەمووشتێکی کردەوە، هەموو شتێکی هەڵلوشی
ئاڵووشم بە تەواوی وەك گڕ لە بۆشایی بەلادادێ
لە گۆمی خوێن، ئێستا رووناکی و تاریکی
هۆگری سەما کردنن،
بەڵام شیعرم لە ریشەی خۆی نابێتەوە
ریشەکانی بە هێمنی یادی "با" و "گەرما"
یادی بای سەدە کۆنەکان دەکەنەوە
شیعرم شیعرم
ئەوانەشی گشت تێپەڕاند
+++
پەیکەرێکی زێرینی کاڵبوەوەی مەچەك بڕاو
کەمەریشم وەکو مامز عارەق دەکات
تووڕەبوونی رامالین
لە جەستەم دەدەم
یادەوەرەییەکان بە یاد دەهێنمەوە
بەڵام کوا ماسولکەکانم
ئەو ماسولکانەی پەراسووی پڵینگیان لە بنەوە دەردەهێنا
و سروشتییان ملکەچ دەکرد
ئەو ماسولکانەی وەك رەشەبا
بەهەشتیان وێران دەکرد
چاوی کەروێشکیان دەگرت و رووبەڕووی خواوەندەکان دەبوونەوە

سەیری دوور بکە
دنیا بێدەنگە
بێدەنگیەکی زۆر گەورە.
+++
دڵی برۆنزیم لەسەر ئەو کیشوەرە،
کەوانێك دروست دەکات
وەك ئەو دارەی کەوتۆتە ژێر پێیەکانم
بۆچی تۆمارکردنی زەمەن بەو هەموو خەمەوە دەبینم؟
پێچەکانی بورغی هەموو ئەوەی هەڵیلوشی
هێنایەوە
ئایندە بێدەنگە وەك دەریاچە
وەك حەوزی ئاوی گەورەی جلشۆرینی
نیوەڕۆ
مەسافە لیچەکان
لە هەموو شوێنێ
بان و برینەکانی وڕوژان
لە هەموو شوێنێ
ترسناکن
ترسناکن
من.. مرۆڤێکم فوو لەو رۆژە دەکەم
کە پێش رۆژی لەناوچوون دەکەوێ
دەژیم

وەك ئەو کەسەی بە درێژایی شەو
شوشەی کۆکاکۆلاکان دەشکێنیٚ.

**شۆنتارۆ-تانیکاوە**
15/2/1931

## سۆنیتای 41

که شینی ئاسمان دەبینم
هەست دەکەم لێرەدا شوێنیٚ هەیە بۆی دەگەڕێمەوە
کەچی ئەو تیشکەی لە هەورەکانەوە بۆم دیٚ
ناگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

++++

هەمیشە هەتاو شتە بە نرخەکانی خۆی پێشکێش دەکات
شەوانیش هەر خەریکی کۆکردنەوەیەتی
خەڵك ناتوانیٚ وەك درەختی بە پیت بحەسێتەوە
چونکە بە خانەدانی لە دایك نەبوونە.

+++

دەریچە ئەو هەموو شتانە دەبڕیٚ کە لێیەوە هەڵدەچیٚ
من حەز لە ژوورێکی پڕ فەزا دەکەم
بۆیە لەگەڵ مرۆڤ پەیوەندیم خراپ بووە.

+++

زامی مەکان و زەمانە، بوون
ئەوە ئازارە سەرزەنشتم دەکات
ئەگەر شوێن جێبهێڵم درووستیم بۆ دەگەڕێتەوە.

## سۆنیتای 56

لە ونبووندا ئایا دنیا ئەستێرەیەکی بچووک نییە
لە خۆرئاوا
بەسەرساامییەوە وەستاوە
وەك ئەوەی شەرم لەخۆی بکا.
+++
لە کاتێکی وادا
ناوە بچووکەکان کۆ دەکەمەوە
پاشان
قسە ناکەم زۆر کەم نەبێ.
+++
دەنگەکان هەندێجار بانگی دنیا دەکەن
روونتر لە گۆرانیەکانم بانگی دنیا دەکەن
فیکەیەکی دوور، سەگوەڕێ، دەنگێ
دەرگاکانی باران و دەنگی بەیەکداچوونی چەقۆکان
+++
دنیا گوێ لەو دەنگانە دەگرێ

بەدزی وەك تاریکی خۆرئاوابوون
وەك ئەوەی لە دەنگێکەوە بۆ دەنگیٚ
جەخت لە بوونی خۆی بکاتەوە.

ریوسیە – هاسیگاوە
(19/6/1982)

## پڵینگ
### (چەند کۆپلەیەك)

-1-

فرمێسکم زوو دێتە خواریٚ
ئای چەند زوو فرمێسکم دێتە خواریٚ
کاتیٚ بە رێگە دادەڕۆم
فرمێسکم زوو دێتە خواریٚ
یان سواری شەمەندەفەر دەبم
یان بە تەنها لەسەر جێگەیەك رادەکشێم
ترسم هەیە
ئای، بۆچ.
سادە، دڕندە، بکوژی بیٚ کریٚ
هەر کەسیٚ شەو لە رێگەدا بەلامدا بیٚ
دەیکوژم

هەروەها ئەوەی لە نێوان دوو فارگۆن وەستابێ
ئەوەی سادەو ئاسایی بژی
هەمووان دەکوژم.

-2-

پڵینگەکە رادەکات
پڵینگەکە رادەکات
لە دەشت، رۆژانی زستان
لەوێ هەموو زیندەوەرەکان لاوازن
هەموو دەمرن
پڵینگەکە رادەکات
لەلایەکی بیابان
لەوێ کە کۆتایی بە تەلەکانی کارەبا دێ
تا ئەولای زەوییەکی بەیار
لەوێ کۆتایی بە هێلی ئاسنیی دێ
رادەکا لە پێناو دوورترین نێچیر
بەدوای کلکی بایەکی خرۆشاو
رادەکاو چرنوکەکانی دنیا دەهەژێنێ
کۆشکێ دەبڕێ، دەکەوێتە بنی دەریایەکەوە
بەرەو چیایەکی رووت دەکشێ، دادەبەزێ
پڵینگەکە رادەکات
پڵینگەکە رادەکات

-3-

خۆزگە لە تافی لاویدا
خۆکوژییم کردبا
ئەو کاتەی شتەکانم لێکنەدەکردەوە
سی ساڵە
ئێستا وا هەستدەکەم وەك ئەوەی تازە لە سکی دایکم هاتبمە دەر
ئێستا واهەستدەکەم وەك ئەوەی ملیۆنان ساڵ بێ
لە سکی دایکم هاتبمە دەر
رەنگە هەندێجار ژیان وابێ
ئەگەرچی هەندێجار ژیان وایە
هەرچەند بژیم ئەو هەستەم هەر لەگەڵ دەژی
مردنی ئاسایی کەفتەکار
وێرانەییکی بێ مانا و روخانێکی بێ مانا
هەرەسهێنانی گەردوون لە دیالیکتیکی مادی بێ مانا
کەواتە، خۆناکوژم
من بکوژ و کوژراوم
گرفت، چاوتێبڕین،
خاڵ.

## تایجیرۆ-ئاماساوە
## (31/7/1936)

### رێگە تێنووەکانی-حوزێران

رێگەیەکی گیایی
بەسەر سینگمدا دەڕوا
هەستدەکەم هەورەکان خنکێنەرن
ماڵێکی کێویی لەدوورەوە کێشم دەکا
دەست لە کۆمەڵێ رێچکەی بەیەکداچوو دەدەم
دەچمە دەرەوە بەرەو شەقامێکی بێدەنگ
چەشنی بیابان
بەڵام با بەسەر درەختی چناردا هەڵناکا
ماڵەکانیش وەك ئامێری مۆزیکی توڕدراون بەسەریەکدا
ئایا لێرە کەسێ دەمبینێ؟
لە پشت ئەو درەختانەی بێدەنگ وەك گۆڕ بەیەکدادێن
نیوەڕۆیەکی چۆڵ، رووت
هەتا گۆڕیش هیچی لێنافڕێ
ئەوەیە کە من دەمەوێ
بۆیە کەسێك لێرە نییە

+++

یادەوەرییەکانم ئاسمانی بەهەور داپۆشراوی خنکێنەر دەهەژێنێ
لافیتەکانی رێگەش بەردەوام بە ژەنگی شین داپۆشراون.

## ئاکیا -یۆتاکا
## (2/11/1922)

### ڕێگەی شیعر

سێبەری دارێکی باخچە
کەوتە سەر کاغەزێکی سپی
چۆلەکەیەك لە تەك لقێکی نیشتەوە.
+++
هەوڵدەدا شتێ بڵێ
بەدەنگێك، بەدەنگێکی جوان
بەڵام لە دواوە ون دەبێ
منیش تاجەگوڵینەیەك دەکەمەوە.
+++
کە لە پشت شتەکان
"من"ەکەی دیکەم
بە قوڕسی وەکو بوون
لە قرچەی نیوەڕۆ
دەست دەکا، بە ڕۆیشتن
هەگبەیەکی شین،
لەکۆڵدەنێ.

## کۆئتچی-ئیجیما
## (25/2/1930)

### (ئاسمانی ئەوانیدیکە)

باڵندەکان گەڕانەوە،
بۆ ئەوەی درزی ڕەشی ئەو زەوییە بسمن،
لەسەر بانی نامۆییدا
دابەزن، بڵند ببنەوە:
وەك ئەوەی سەرسامبن.

+++

ئاسمان سەری خۆی گرتووە وەك ئەوەی یەکێك بەبەرد لێی دابێ
نقومی بیرکردنەوە و لێوردبوونەوەیە
لەبەر ئەوەی خوێنەکەی وەستاوە
دەڕوا و لە ئاسماندا دەخولێتەوە
وەك ئەوەی کەسێکی دیکە بێ.

## هیرۆچی-کاواساکی
## (26/1/1930)

### بەیانی

لە بەیانیەکی ڕووناکدا
کیژۆڵەیەك بە غاردان دێ

له تیشکی خۆر
قژە نەرم و جوانەکەی لێ دەتوێتەوە
پاشانیش دەدرەوشێتەوە.
+++
دەستەکانی
تەنورەکەی، پێڵاوەکەی، لاشەکەشی
ئەوانە گشت
لەبەر تیشکی خۆر
دەتوێنەوە
روون دەبنەوە
تەنها رێگە بەو دەدەن بێت و
رابکات.
++++
بۆ دارستانی بەیانی
خۆر بەکێش دەکاو
کیژۆڵەکەش رەنگی سەوز دەبێتەوە
کتوپڕ گەڵا و لقەکان بە پێشوازیکردنی سەرسامان دەکەن
وەکو ئەوەی لە سپێدەی وڵاتێکی بێگانەدا
رووبەرووی یەکێك بیتەوە
زمانی دایکت بزانێ.
+++
کیژۆڵەکە

**دەچێتە مێرگی بەیانی**

**کاتێك ئەسپێکی رەنگ شیری**

**گیای تەڕ دەجوێ**

**لەگەڵ ئەسپێکی دیکەدا**

**ئەو ئێستا بیر دەکاتەوە**

**دەبێ گیای شین**

**لەنێو سکی ئەسپی شیری**

**رەنگی چۆن بێ.**

+++

**کیژۆڵەکە راست دەگاتە باخی میوە**

**سێوەکان بەدارەکانی خۆیانەوەن**

**وەختەبوو لەژێر تیشکی بەیانی**

**پێدەگا**

**بۆنێکی خۆش**

**ژوورێکی سپی**

**پاشان لێرە دەمێنیتەوە و بەچەشنی گاز،**

**کیژۆڵەکە لە بۆنی خۆیدا مەست دەکا.**

**کەی و لە کوێ**

**سوورایيەکەی دەرکەوتووە**

**تەڕێتی رووخساری تۆخی**

**کەی و لە کوێ**

**کەس نازانێ.**

**لەبەر پڕشنگی بەیانی**

**سێوی کێڵگە ئارام دەگرێ**

**لەسەروەختی گەیین نزیك دەبێتەوە**

**هەر بە شوێن کیژۆڵەشدایە**

+++

**سەهۆڵەکە درز دەبا**

**بایەکیش دێ**

**سمۆرە لە خەو هەڵدەسێ.**

+++

**لەو ژوورەی من لێی دەخەوم**

**کیژۆڵەکە بە هێمنی دێتە ژوورێ**

**پڕشنگی بەیانی دڵم**

**بە فرە رەنگی**

**رەنگدار دەکا**

**هەندێجاریش بە شێوەی هێل.**

**کیژۆڵەکە و دواتر منیش**

**چەشنی خەونێك، کەم مەسافەیەك لێمان دوور.**

+++

**ئەوە دەنگی کانییە واهەڵدەقووڵێ**

**یان ئاماژە بە رۆیشتنی زەمەن دەکات**

+++

**کیژۆڵەکە و دواتر منیش**

له مەسافەیەکی کەمدا خەونەکە تێدەپەڕێنین.

+++

بەرە بەرە کیژۆڵەکە لەناو دەچێ

منیش کەم کەمە پڕ دەبم

پاشان

له دوای کەمەکێکدا..

ئا ئەوە خۆرە لێرەیە...

## پەلکە زێرینە

من ئەو دەنگە پەسەند دەکەم

"با یەکتری بدوێنین"

+++

دەنگێکی سەوز بوو

+++

کەواتە

+++

من ئەو دەنگە پەسەند دەکەم

"با یەکتری بدوێنین"

++

دەنگێکی سوور بوو

++

دەنگێکی ئەرخەوانی بوو

++

دەنگێك بە رەنگی هێلکە

++

کۆمەڵێ دەنگێکی دیکە

++

قسەیان لە
خاکێکی تازە نەو دەکرد
خاکێکی تەڕ بە تەمومژی بەیانی

+++

هەر چەندە بایەکە توندتر هەڵیکردبا
بابەتی قسەکردنیان تیا دەگۆڕی

+++

هەندێجاریش قاقایان پەرش دەبۆوە
وەکو شەپۆل.

++

رەنگە بەراستی بەختیار بن

++

بە ئاسماندا
یەکێك ئەویدیکەی دەدواند
لێرە بۆ وێ.

لەبارەی بۆمبی ئەتۆمییەوە

## تامیکی-هارە
## (13/3/1951)

### ئاوم بدە

ئاوم بدە
ئا، ئاوم بدە
بە مەرگی باش ئاوم بدە
مەرگ
ئاخ
رزگارم کە، رزگارم کە
ئاو
ئاو
تکا دەکەم
بەیارمەتیت
ئائائائاخ..
ئائائائاخ..
ئاسمان هەڵدەلوشێ
وندەبێ شار
رووبار دەڕوا
ئائائائاخ..

ئائائائاخ..

شەو هات، شەو هات

چاوە وشکەکان دادەپۆشێ با

لێوە هەڵاوساوەکان

رووخسارە سووتاوەکان، شێواوەکان

مرۆڤ دەناڵێنێ مرۆڤ ...

**شیبۆساوە-تاکاسوکی**

**(22/10/1930)**

**وێنە**

چۆن هەستدەکەی

کە بەسەر ڕێگەی پایزدا دەڕۆی

لووس بە ڕەنگی پێستی فیل

دەڕۆی

سەرێکی بڕاو بەدوای خۆتدا خلۆر دەکەیتەوە

(ئەوە سەری خۆتە)

بە راکێشراوی سەیرت دەکا

(ئەوە سەری خۆتە)

بە چاوی گاڵتەوە

تەواوی ژیانت دەپێوێ

لە پشت تەواوی ژیانت

**رێگەیەکی پایزی لووس**

**بە رەنگی پێستی فیل**

**رێگەیەکی پایزی لووس بە رەنگی پێستی فیل.**

## رین -ئیشیکاکی
## (21/2/1920)

### رووخساری دایك

**لە خانووی کۆن**

**دایکێکی مردوو دەژی**

+++

**هەموو تازە نەو خێزانیَ**

**دایکێکی هەیە**

=++

**چالاك**

**حەز لە چێشتلێنان و پاككردنەوە دەكا**

**حەز لە جلشۆرین**

+++

**دایکە مردووەکە**

**لە نزیك خێزانی کوڕە لاوەکەی کە**

**بە شۆربا لێنان خەریکە**

**بە پەنجەی منداڵە ساوایەکەی شادوومانە**

+++

دەیبینم

وا هەناوی مرۆڤ دەگوشێ

بۆ ئەوەی پیاڕەوەکانی پێبسرێتەوە.

+++

روخساری منداڵەکە

زەردهەڵدەگەڕێ

کاتێ دایکە مردووەکە دەیشوا

++

کاتێ دەربەدەر دەبم

هەموو شتێ رێکدەخرێ

شوێنەکەش پاك دەکرێتەوە.

+++

دایکە بەدکارەکە

دڵسۆز و دڵرەقە،

ئەو دایکی

هەموو دایکە زیندووەکانە

+++

هەموو ماڵەکان زۆر کۆنن.

## نوبۆو-ئایۆکاوە

## (17/10/1986-23/8/1920)

## گۆرانی

سەرەڕای هەموو خەمەکانیش ئەی ماری چکۆڵە
حیکایەتی خۆمان هەر دەگێڕینەوە
بۆ رووگرژەکان
هەر لە سەرەتاوە جار لە دوای جار
دەستم دەخەمە ملتەوە و هەڵتدەدەم
ئەی ماری چکۆڵە
دەی ماچان بگۆڕینەوە
شیرینتر لە ماچی هەموو ئەڤینداران
پێم دەڵێی: ئاخ... ردێنت ئازارم دەدا
منیش وەلاّم دەدەمەوە با زێتر ئازارت بدا
چ نییە با دووبارە بە تواناکانمانەوە
لە نوێوە
دەست بە ماچان بکەینەوە.

**یۆشینۆ-هیرۆشی**
**(16/1/1926)**

## دەریای زستان

لە گێژەلووکەیەکی بەفریی

**لە دوورەوە دەریام دیت**

**دیتم، هەڵچووە، و زانیم**

**بۆچی دەریاکە هەڵدەچێ.**

+++

**بە دەنگێکی بەرز بانگم دەکات**

**شتێك دەڵێ**

**ئەوە هەر تەنها دەریایە**

**تەنها دەریایە و چیدی نا.**

+++

**دەریاکە شێت دەبێ**

**بۆ ئەوەی لە پاڕانەوە ون نەبێ و**

**لە پەرۆشی لەکیس نەچێ**

**دەریاکە رادەکا**

**زۆر مەزن بوو نکۆڵی**

**لەویدیکەی سامناك دەکرد.**

+++

**لە پایتەختێکی دووری بەفراوی**

**دەیتم دەریاکە رادەکا**

**زانیم زانیم**

**دەریاکە بۆچی رادەکا.**

**مۆتسوئۆ-تاکاهاشی**

**(15/12/1937)**

## کۆتر

**گووتی:**

**"ئەو کۆترەم دەدەیتێ"**

**وەڵاممدایەوە:**

**"دەشێ"**

+++

**وەریگرت**

**ئای چەند نیان بوو!**

**"گمە.. کو کو"شم**

**بۆ زیاد کرد**

+++

**دەستم پێداهێنا**

**هەردوو چاوەکانی جوان بوو**

**دەستم پێداهێنا**

**هەروەها دەنووکیشی**

+++

**چاوی لێکردم**

**"بەڵام"**

**چاوم لێیکرد**

**"بەڵام بۆچی؟"**

+++

گووتی:

"تۆ جوانتری"

سەرم شۆڕ کردەوە

"نەخێر نەخێر ئەوە قەدەغەیە؟"

+++

کۆترەکەم ئازاد کرد

چرپاندم:

"خۆشم دەوێیت"

کۆترەکە لەنێو دەستەکانیدا

رایکرد.

## یۆریئیکا -سۆزۆکی (کچە شاعیر)
## (30/10/1941)

### بۆ عاقڵێك

بارانی حوزەیران لەسەرەخۆ دێتە خوارێ

دەپڕژێتە سەر بان و کۆڵانەکانی ئەو شارەوە

منیش دەمەوێ

لەژێر ئەو بارانە بوەستم، کە هێلی

روونی باریکیش دەلەرزێنێ

بەبێ راسپێر بەرەو دڵم لەسەرخۆ دێتە خوارەوە
هەستەکانم لە ناوەوە چەکەرە دەکەن، گەنجانە
+++
دەمەوێ من بۆ شتەکان
بە راست و درووست بڕوانم
دەمەوێ چەشنی شتێ بم بەکار بهێنرێم گشت رۆژێ
وەك چۆن کتلی ئاو دەخواتەوە بە جوانی
ئەمڕۆ دیسان ژیان دەستپێبکاتەوە
لە تازەوە.

## یۆشیرۆ-ئیشیهارە
## (3/11/1977-11/11/1915)

### دەیەوێ بگری

لە ناوەوەم
کێیە دەیەوێ بگری، لە من زێتر
بەچۆکداهاتووەو دەستی لە قولەپێی وەرهێناوە
لە ناوەوەم
کێیە دەیەوێ بگری، لە من زێتر
فرمێسك لە چاوەکانم هەمیشە دێتە خوارەوە
هیچ مانایەکی تیا نییە گریانی من
چونکە کێ لەمن زێتر دەیەوێ بگری

دەگری
لەسەر حەسیرەکە خۆم وەردەگێڕم
بۆ ئەوەی بزانم کێ دەیەوێ لە من زێتر بگری
دەگری
بەڵام ئەوە منم هەمیشە دەگریم
خۆر ئاوابوو، تاریکی گەیشتە
بنمیچ
شوێن بۆ من تەنگە، دەکەوم
کێ دەگری لەبەر دەرگا
دەبا بگری بەیارمەتیت
بەیارمەتیت دەبا بگری.

## ساتشیکۆ-یۆشیهارا (کچە شاعیر)

## (28/6/1932

### لە ڕۆژێکی ڕەش

بە خۆشەویستیدا دەڕۆم
ئەگەرچی هەمووی پووچییە
+++
حەزم لە هیچ شتێك نییە، خەمیش
هەتا نامەوێ بیر لەوە بکەمەوە کە زیندووم.

+++

**ئاخ لەو چاڵە دڵڕەقەی من،**

+++

**هێلکەی پووچیم تیا داناوە**

**لەنێوان پووچی و پووچیدا**

**پووچی نەبێ هیچ شتێ لەدایك نابێ؟**

+++

**ژیان خەمە**

**خۆر دەدرەوشێتەوە**

**ئەمڕۆش دووبارە با هەڵدەکا**

**پاشان شەو دێ.**

+++

**حەزم لە هیچ شتێك نییە**

**جگە لەوە لە شەوێکی نوتەکەچاو**

**هێلکەیەکی رەشم وەکو خوێن داناوە.** §§§

________________

§§§ **سفينة الموت، ديوان الشعر الياباني الحديث، ترجمة: من اللغة اليابانية، محمد عضيمة، دار المواقف، سورية، 1994.**

# هایکۆ

بەشێوەیەکی گشتی هەموومان ڕێکین لەسەر ئەوەی تەرجەمەکردنی شیعر قورس و پڕ کێشە دەکەوێتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ بە جیاوازی داتاکانی زمانەوانی زمانی یەکەم و زمانی دووەمەوە بەندە، وەك چۆن پەیوەندی بە ڕەگەزی ڕۆشنبیریی دیار و نادیار و چەپێنراوی نێو دەستەواژەکانی هەموو زمانێکەوە هەیە. هەڵبەتە ئەو مەسەلەیە بە نسبەت هایکۆ زێترە چونکە هایکۆ ڕەهەندێکی تایبەت بەخۆی هەیە، دەشێ ئەو ڕەهەندە بە سادەیی ئەفسونکارانەی هایکۆوە بەند بێ، بۆ نموونە ئەگەر سەیری قەسیدەکەی دامەزرێنەری هایکۆ "باشۆ" بکەین، کە بە ناونیشانی "بۆق" ە، یان بۆقەکەی باشۆ یان گۆماوی بۆق یان گۆماوێکی کۆن- بۆقەکان لە دەنگی ئاودا هەڵدەبەزنەوە، کۆنە گۆماوێك بۆقەکان تێیدا قەڵەمباز لە دەنگی ئاودا دەکەن.... دەبینین ئەو قەسیدەیە لە زمانی ئینگلیزی زێتر لە سەد و حەفتا تەرجەمەی بۆ کراوە.****

**باشۆ**

**(1694-1644)**

---

**** قصائد عشق يابانيه، تعريب: عبدالكريم الحنكي، شاعر و مترجم من اليمن، مجله النزوى، العدد الخامس عشر.

**مانگ**
**بەدرێژایی شەو**
**بەدەوری زەلکاودا خولدەخوا**

++

**مێش هەنگوین**
**بەلادادێ**
**لە درەوەی گوڵی فاوانیا** [††††]

++

**بەفری تازە**
**پەڕە زەردەکانی نێرگزییان**
**چەمانەوە**

++

**گۆماوێکی کۆن**
**بۆقێك لە دەنگی ئاو**
**قەڵەمبازێتی**

---

††††  **رووەکێکی بەناوبانگە هەمیشە سەوزە، لە وەرزی بەهاردا گوڵی فاوانیا دەگرێ، بەشێوەیەکی سروشتی لە حەوزی ناوەڕاست زۆرە، لە باکوری رۆژهەڵاتی چین و ناوەڕاستی مەنگۆلیا، وەك چۆن لە باشوری ئەوروپا بە تایبەتی پورتگال و بە درێژایی ئەلبانیا و هەنگاریا هەیە، ئەو رووەکە بۆ رازاندنەوەش بەکار دەهێنرێ.. بڕوانە: (قصائد باشو ماتسوو ترجمه : منیر مزید / رومانیا)**

++

**ڕۆژی یەکەمی بەهار**
**بەردەوام بیر**
**لە کۆتایی پایز دەکاتەوە**

++

**خەڵوەتی زستان**
**لە دنیادا یەك ڕەنگە**
**ڕەنگی با**

++

**باخچەی زستانە**
**مانگ لە هێلێك چەخماخەی داوە**
**گۆرانی دەڵێن مێروولەکان**

++

**سەرخەوێکی شکان**
**پێیەکانی لەتەنیشت دیوارێکی سارد**
**شین بوونەوە**

++

**کەشیشێك چای بەیانی هەڵدەقوڕێنێ**
**کەشێکی هێمن**
**گوڵە ئەرخەوانییەکان دەکرێنەوە**

++

**نە گوڵەکان و نە مانگ**

به تەنیا
ساکی دەخواتەوە

++

گۆماوێکی کۆن و بێدەنگ
بۆقێك خۆی هەڵدەداتە نێوییەوە
شڵپ
بێدەنگی دووبارە دەبێتەوە

+++

جگە لە من هیچ کەسیٚ
بەسەر ئەو ڕێگەیەدا سەفەر ناکا
بەو ئێوارە پایزییە

++

ساڵێکی دیکەش تێپەڕی
کەچی من هەتا ئێستا
کڵاویٚ لە پووش و سەرپایەك لە پووش
دەپۆشم.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

‡‡‡ خواردنەوەیەکی کهولی ژاپۆنییە، لە برنج و پێکهاتەکانی برنج و ئاو دروست دەکریٚ و بە گەرمی دەخورێتەوە.

قصائد باشو ماتسوو، ترجمة : منير مزيد / رومانيا

# چەند قەسیدەیەکی دیکەی هایکۆ

**شاعیرو رۆماننووسی ژاپۆنی (ناتسوم سوسیکی) لە بارەی هایکۆوە دەنووسێ: وا دابنێ تۆ تووڕەیت، لەبارەی ئەو تووڕەییەت بنووسە، راستەوخۆ وادەردەکەوێ کە تۆ وەسفی تووڕەیی ئەوانیدیکە دەکەیت، ناشێ یەکێك تووڕە بێت و لە هەمان کاتتدا هایکۆ بنووسێت.**

**ناتسوم سوسیکی:**

لەسەر لقێکی رووت
قەلەڕەشێ نیشت
ئێوارەی پاییز.

**ریۆکان:**

دزەکە هەموو شتێکی برد
تەنها مانگی
بەر پەنجەرە نەبێ.
++
لە کوخەکەمدا هەموو ئەوەی هەمە
پێشکێشتی بکەم

ئەوەیە مێشوولەکان بچووکن.*****

**سێنریۆ:**

ئاوێنەی ئاو
وادەکا گومان
لە رووخساری خۆت بکەیت.
++
سەرت بەرز دەکەیتەوە
دەنووك لە تۆڕی چاوت دەدا
ئەوە بارانە.
++
بای بەهارە
پیرەژنێك دووبارە دەیەوێ
قژی شانە بکاتەوە.
++
بارانی بەهار
دەنگی شەو
بۆ پەڕی چۆلەکەیە.

***** جمیع الحقوق محفوظة وفقاً لإتفاقیة إستخدام ألو فن

Copyright © 2008 - 2009 www.AlloFan.com

++

دوای باران

ئەستێرەکانیش

زێتر دەبریسکێنەوە

++

چاوەکان

لەنێو چاوەکاندا

تیشکن.

++

هەورەکان

وەك باران

دەست بە دەریا دادەهێنن.

**مۆریتاکە:**

گوڵێك هەڵوەری

پەپوولەیەك بردییەوە

شوێنی خۆی.

**مۆراکامی-کیجۆ:**

لەو شوێنە مێش هەنگوین
دەمرێ
کە زستان دەیەوێ بیگاتێ.

**یاماکۆتچی-سیشی:**

پڕشنگی مانگ
لەماڵ دەچێتە دەرەوە
لە ئاسماندا وازی دەکا.

**ئوئونو-رینکا:**

پرچی کچەکەم
لەسەرەتای مانگی ئایار
بە با دەشنێ.

**هینۆ-سۆجۆ:**

کاتێ وەرزی باران دادێ
درەختەکان تا گژو گیاش

بێدەنگ دەبن.

**تان-تایگی:**

**ئای لەو گێرفانبڕەی**
**لە پڕشنگی کاڵی مانگدا**
**تووشی من بوو.**

**بۆنتشۆ:**

**تەنها هەر رووبارێك**
**درێژ زۆر درێژ**
**بە کێڵگەی بەفردا دەڕوا.**

**یاگی میکاجۆ:**

**بێ نیاز**
**پیر پیر دەبێ**
**کە کەروێشك دەمرێ.**

**میزۆهارا-شوئاوچی:**

ئەوەی بەیبوون
لە زستان لەبەری دەکا
تەنها رووناکی بەیبوونە.

**کیکاکۆ:**

بەرووی دەریا
پەرەسێلکەی کۆچەری
کۆڵکەزێڕینە وندەکات.

+++

کەواتە ئاو بپڕژێنن
تاکو چۆلەکەکان
تەڕ بن.

**تایگی:**

خۆشەویستی یەکەم
لەبەرانبەر
رووناکی چراکانە.

**کیتۆ:**

**ئەی شەو**

**لە زستان و لەنێوان درەختان**

**مانگ هەتا کرۆکی ئێسکان دێ.**

**بۆسۆن:**

**مانگ لە ناوەندی ئاسمان**

**دەڕوا**

**بە شارێکی کلۆڵدا**

**میتانی:**

**کۆترەکە کەوت**

**تاشە بەردەکانیش دوولەت بوون**

**لە پێناو گۆڕەکان**

---

‡‡‡‡‡ **کوتا کاریا: شاعر محمد عضیمة** © 2006

# دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامادەکاری کەشتی مەرگ

## محەمەد عوزێمە:

## شاعیر نە جادووگەرە نە پەیامبەر

**+ماوەیەکی کورتە لە ژاپۆن گەڕاویتەوە، دەمەوێ پرسیارێکی سەیرت لێبکەم کە بە هەستی بینینەوە بەندە: بەڕای تۆ ئافرەتی سوری جوانترە یان ژاپۆنی؟**

-ئەو پرسیارە جوانە، سوری خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها ژاپۆنیش خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی سوری یان عەرەبی دەکەوێتە دووتوێی کلتورێك کە سەرکوتکردن رابەرایەتی دەکات، ئەو کلتورە بەشێوەیەکی دوژمنکارانە یان بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر تاکەکانەوە هەیە. کاتێك دەبیتە کوڕی کلتورێکی سەرکوتکراو ئەوە ئەو کلتورە پەرچەکردارت لا درووست دەکات، بۆیە ئافرەتی عەرەبی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویدیکەدا دوژمنکار دەکەوێتەوە، هەتا لەگەڵ خودی ئەویدیکەی ئافرەتیش، بەبڕوای من هەمان شت بەسەر پیاوی سوری و عەرەبی دەسەپێ، بەلاَم لای ژاپۆنییەکان نە کلتوری دوژمنکارانە بوونی هەیە، نە کلتوری سەرکوتکردن، بۆیە تاکی ژاپۆنی پیاو بێ یان ژن کەمتر دوژمنکارانە دەکەوێتەوە، بەگشتی رۆڵەی کلتوری خۆرهەلاَتی بوزی و کۆنفیوشی و

شنتۆیی خۆشی لە نەرم و نیانی وەردەگرن کە هەندێجار وەك جۆرێك لە خۆش دویی سەیر دەکەوێتەوە، راستییەکەی ئەوەیە کە کلتوری بوزی کلتوری خۆرهەلاتی لەسەر جۆرێك لە ناشەڕانگێزی و نا بۆ تۆڵەسەندنەوە وەستاوە، لە بەرانبەر ئەوەدا کلتوری ئێمە بانگ بۆ چەمکی تۆڵەسەندنەوە و شەڕانگێزی دەکات. لەڕووی جوانییەوە ئافرەتی عەرەبی ملکەچی کلتوری خۆراکی عەرەبییە، ئەو کلتورەی کە لەسەر چەوری و زۆرخۆری و کەباب وەستاوە...

**+پرسیاری جیاوازی ئافرەتی عەرەبی و ئافرەتی ژاپۆنیم لێکردی، بۆ ئەوەی پرسیار لە جیاوازی نێوان شاعیری عەرەبی و شاعیری ژاپۆنی بکەم، ئایا شاعیر لە هەموو شوێنێ هەر شاعیر نییە؟**

- زۆرجار ئەو پرسیارەم لەخۆم کردووە، ئەو پرسیارە پێویستی بەوەیە کە شاعیر بۆ سەرچاوە کلتورییەکەی خۆی بگەڕێتەوە. سەرچاوەی کلتوری شاعیری عەرەبی میتافیزیکی نادیار و تاکپەرستییە، دواتریش ئەو کلتورە دەقێکی میتافیزیکی تاکپەرست بەرهەم دەهێنێ، بەلاّم شاعیری ژاپۆنی جگە لە سرووشت هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی نییە، هیچ سەرچاوەیەکی کلتوری میتافیزیکی بە مانا خۆرئاواییەکەی بۆ وشەی ئایین نییە، بۆیە شاعیری ژاپۆنی بەتەواوی لە شاعیری عەرەبی جیایە، ئەوەی ژاپۆنی لە شیعری عەرەبی بە جوانی دادەنێ بابەتی شیعری نییە، چونکە بابەتی شیعری عەرەبی بەتەواوی لە بابەتی شیعری ژاپۆنی جیایە، هەرگیز بابەتی شیعری عەرەبی بۆ نموونە بۆق، یان قەلەڕەش نەبووە.

**+ نەخشەی قەسیدە فرەجۆرە، بەلاّم لە شیعری عەرەبی ئاڕاستەیەك بەرەو کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن و شیعری درێژدادڕ دەستی پێکردووە،**

**کەواتە بۆچی میتافیزیکا "تێمە" بێ، ئایا دەبێ دەق لەسەر ئەوە حسابی لەگەڵ بکرێت؟**

- لەسەر ئەوە حیسابی لەگەڵ ناکرێ، بەڵکو لەسەر ئەوە حیسابی لەگەڵ دەکرێ کە ئەزموونی دەکات، بۆیە من لە شیعری عەرەبی خۆم بە موتوربەکراوێکی نوێ دادەنێم وەك چۆن درەخت موتوربە دەکەین.

**+ بەلاّم تۆ ئەزموونێکت لە میتافیزیکا هەیە، ئەوەی ئەمڕۆ هێرشی بۆ دەکرێ، لەو بارەوە وازت لە چوار کۆمەڵە شیعری خۆت هێناوە، ئایا ئەوە تۆ ئازار نادات؟ ئایا بە نسبەت تۆ هەنووکە "نفێری" چی دەگەیەنێت؟**

-بەهیچ جۆرێك. حیکایەتێکی ئەو سۆفییەت بیر دەخەمەوە، لە هەشتایەکان دەستی بەگریان کرد، لێمپرسی بۆ دەگریت، گوتی: دوای چل ساڵ لە دڵنیابوون (یەقین) بۆم دەرکەوت من لە هەڵەدا بووم، هەڵەش بۆخۆی ڕێژەییە، چونکە هەڵەی ڕەها بوونی نییە. من گەیشتمە قۆناغێك کە ئەبستراك و میتافیزیکا وەك مرۆڤ تەعبیر لە من ناکات، تەعبیر لە هەبوونی من ناکات، بەوانیش ناتوانم هیچ شتێ بەجێبهێنم، بەو زمانە میتافۆرییە بوونم بەجێ نایەت.

کاتێك بۆ ئەو کۆمەلاّنە و کۆمەڵەی یەکەمم دەگەڕێمەوە (**المیامر والتساعات التابعه، دار الآداب، بیروت، 1988**) هەستدەکەم هیچ پەیوەندییەکم پێوەی نییە، یەکێك بەدەر لە من نووسیویەتی، دەزانی بۆ؟... چونکە نووسینێك هەیە تەنها بەسەر دەنووسرێت، باقی ئەندامەکانی دیکەت هیچ پەیوەندییەکی پێوەنییە، مەبەستم لە میتافیزیکا ئەوە بوو، واتە لە بیرەوەری کلتوری خۆتەوە بنووسی، نەك لە بیرەوەری جەستەیی- ڕۆژانەت، کە دەست و پێ و چاوت تێیدا بەشداری نووسین دەکەن، بۆیە

کاتێك بە هەموو هەستەکانتەوە دەنووسی ئەوە زمانەکەت بۆ سەرەتاکان و بنچینەی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوە بۆخۆی بنەڕەتە، ئەگەرچی ئەوەی دەیلێی ئاسایی و ناشیعریش بکەوێتەوە.

بەنسبەت نفێری ئەوە ئەو کێیە (من گوێیی پێنادەم)، من ماوەیەکی زۆرە لەبیرمکردووە، پشتم پێبەستاوە و نموونەی قۆناغێکم بووە، نفێری ئەوپەڕی پلەی میتافیزیك و تەجریدە، ناشێ لە دەقی ئەو یان هیچ دەقێکی سۆفی نزیك بیتەوە، بێ ئەوەی رەتیکەیتەوە. زۆر بە سادەیی بۆ من دەقی سۆفی هیچ شتێ ناگەیەنێت، نە نفێری و نە حەللاج، لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئەوەی کە دەقی سۆفی پێشتر پێشکەشی کردووە.

**+ رۆشنبیرە ژاپۆنییەکان لەبارەی سوریاوە قسە دەکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە، دەمەوێ لە شتێ ئاگادارت بکەمەوە: ئەگەر لەو قاوەخانەیە تێکەڵی هاوڕێیان نەبام هیچ یەکێك لەبارەی ژاپۆنەوە پرسیاری لێنەدەکردم. بەڵام کاتێك بۆ ژاپۆن دەچم، دامەزراوەکان دێن و داوای لێکچەرم لەبارەی دنیای عەرەبی (ئافرەتی عەرەبی و فیکری عەرەبی) لێدەکەن، بەڵام لێرە زۆر بەداخەوە خەڵکی ئاسایی پێم دەڵێن لە ژاپۆن چ دەکەیت، بۆ لەبری کاری تەرجەمەکردنی شیعر وەکالەیەك بەدەست ناهێنی، هەڵبەت ئەوە خەمگینم دەکات. بەگشتی هەر کەسەو نزیکایەتییەکی بۆ ئەو وڵاتە هەیە کە تێیدا دەژی، بازرگانەکان.. ژاپۆن لە ئۆتۆمۆبیل و ماکینەدا دەبینن، بەڵام نزیکایەتی محەمەد عوزێمە نزیکایەتییەکی شیعری و هونەرییە، ئەوە بۆمن بەسە.

**+ لەبارەی شیعری سورییەوە چ بە ژاپۆنییەکان دەڵێیت؟**

- قسە لەبارەی گێروگرفتی میتافیزیکا و گرفتە تەجریدی و ریتمییەکان دەکەم، هەتا ئێستا شاعیرانێك هەن پەیڕەوی لە ریتم دەکەن، وەك چۆن قسە لەبارەی ئەو نەخۆشیانە دەکەم کە شاعیری عەرەبی خۆی تووش کردووە، قسە لە شیعری تازەمان دەکەم کە خوێنەریان تەنها لە بازنەیەکی بەرتەسك نەبێ نییە، چونکە خوێنەری عەرەبی ماوەی ئەوەی نییە قەسیدەیەك بەو ریتمە بەرز و نزمییە بخوێنێتەوە، ماوەی ئەوەی نییە قەسیدەیەك بخوێنێتەوە زێتر بێ لە پێنج دێر یان چوار دێر. لێرە پەلەکردن لە هەموو شتێ بەدی دەکرێت، من واهەستدەکەم کە نزیکەی ملیۆنان ساڵ لەنێوان شەستەکان و حەفتاکاندا بوونی هەیە. شیعرێك هەیە کە بە زمانی شەستەکان و حەفتاکان نووسراوە کە ناتوانین بیخوێنیتەوە، وا هەستدەکەیت سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕیووە، چونکە هەستت گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەتا ئەوانەی ئەو دەقانەشیان نووسیووە ناتوانن بیخوێننەوە و بەرگەی دەنگە خەمگین و دڵتەنگییە رەشئامێزەکەی بگرن.

**+ بۆچی هیچ شاعیرێکی عەرەبیت تەرجەمەی ژاپۆنی نەکردووە؟**

- چی تەرجەمە بکەم هاوڕێ، ژاپۆنییەکان ئەوەندەیان وەرگێڕ هەیە کە بەشیان بکات. زۆرم بۆ زمانی فەرەنسی تەرجەمە کرد، بەلاّم زۆربەی ئەو تەرجەمانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، شاعیری ئێمەی عەرەب کاتێ تەرجەمە دەکرێ تەواو دەبێ، بە مانایەکی دیکە شاعیری عەرەبی لە زمانەکانی دیکەدا هیچ مانایەك ناگەیەنێت، چونکە ئەو بابەتانەی کە بۆ ئەمڕۆی شیعری عەرەبی مانایەکی هەیە، ئەوەی لە چارەسەری بابەتدا بەکار دەهێنرێ، زمانێکە بەتەواوی تەجاوز کراوە، ئەو بابەتەی کە لەبارەیەوە قسەی لێدەکەم، تەجاوزکراوەو کۆتایی پێهاتووە، دەمەوێ

نموونەیەکت بدەمێ: وا روویدا کە (نزار قەبانی) تەرجەمەی زمانی فەرەنسی بکەم، من بوومە تاکە وەرگێڕی نزار قەبانی بۆ زمانی فەرەنسی، بەلاّم فەرەنسییەکان پێشوازییان لە دەقی نزار قەبانی نەکرد، نەك لەبەرئەوەی نزار قەبانی شاعیر نییە، بەڵکو چونکە زمانی فەرەنسی سەد ساڵ دەبێ تەجاوزی ئەو بابەتانەی کردووە کە نزار قەبانی لەبارەیانەوە دەدوێ، کاتێك نزار قەبانی قسە لەبارەی ئافرەت و چاوەکانی و مەمکەکانی دەکات، ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە لە فەرەنسا ناخرێتە روو، هەتا قسەکردنی (ئەراگۆن) لەبارەی چاوەکانی (ئەلیسا)ش بەنسبەت فەرەنسییەکان بۆتە رابردوو.

ممارەسەکردنی سەرکوتکردن لە زمانی عەرەبی وادەکات نزار قەبانی بۆ حاڵەت بگۆڕێت، هەروەها ئەو سەرکوتکردنە سیاسییەی کە زمانی عەرەبی بە دەستییەوە دەناڵێنێ ئەوە وا دەکات (مەحمود دەروێش) تەرجەمە بکرێت، نەك ماناکەی لە زمانی دووەمدا، چونکە ئەو بزوتنەوە رزگاریخوازەی کە فەڵەستینییەکان ممارەسەی دەکەن، لە فەرەنسا تەجاوز کراوە، لە فەرەنسا هیچ زەوییەکی داگیرکراو نییە کە رزگار بکرێت، بۆیە تەرجەمەکردنی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، چونکە شیعرێك پشت بە ریتم ببەستێ، مەحاڵە تەرجەمە بکرێت، بۆیە زمانی دەروێش و قەبانی لە تەرجەمەکردندا وەك زمانی چەرخی هەژدە دێتە بەرچاو، هەروەها ئەگەر بڵێین گەورەترین شاعیر لای ئێمە "موتەنەبی"یە، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی زمانی خۆی هیچ خزمەتێکی پێشکەش نەکردووە، ئەوە لەو قسەیەدا جۆرێك لە زیادەڕۆی هەیە، بەلاّم زۆر لە راستیش دوور نییە، لە بەرانبەر ئەوانەشدا تەرجەمەکردنی (ئەدۆنیس) سەرکەوتنی بەدەست هێناوە،

چونکە شیعری ئەو تەنها لەسەر ریتم نەوەستاوە، بەڵکو فیکریشی پێیە، بۆیە کاتێك شیعری ئەو تەرجەمە دەکەین وەك ئەوە وایە کە بە فەرەنسی نووسرابێت.

**+ تۆ پشت بە خۆشی دەبەستیت، بەڵام خۆشی بەهایەکە لەناودەچێ، ئایا ئەوە ئەو شتەیە کە لە دەقدا رەنگدەداتەوە؟**

- بەڵێ خۆشی یارمەتیم دەدات، بانکهێشتکردنی خۆشیش لە دەقدا رەنگناداتەوە. بانگهێشتکردنم بۆ ئەوەی پێیدەڵێن "دەقی خۆشی" بانگهێشتکردنێکە کەمێك لە خەمی شیعریم کەم دەکاتەوە، قەسیدەیەك دەنووسم و تۆ دڵخۆشی، بۆچی شاعیر قەسیدەیەك نانووسێ تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دەکەوێتە قەیرانەوە؟ بۆچی شیعر لەبری خەم حاڵەتی خۆشی لەخۆ نەگرێ، یان ئایا دڵخۆشی شیعرێك نییە بکەوێتە نێو زیندەگییەوە؟.. لەو گوتەزایە دەگەیت، بەڵام تاقیبکەوە، تۆ شاعیری کە دڵخۆشی قەسیدەیەك بنووسە. گرفتەکە ئەوەیە شاعیران دڵخۆشی بە گاڵتەپێکردن و شیعری جیدی بە شیعری دڵتەنگ دادەنێن، کاتێ لەبارەی شیعری دڵتەنگییەوە دەڵێیت ئەوە تەنها شیعرێکە کە نوێنەرایەتی حاڵەتێکی جیدی دەکات ئەوە دەکەویتە حاڵەتێکی دوالیزمی تەکرەوبییەوە، چونکە تۆ دەزانی بە مانایەك لە ماناکان تاکرەوی دژی دڵخۆشییە، ئەوەش بەشێکە لە کلتوری میتافیزیکی کە دڵتەنگی بە یەکێك لە خەسڵەتەکان و دامەزرێنەریی دادەنرێت.

**+ تۆ لەرووی چێژوەرگرتنەوە رووشاوی، شیعرییەتی تۆ بە رەتکردنەوە دەگات، تۆ گرەو لەسەر چی دەکەیت؟**

- شیعرییەتی من لەسەر شتی سادە و ساکار و گرتەی زیرەکانە وەستاوە، ئاساییە چێژوەرگرتنێك برووشێنێ کە لەسەر پەروەردەیەك وەستاوە کە پێیوایە بەچێژترین شیعر بەچێژترین درۆیە.

**+ تۆ تەنها نیت تۆ لەگەڵ منی، بەلاّم لە ڕێبازە شیعرییەکەتدا پەڕگیری.**

- هەرگیز پەڕگیر نیم، کاتێك لەسەر (600) شیعر کارم دەکرد و خستمە نێو دیوانی شیعری عەرەبی نوێ، لەو شاعیرانە بەشێك لە ئەزموونی خۆم بەرچاو کەوت، چونکە ئەوان دەلالەت بوون لە چێژوەرگرتنێکی نوێ.

**+ تۆ یەکێك لە کۆمەڵە شیعرییەکانت بە "لا لن اعود الی البیت" مەبەستت کامە ماڵە؟**

- ماڵ بۆخۆی ئیشکالە، پێشبینی ناکەم ئەوە بێت، لێرە ماڵی مەجازی هەیە، ماڵی سادەی شیعر، وەك چۆن ماڵی شیعری میتافیزیك هەیە، لێرە ماڵێك هەیە لە دیوار و بنمیچ، بە نسبەت من وشە بۆتە ماڵێك کە هەستیاریم دەوروژێنێ، بۆیە ئارەزووی ئەوە ناکەم بۆ هیچ ماڵێك بگەڕێمەوە.

**+ ئەگەر لەبەرانبەر ماڵی شیعریی بوەستین، ئەوە تۆ هەتا ئێستا بە عەرەبی دەنووسی، تۆش دەڵێیت ئەو زمانە بەرەوپێش نەچووە، بەلاّم تۆ هەتا ئێستاش دەکەویتە دووتوێی فەزای ئەو زمانەوە، باسی کامە ماڵ دەکەیت کە لێیدەچووبیت و ناتەوێ بۆی بگەڕێیتەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی مەزنە، دەڵێن گرفتەکە لە زمانی عەرەبیدا نییە، بەڵکو لەوانەدایە کە بەو زمانە دەدوێن، بەلاّم من دەڵێم: گرفتەکە لە هەردووکیانە و ناکرێ لێکیان جیا بکەینەوە، چونکە ئەو زمانە بۆخۆی دەلالەت و مێژووییەکی درێژی هەیە، ئەوانەی تازە بەو زمانە دەدوێن "من

و تۆ تازەین" کاتێك بە زمانێکی دیکە دەدوێی نازانی کێ دەدوێ، بەڵام ئەو زمانە عەرەبییەی پێی دەدوێین بە کۆمەڵێك دەلالەت بارکراوە کە دەکەوێتە پێش لەدایکبوونی من. هەندێ شت لە بونیادی زمانی عەرەبی پێویستی بە گۆڕان و گفتوگۆ لەسەرکردن هەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بگەینە دواین خاڵی ئەو گفتوگۆ لەسەرکردنەش، ئەوە بەرەو رووی کارەسات دەبینەوە. هەرچۆنێ بێ زمانی عەرەبی زمانی دایکمە، تەواوی بوونی من پێکدەهێنێ، جگە لەوە چارەسەرێکی دیکەم نییە، من دەتوانم بەو زمانە لەبارەی هەموو شتێکەوە و لەهەر ساتێکدا بنووسم، هەر شتێ دەستی لێدەم بێتە شیعر.

**+ ئایا شاعیر جادوگەرە یان پەیامبەری شتە سەرسوڕمێنەکانە؟**

- هەرگیز شاعیر جادوگەر و پەیامبەر نییە، چونکە شتەکان وەك خۆیان شیعرن، شاعیریش هەر ئەوە دەبینێ کە چاو دەیبینێ.

**سەرچاوە:**

**قیس مصطفی**

05 / 09 / 2007 لە www.oudaimah.com وەرگیراوە.

# شیعری ژاپۆنی پەیوەندی بە حیکایەتی بەرگریکردن و سیاسەتدا نییە

## گفتوگۆ لەگەڵ وەرگێڕ و شاعیری سوری (محەمەد عوزێمە)

خودی پرسیار لە نووسیندا دەشاردرێتەوە، لێرە کۆمەڵێ بۆچوونی جیاواز لەبارەی تەرجەمەکردنی شیعر هەیە، بەڵام مەسەلەکە بە نیسبەت محەمەد عوزێمە جیاوازە، چونکە ئەو خۆشی لە کەشفکردنی نهێنی زمان و ئیستیتیکادا دەبینێ.

هەموو جارێك کە دەگەڕێتەوە و دەبێتە میوانی یەکێك لە هاوڕێکان و من بە تەنها، یان لەگەڵ ئەوانەی کە وەك خوێنەرێك دوای کارەکانی دەکەون و گرنگی پێدەدەن گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵدا ساز دەکەین. هەمیشە دەبینم پرسیار لەبەرانبەرم گەورە دەبێ: چی لەبارەوە بنووسم؟ چونکە عوزێمە هەمیشە لە هەڵبژاردنەکانیدا چ لە بواری نووسینی شیعری یان بواری وەرگێڕان شتی نوێ پێشکەش بە خوێنەران دەکات.

**+ بۆ دەنووسی؟**

-بە تەواوی و بەشێوەیەکی روون هەتا ئێستا نازانم... بەڵام واپێدەچێ بەوێ لە یادگارییە زۆرەکانی نووسین رزگارم ببێ، دوای ئەوەش هەست بە شادی دەکەم، جگە لەوە هۆیەکی دیکەی روون بوونی نییە.

**+ لە پانتایی عەرەبی ئەمڕۆدا شیعر لە هەموو کاتێکی دیکە زیاترە. سەرەڕای ئەوە گوتنی شیعری باش زۆر کەمە. تۆ رات چییە؟**

-من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم. لە هەموو کاتەکانی رابردوودا شیعر زۆر بووە، ئەو رایە ئەو کاتیش دەگوترا. لەپێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش، لە داهاتووشدا هەر دەگوترێ. ئەوانەی پێشان دەیانگوت و ئێستا دەیلێن و دواتریش دەیلێن شاعیرەکانن، چونکە هیچ شتێ جگە لە شیعر و شاعیر نابینن، جگە لە خۆیان زێتر هیچ شتێکی دی نابینن، بۆیە هەست بەزۆری دەکەن. بەڵام مەسەلەکە هەر بەوانەوە دەورە نەدراوە، ئەوە لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا دەبینرێ. ئەگەر لە فەیلەسوفێك بپرسین بەهەمان شێوە دەڵێ: لێرە فەیلەسوفانێکی زۆری بێ فەلسەفە هەن. واپێدەچێ ئێمە لە بازنەیەکی سەربەخۆ بژین، هەموو هەست بە پڕکردنەوەی ئەو بازنەیە دەکەین.

**+ دەڵێ: زۆربەی جار لەناو قەسیدەی درێژ ون دەبین، یان باشتر لەگەڵ وشەکان و رستەکان دەڕۆین تا دەگەینە ئەو وەستانە "کلۆمدانی شیعری". ئایا ئەزموونی کەسی بۆ نووسینی شیعر بەسە؟**

- تێگەیشتنمان بۆ ئەزموونی کەسی هەرچی بێ و لە کوێ دەستپێبکات و لە کوێ و چۆن بێ، هەر ئەوەندە بەس نییە، ئەگەرچی کۆڵەکەی بنەڕەتی نووسین پێکدەهێنێ. دەکرێ دوای خوێندنەوەی کۆمەڵە دیوانێکی شیعری، دیوانێکی تەواوی شیعر بنووسی، بەڵام لەڕووی زیهنەوە بۆش و وشك، بەتاڵ لە شتەکان و هیچ شتێکیش نادۆزێتەوە، تەنها ئەو کاتە شتێك دەدۆزینەوە کە لە بەرهەمهێناندا پشت بە ئەزموونی کەسییەوە دەبەستین. هۆی زۆری شیعری ئەمڕۆ و دوێنێ لێرەدا خۆی حەشار داوە. لێرە کەسانێك هەن دەیانەوێ بەخێرایی ببنە شاعیر، بۆیە بە ئاگایی بێ یان بە نائاگایی لەڕێگەی یادەوەری خۆیان و خوێندنەوەی خۆیان بۆ شیعر پەنا بۆ نووسین

دەبەن. ئەوەش ساناترین رێگەیە لە نووسین و گەیشتن بە نازناوی شاعیر. بەجۆرە ئەو پانتاییە بە شاعیر و شاعیران لە هەموو رەنگێ جمەی دێ. ئەگەر ئەوە وەك راهێنان لەسەر شیعر نووسین وەرگرین، بەڕایی من لە بەرژەوەندی شاعیراندایە.

**+ خوێنەر تا چ رادەیەك کاریگەری لە پرۆسەی داهێناندا هەیە؟**

-تا رادەیەکی زۆر، جا ئەگەر خوێنەرەکە هاوڕێ و بێ یەکێك بێ لە رەخنەگران. هەڵبەتە ئەوە لە ئاستێکی دیاریکراودا. بەلاّم ئەگەر بازنەکەمان بەرفرەوانتر کرد، دەبینین (نزار قەبانی) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەتەواوی خۆی داوەتە دەست جەماوەری خوێنەران و گوێگرانی، نزار قەبانی ئەوە دەنووسی کە جەماوەر داوای دەکات. بەتەواوی دەزانێ خەڵك لە خۆشەویستی یان سیاسەت چی دەوێ، بۆیە لەسەر ئاستی فەرمی و شەعبی پێشوازییەکی زۆری لێدەکرێ. ئەوە بۆ (مەحمود دەروێش) و زۆربەی شیعری فەلەستینی ئەمڕۆ و دوێنێ درێژ دەبێتەوە، چونکە هەموو بایەخ بە دۆزی فەلەستینی و دەرکەوتە شیعری و هونەرییە پابەندەکانی ئەو دۆزە دەدەن .

**+ لە ئەزموونی یەکەم و کتێبی تەرجەمەکراوت "کمشه من رمال" شاعیر "تاکۆ بۆکۆ"ی ژاپۆنیت بۆ خوێنەری عەرەبی خستۆتە روو، ئەو شاعیرەی لە پەروایزدا بەدوای ئازادیدا دەگەڕێ. دوای تەجاوزکردنی مەسەلەی رەگەزە ئەدەبییەکان، بەڕای تۆ ئایا ئەوە دەشێ ناوی شیعری لێبنێین؟**

-من پێشبینی ئەو پرسیارەم دەکرد، چونکە بەر لە چاپکردنی زۆرجاران ئەو پرسیارە لەلای خۆم رەنگیداوەتەوە. من هەمیشە دەڵێم چۆن ئەو دەقانەی کە پێشکەشی دەکەم وەك شیعر لە شاعیرێك کە زمانی ژاپۆنی دەپەرستێ، بە

خوێنەری عەرەبی دەگەیەنم، لە ژاپۆن ئەو جۆرە لە نووسین بە شیعر ناو نابەن، بەڵکو پێیدەڵێن "تانکا" واتە گۆرانی کورت، وەك چۆن هیچ بە "هایکۆ" ناڵێن تەنها هایکۆ نەبێ، واتە ناوی لێنانێن شیعر. ئەو دوو شێوەیە لە نووسین لەژێر ناوە ژاپۆنییەکانیان تەرجەمەی زمانانی دنیا دەکرێن. بۆیە دووچاری بەدحاڵیبوون دەبین ئەگەر بە شیعر وەسفییان بکەین و لەبارەیانەوە بدوێین. ئەوانە هەرگیز پشت بە ئامرازی شیعری لە خوازە و میتافۆر و وێنە نابەستن، بەڵکو پشت بە حاڵەت دەبەستن کە لای ژاپۆنییەکان زۆر شت دەگەیەنێت. بۆیە واپێدەچێ ئەوانە لە شیعر دوور بن. وشەی شیعر، بۆ قسەکردن لەسەر شیعری نوێی ژاپۆنی بەکار دەهێنن، یان شیعری ژاپۆنی کۆن کە بە زمانی چینی کۆن نووسراوە... هەوڵدەدەم لە تەرجەمەکانی داهاتووم بۆ ئەو شاعیرە ئەو بۆشاییە پڕ بکەمەوە.

**+ کتێبەکەت "دیوانی شیعری نوێی عەرەبی" دوای ئەو هەموو ئەزموونە دوور و درێژە لە بەرهەمهێنان بە هەر پێنج بەشییەوە، ئایا لەوێ توانیوتە ئەو دەنگە شیعرییە عەرەبییە نوێیانە بدۆزیتەوە کە تەجاوزی ئەزموونی شیعری پێشوویان کردووە؟**

- پێشەکی کتێبەکە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پڕ کراوەتەوە... بە کورتی من سەرسامم بە قەوارەی ئەو ئەزموونە شیعرییەی کە لە دنیای زمانی عەرەبی هەیە، و بە توانای شاعیران لە بەکاربردنی وزەی ئەو زمانە. من بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە لەو پێنج بەشەدا لەسەر هەموو دەنگەکان و ناوە مەوجودەکان کارم کرد، دیتم زۆربەیان وەك پرۆژەی شیعری پێگەییوون و ئێستا کاتی چنینیانە. لەو کاتە بوو من ئەوانم خوێندەوە و خۆشیم لێوەرگرتن و ئەوانم چنی. بەڵام لە هەموو ئەوانەش زێتر ئەوە بوو کە من لە

هەموو ئەوانە شت فێر بووم. دەتوانم قسە لەسەر نزیکایەتیان لە پێشوو بکەم، نەك تەجاوز. چونکە تەجاوز وشەیەکی زۆر لاستیکییە و روونیش نییە بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە قسە لە شیعر و هونەر بکەین.

**+ سنوری ئەزموونی شیعری ژاپۆنی و ئاسۆکانی لە بەر رۆشنایی ئاوێتەبوونی بە ئەزموونی شیعری عەرەبی چییە؟**

- ئیستیتیکای چێژی ژاپۆنی ناگاتە زمانی عەرەبی بەڵام پێچەوانەکەی راستە. تەرجەمەکردنی شیعری نزار قەبانی بۆ زمانی ژاپۆنی زۆر نزیك بوو لە تەرجەمەکردنی من بۆ شاعیری ژاپۆنی تاکۆ بۆکۆ کە پێشتر لەسەرەوە ناومان برد. ئەوەی کە وەك شیعر نەگەیشت. ئەوە بە نسبەت وەرگری زۆربەی دەقەکانی تاکۆ بۆکۆ وا کەوتەوە، وەك چۆن بە نسبەت تۆ و هیدیکەش هەروابوو. رەنگە تەرجەمەکردن هۆیەك بێت، بەڵام هەموو هۆیەکان نییە. لێرە مێژووییەك لە چێژوەرگرتنی جوانی هەیە ناشێ تەجاوزی بکەین. بۆ نموونە عیشق لەشیعری عەرەبیدا بابەتێکی بنەڕەتییە، یان هەتا لە شیعری خۆرئاواییدا، بەڵام لە شیعری ژاپۆنی کۆن و نوێ نزیکی نەبوونە. ئەوە بەو مانایە نییە کە شاعیرانی ژاپۆنی خۆشەویستی و عیشق ناکەن، بەڵام شێوەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ رەگەزی نەرم و نیان لەڕووی مێژووییەوە لە نزار قەبانی جیایە، هەتا لە شاعیری فەرەنسی ئەراگۆنیش جیایە. هەروەها ئەوەی بە شیعری سیاسی و سیاسەتیشەوە بەندە هەروا دەکەوێتەوە. شیعری ژاپۆنی پەیوەندی بە حیکایەتی بەرگریکردن و سیاسەتەوە نییە، ئەوە بابەتی بەراوردکرنی مێژووییەکی دوورودرێژە، پەیوەندی بە جوگرافیا و سرووشت و پاشماوە فیکرییە کۆن و نوێیەکان و بە تەماشاکردنی ژاپۆنییانەوە هەیە بۆ بوون.

**+ دەڵێن لەنێوان هەموو شێوە ئەدەبییەکان تەرجەمەکردنی شیعر لە هەمووان گرانتر دەکەوێتەوە، محەمەد عوزێمە چۆن دەتوانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە پارێزگاری لە زیندوویێتی دەقی شیعری بکات ؟**

- لەو بڕوایەدام تەرجەمەکردنی شیعر و گواستنەوەی لەنێوان زمانی ئایینە یەکتاپەرستەکان: یەهودی و مەسیحی و ئیسلام بەو گرانییە نییە، کە وێنای دەکەیت، چونکە بەهای ئیستیتیکی نێوان ئەو گەل و ئایینانە بۆ جیهان و شتەکان و بوونەوەرەکان تا رادەیەکی زۆر هاوبەشە. بەجۆرە سەربەرزییەك دەبینین کە هەموو لەسەری رێکن لەوانەش خوازە و میتافۆر و کینایە و هەموو زارەوەکانی زانستی بەیان. ئەوەی دەمێنێتەوە گرفتی زمان و هاوەڵێکردنی پێشکەوتنی فیکر و هەڵگرە دەلالییە نوێیەکانە، بۆخۆی ئەوە تەگەرەی بنەڕەتییە، نەك هەر لەبەرانبەر تەرجەمەکردن، بەڵکو لەبەرانبەر سەرکەوتنی تەرجەمەش. مەبەستم ئەوەیە ئایا شیعر لەکاتی گواستنەوەی هەر بە شیعری دەمێنێتەوە یان هەر هیچ نەبێ بە رێژەیەکی مەعقول وەك شیعر دەمێنێتەوە؟ ئەوە بۆخۆی بەنسبەت هەموو تەرجەمەیەك پرسیارێکە دوودڵت دەکات. بۆ نموونە ئەو شیعرەی جوانییەکەی بە پلەیەکی بەرز لەسەر کێش وەستاوە، لەکاتی تەرجەمەکردنی بۆ زمانێکی دیکە بەشێکی زۆر لەو جوانییەی لێ وندەبێت. بەتەواوی ئەوە لەکاتی تەرجەمەکردنی هەڵبژاردەیەك لە نزار قەبانی بۆ فەرەنسی لەمندا روویداوە، هەمان شت مەحمود دەرویش بەلای خۆیدا دەبات، چونکە شیعرییەتی ئەو لە بنەڕەتدا لەسەر لیریکییەکی تایبەت بە زمانی عەرەبی چڕبۆتەوە. سەرەڕای کێش یان لیریکیەت لێرە بابەتێك هەیە کە شاعیر کاری لەسەر دەکات، بەڵام ئاخۆ ئەوە بەنسبەت زمانانی دیکە چ

مانایەکی هەیە. شیعری نزار لەسەر ئافرەت بە زمانی عەرەبی زۆر جوانە، بەڵام بە زمانی فەرەنسی ناسنامەکەی وندەبێت بەتەواوی بۆ گوتنێکی نزیك لە ئاسایی دەگۆڕێت، یان بە زمانی دیکەی ئەوروپی، لە زمانی ژاپۆنیش حاڵی باشتر نییە. ڕەنگە تەرجەمەکردنی لە سەدەکانی ناوەڕاست زۆر سەرکەوتوو بایە، چونکە ئەو کات زمانی فەرەنسی مەسەلەی ئافرەتی بە هەمان شێوە و هەمان بۆچوونی ئێستای عەرەب چارەسەر دەکرد. هەرچۆنێ بێ، لێرە حیساباتی زۆر هەیە کە وەرگێڕەکان لەکاتی تەرجەمەکردنی شیعر دەیزانن، نەخوازە وەرگێڕە شاعیرەکان. بەڵام لەسەر ئاستی کەسێتی من لە تەرجەمەکردنی شیعر بۆ زمانی عەرەبی هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە ڕێگەم بۆخۆش دەکات نهێنییەکان لە نێو زماندا کەشف بکەم، ئەو نهێنیانەی کە تەنها وەرگێر پێی دەگات.

+ چی نوێت هەیە؟

- کتێبی "هایکۆ" وەرگێڕان لە زمانی ژاپۆنییەوە بۆ هەزار هایکۆ و یەك هایکۆ. ئەو کتێبە پێکهاتووە لە گرنگترین قەسیدەکانی هایکۆ و بەناوبانگترینیان لەگەڵ پێشەکییەك کە بەشداری لە ڕاستکردنەوەی وێناکردنی خوێنەری عەرەبی لەبارەی ئەو هونەرە ژاپۆنییە کۆنە دەکات. لەوێ دەقە عەرەبییەکەم خستۆتە پاڵ دەقە ژاپۆنییەکە بۆ ئەوەی بەلای کەمی ڕێگە بۆ خۆشی وەرگرتن و بینین بکەمەوە.. (لە چاپکراوەکانی دار التکوین، دیمەشق 2010) و هەروەها "دوای کەمێك دەگەم" کتێبێکی نوێی شیعرییە لەگەڵ کۆمەڵێك نامە کە ئاڕاستەی کۆمەڵێك هاوڕێی جۆراوجۆر کراوە کە هاوڕێیەتی و شیعرییان خۆش گەرەکە... ئەویش (لەبڵاوکراوەکانی دار التکوین، دیمەشق، 2010)یە.

<u>**سەرچاوە: أدب فن - *حوار* مع الکاتب *السوري* محمد *عُضیمة***</u>، حاورته: خلود الفلاح
***www.adabfan.com***

---

## تێبینی وەرگێڕی کوردی لەبارەی ئەو کتێبەوە:

من وەك وەرگێڕی کوردی لە هەڤپەیڤینەکاندا تەنها ناونیشانم بۆ شاعیرەکان هەڵبژاردووە، چونکە لە عەرەبییەکەیدا هیچ ناونیشانێکیان نەبوو، بەڵام قەسیدەکان جگە لەو هەڵبژاردنانەی کە لە (کەشتی مەرگ/محەمەد عوزێمە)م وەرگرتووە، هەندێکی دیکەم وەك نموونە بۆ دەوڵەمەندکردن هەڵبژاردووەو لە هەندێجێگاشدا داڕشتنەکەیانم کەمەکێك دەستکاری کردووە، بۆ زێتر شارەزابوونی خوێنەران لەبارەی دیدی محەمەد عوزێمە بۆ وەرگێران و وەرگێڕانی شیعری ژاپۆنی دوو چاوپێکەوتنی ئەوم کردووە بە کوردی. "ع.ع"

**ژێدەر:**

سفينة الموت، ديوان الشعر الياباني الحديث، ترجمة: من اللغة اليابانية، محمد عضيمة، دار المواقف، سورية، 1994.



**محەمەد عوزێمە**

**شاعیرو وەرگێڕی عەرەبی:**

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی بە توانای سوری و شارەزا لە ئەدەبی ژاپۆنی، بۆ زێتر شارەزابوونی لەکار و بەرهەمەکانی بڕوانە بلاۆکراوەکانی:

**شعر:**

**- الميامر والتساعات التابعة، دار الآداب، بيروت، 1988.**
**- ما حدث في السينما، دار المواقف، سورية، 1993.**
**- النهار يضحك على الناس، دار المواقف، سورية، 1994.**
**- الشعراء يلتقطون الحصى، دار المواقف، سورية، 1994.**
**- متون القول، دار المدى، سورية، 1995.**
**- يوميات طالب متقاعد، دار المدى، سورية، 1996.**
**- تثاؤب حديث جداً.**
**سلسلة إصدارات كراس، بيروت، 1997.**
**- 56 شارع الألبسة الجاهزة،زاوية المقهى 11-963،**
**دار الكنوز الأدبية، 2000.**
**- لا، لا ، لن أعود إلى البيت،**
**دار التكوين – دمشق 2003.**
**- يـدٌ مليئة بالأصابع،**
**دار التكوين- دمشق2004.**

**دراسات:**

- الشعر الحديث واغتيال الحاضر، دار المواقف، **1994**.
- محطات المعراج الصوفي عند النفري - رسالة دكتوراه بالفرنسية.

<u>مختارات:</u>

- ديوان الشعر العربي الجديد، الكتاب الأول: العراق، دار الكنوز، بيروت، **2000**.
- ديوان الشعر العربي الجديد،الكتاب الثاني:الجزيرة العربية، دار الكنوز الأدبية، بيروت، سنة **2001**.
- ديوان الشعر العربي الجديد،الكتاب الثالث:بلاد الشام – لبنان. دار الكنوز الأدبية ، بيروت، سنة **2002** .
- ديوان الشعر العربي الجديد، الكتاب الرابع: بلاد الشام – سوريا .دار التكوين ، دمشق **2003**.

في السيرة الذاتية:

- غابة المرايا اليابانية، دار الكنوز الأدبية، بيروت، **1998**.

<u>ترجمة إلى العربية:</u>

- طبول المطر (رواية)، إسماعيل كاداريه، دار الآداب، بيروت، **1991**.
- سفينة الموت، ديوان الشعر الياباني الحديث، دار المواقف، سورية، **1994**.
- مفارقات الحداثة الخمس، انطوان كامبانيون، دار المواقف، سورية، **1994**.
- ما وراء الخير والشر (نصوص مختارة)، فريدريك نيتشه، دار الكنوز الأدبية، بيروت، **1999**.
- محاضرات في التقاليد الشعرية اليابانية، أو كا- ماكوتو، دار المواقف، سورية، **1996**.
- سقوط رجل، أوسامو – دازاي، دار المواقف، سورية، **1997**.
- تمارين على قراءة الشعر الياباني القديم، أو كا-ماكوتو، دار المواقف، سورية، **1997**.
- الكوجيكي (وقائع الأشياء القديمة) الكتاب الياباني المقدس، دار الكنوز الأدبية، بيروت، **1999**.

<u>حوارات:</u>

نحو شعرية مضادة – تحرير وتقديم : سامي أحمد
دار التكوين – دمشق **2003**
ترجم إلى الفرنسية بالتعاون مع الشاعر الفرنسي جيرار فيستير



**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

**شاعیر و وەرگێڕی کوردی**

**لەبەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

- سێبەری ئاو- کۆمەڵە شیعر، هەولێر/ 1995.
- بازەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژووبین-قەسیدە، هەولێر/1996.
- ئاگایی زمانی ئاگایی-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/1999.
- تەنیا مەرگ –سێ دەقی شانۆیی وەرگێردراو لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/1999.
- تەنیا ئاو تەنیا باران-کۆمەڵە شیعر، لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/2001.
- پەیبردن بە ژیان, پەیبردن بەشیعر بوون-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2001.

- شیعریەتی دەق-ئەدۆنیس-وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی/2002

- مرۆڤ لە روانگەی فرۆید-وەرگێرانی لەعەرەبییەوە- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2002.

- خەیاڵی زمان —لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2004.

- شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سەرگورە، لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2004.

- ئەدۆنیس- دوو گفتوگۆی فیکریو ئەدەبیە- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2005.

- خوێندنەوەی پەراوێز, پەراوێزی خوێندنەوە-نومایشکردنی فیکری سەردەم لە چەند پەراوێزێ-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی،/2005.

- درید-رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2005.

- نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو،

کۆمەڵێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2006

- ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، کۆمەڵێك گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، هەولێر/2008.

- زمان/گێرانەوە، کۆدی دافنشی، لێکۆڵینەوە، کتێبی گیرفان ژمارە 41، وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، بەرێوەبرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیریی،2010. هەولێر.

- شەڕی زمان، لەپێناو تەئویلکردنی دەق، لێکۆڵینەوە، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2010.

- میوانی ئاو، کۆمەڵە شیعر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر، 2010.

- زمان/بوون/شیعر، لێکۆڵینەوە (خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموون و تایبەتمەندی شیعری هاشم سەراج) دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر 2010.

**ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپکردنن:**

- پرسی جەستە (لێکۆڵینەوە)

- قەسیدەی وێنەیی، شیعری خەزعەل ئەلماجدی، وەرگێڕان.